

# "ڕێبازی ماندێلا".

نووسینی: ڕیچارد ستێنگڵ (richard stengel)

وەرگێڕ: کەمال حەسەنپوور

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ؛ ڕەحمان نەقشی

# "ڕێبازی ماندێلا".

## پازده وانه له بارەی ژیان، ئەوین و بوێریی

**نووسینی: ڕیچارد ستێنگڵ(richard stengel)**

**وەڕگێر: کەمال حەسەنپوور**



### له بارەی نووسەری ئەو کتێبه


ریچارد ستێنگڵ سەرنووسەری گۆڤاری تایمه. ئەو لەگەڵ نێلسۆن ماندێلا بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی ڕێبەری ئەفریقای باشوور، ڕێگای دوور بەرەو ئازادی، هاوکاریی کردووه. ئەو هەروەها نووسەری خۆری ژانویه: ڕۆژێک، سێ ژیان، شارێکی ئەفریقای باشوور و تۆ زۆر میهرەبانی: مێژووی کورتی پێهەڵدا گوتنه. ئەو له نیویۆرک لەگەڵ هاوسەر و دوو کوڕەکەی دەژی.

------

بەڕێزان بەو شێوه هاتینه کۆتایی کتێبی"ڕێبازی ماندێلا". گەلێک سپاس که لەو ماوەیەدا پشوودرێژ بوون و به لایک کردن و بۆچوونەکانتان منتان دڵخۆش کرد.

کەمال حەسەنپوور

# پێشەکی



لە ئەفریقا چەمکێک هەیە کە بە ئوبونتو ناسراوە. ئوبونتو ئەو هەستە قووڵەیە کە ئێمە تەنیا بە مرۆڤایەتی ئەوانی ترەوە مرۆڤین؛ کە ئەگەر ئـێمە قەرارە لەم جیهانە هەر دەستکەوتێکمان هەبێ، ئەوە بە هەمان ڕاددە بە هۆی کار و دەستکەوتەکانی خەڵکی ترە. ریچارد ستێنگڵ یەکێک لەم کەسانەیە کە زۆر بە باشی لەم بیرۆکەیە گەیشتووە. ئەو نووسەرێکی هەڵکەوتوویە کە تێگەیشتنێکی قووڵی لە بارەی مێژووی ئێمە دا هەیە. ئێمە گەلێک مەمنونی ناوبراوین بۆ هاوکاریی کردنی لە نووسینی ڕێگای دوور بەرەو ئازادی. ئێمە بیرەوەری زۆرمان لە وتووێژی چەندین کاتژمێری و کاری سەختی هاوبەش بۆ ئەم پرۆژەیە هەیە. ئەو تێڕبینییەکی سەرسوڕهێنەری لە تێگەیشتن لە ململانە ئاڵۆزەکانی ڕێبەریی جیهانی ئەمڕۆ و تاکەکانی سەر ئەم جیهانە هەیە. هەموو کەس دەتوانێ لێی فێر بێ.

نێلسۆن ماندێلا، نۆڤامبری ٢٠٠٨

# پێڕست


* پێشەکی ........ ٢
* پیاوێکی ئاڵۆز ........ ٥
١- بوێری بە مانای نەبوونی ترس نییە ........ ١٨
٢- لە سەرخۆ بە ........ ٢٧
٣- ڕیبەرێکی پێشەنگ بە ........ ٣٨
٤- لە دواوە ڕێبەریی بکە ........ ٤٩
٥- بەرگی شیاوی کەسایەتیی خۆت بپۆشە ........ ٥٦
٦- پرەنسیپێکی سەرەکییت هەبێ - ئەوانی دیکە هەموویان تاکتیکن ........ ٦٦
٧- چاکەی خەڵکیتر ببینە ........ ٧٣
٨- دوژمنی خۆت بناسە ........ ٨٣
٩- ڕکابەرەکانت لە خۆت نزیک ڕاگرە ........ ٩٤
١٠- فێر بە کەنگێ بڵێی نا ........ ١٠٠
١١- ئەوە گەمەیەکی درێژخایەنە ........ ١٠٤
١٢- خۆشەویستیی گرینگە ........ ١٠٩
١٣- وازهێنانیش ڕێبەریی کردنە ........ ١٢٢
١٤- ئەوە هەمیشە هەردووکیانە ........ ١٢٦
١٥- بێستانی خۆت بدۆزەوە ........ ١٣٠
* دیاریی ماندێلا ........ ١٣٦

## پیاوێکی ئاڵۆز



ئێمە تاسەباری قارەمانانین بەڵام ئەوان کەمن. ڕەنگبێ نێلسۆن ماندێلا دوایین قارەمانی بێ خەوشی سەر زەوی بێ. ئەو سەمبۆلی بە بزەی خۆبەختکردن و پاک ڕەوشتییە کە بە ملیۆنان کەس وەک فریشتەیەکی زیندوو ڕێزی لێ دەگرن. بەڵام ئەم وێنەیە یەک لایەنەیە. ئەو یەکەم کەس دەبێ پێت بلێ کە ئەو زۆر لە فریشتە بوون دوورە و ئەم بێ ئیددیعاییە ساختە نییە.

نێلسۆن ماندێلا پیاوی پێچەوانەکانە. ئەو پێست ئەستوورە بەڵام بە ئاسانی بریندار دەبێ. ئەو زۆر بەپەرۆشە بزانێ خەڵکی تر چ هەستێکیان هەیە بەڵام بەرامبەر بە نزیکانی خۆی خەمساردە. ئەو لە پەیوەندی لەگەڵ پارەدان بەخشندەیە بەڵام لە کاتی دانی شاگردانەدا فلسەکانیش دەبژێرێ. ئەو پێ لە سیسرە و جۆڵاتەنە نانێ بەڵام یەکەم فەرماندەی باڵی سەربازیی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقا بوو. ئەو پیاوی خەڵکی ئاساییە بەڵام لە هاودەمیی لەگەڵ ناوداران زۆر چێژ وەردەگرێ. ئەو زۆری پێخۆشە خەڵک ڕازی بکا بەڵام لەوە ناترسێ کە بڵێ نا. ئەو پێی خۆش نییە ستایش بکرێ بەڵام کاتێک کە دەبێ ستایش بکرێ تێت دەگەیەنێ. ئەو لەگەڵ هەموو کارمەندانی چێشتخانەکەی تۆقە دەکا بەڵام ناوی هەموو پاسەوانەکانی نازانێ.

کەسایەتی ئەو تێکەڵاوێکە لە پاشایەتیی ئەفریقایی و بەگزادەیی بریتانیایی. ئەو جوامێرێکی ویکتۆریاییە لە

داشیکی (جۆرە بەرگێکی ئەفریقایی) ئاوریشم دا. ڕەوشتی ئەو پاشایانەیە، هەرچۆنێ بێ ئەوشتانە لە بەرپرسەکانی قوتابخانەکانی بریتانیایی سەردەمی ئیستیعمار فێر بووە کە نووسراوەکانی دیکێنزیان کاتێک کە ئەو هێشتا لە بواری نووسین دا چالاک بوو، خوێندبۆوە. ئەو فەرمییە: کەمێک سەری دادەنەوێنێ و فەرمووتان دەکا تا پێشی کەون. بەڵام ئەو بە هێچ شێوەیەک بە فیز و هەوا و خۆ بەزلزان نییە. ئەو بە وردی باسی شێوازی دەست بە ئاو گەیاندن لە بەندیخانەی دوورگەی ڕۆبێن یا خود هەستی خۆی لە کاتی سوننەت کرانی لە تەمەنی شازدە ساڵی دا دەکا. ئەو کاتێک کە لە لەندەن یا ژوهاسبورگە کەڵک لە کەچک و چەنگاڵی ئەنتیکەی زێوین وەردەگرێ، بەڵام کاتێک کە لە ماڵبەندی خۆی لە ترانسکەییە بە پێی نەریتی ئەوێندەرێ پێی خۆشە بە دەستی بخوا.




نێلسۆن ماندێلا لە کارەکانی دا زۆر وردە. ئەو دەستە سڕی کاغەزی لە قوتوویەک دەردێنێ، یەک یەک قەدیان دەکا و لە گیرفانیان دەنێ. من دیتوومە کە لە کاتی وتووێژی مێدیایی‌دا کەوشەکەی لە قاچی دەرهێنێ تا لینگە گۆرەوییەکی کە بەراوژوو لە پێی کردبوو چاک بکات. لە ماوەی ٢٠ ساڵدا، ئەو کۆپییەکی لە گشت ئەو نامانە هەڵدەگرت کە دەینووسین و لیستەیەکی چڕی لە سەر گشت ئەو نامانە نووسیبوو کە بە دەستی دەگەیشتن و کاتی وەڵام دانەوەکانیشی یادداشت کردبوو. تا کاتی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ گارسا ماشێل ئەو لەسەر لایەکی تەختی خەوە دووکەسییەکەی دەخەوت و لایەکەی دیکە بە ڕێکوپێکی و دەست لێنەدراوی دەمایەوە. ئەو بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستێ و هەموو ڕۆژێ تەختی خەوەکەی زۆر بە ڕێکوپێکی چاک دەکا جا چ لە ماڵێ بخەوێ یا خۆد لە هوتێل. من روخساری شۆکە بووی بەرپرسانی خاوێن کردنەوەی هوتێلم بینیوە کاتێک کە دیتوویانە ئەو تەختی خەوەکەی ڕێکوپێک دەکات. ئەو زۆر ڕقی لە وەدرەنگی کەوتنە و لای وایە کەسێک کە کاتناس نەبێ موشکیلەی کەسایەتی هەیە.

من هیچکات مرۆڤێکی بێ جووڵە وەک نێلسۆن ماندێلام نەبینیوە. کاتێک کە دادەنیشێ یا گوێ دەگرێ، قامکەکانی یا لاقی ناجووڵێنێ، و خۆی ڕاناژێنێ. ئەو هیچ جووڵەیەکی هەستەدەماریی نییە. کاتێک کە کراواتەکەم بۆ چاک کردووە یا چاکەتەکەیم بۆ ڕاست کردووە یاخود میکرۆفۆنم لە بەرۆکی داوە، وام هەست کردووە کە ئەم کارانەم لە گەڵ پەیکەرێکا کردووە. کاتێک کە گوێت لێ ڕا دەگرێ وێدەچێ کە تۆ چاو لە وێنەیەکی ئەو دەکەی. بە دژواری بۆت دەر دەکەوێ کە هەناسە هەڵدەکێشێ.

ئەو دڵڕفێنێکی بە هێزە، دڵنیایە کە دڵت دەڕفێنێ جا بەهەر شێوەیەک کە بۆی بلوێ. ئەو وریا، بە ئەدەب، دڵسۆز و ئەگەر بمهەوێ وشەیەک بەکار بێنم کە زۆر ڕقی لێیەتی، دڵبەرە. و ئەو کاری بۆ دەکات. ئەو پێش ئەوەی چاوی پێت بکەوێ تا ئەو جێیەی بۆی دەگونجێ زانیاریت لەسەر کۆ دەکاتەوە. کاتێک لە بەندیخانە ڕزگار بوو، نووسراوەی ڕۆژنامەوانانی دەخوێندەوە و دەستخۆشی لە یەک یەکیان دەکرد و شتی وردی ناو نووسراوەکانیانی باس دەکرد. هەر وەک هەموو دڵرفێنی مەزن، خۆشی بە ئاسانی دڵ دەبەخشێ. بۆئەو کارە تەنیا پێویست دەکا کە پێی نیشان بدەی کە لەگەڵێدا هاوڕای.

دڵرفێنیی ئەو هەم سیاسییە و هەم تاکیی. لە کۆتایی دا سیاسەت واتە ڕازی کردن و ئەو خۆی وەک پەیوەندی گرێکی مەزن نازانێ بەڵکو وەک ڕازیکەرێکی مەزن. ئەو یا بە لۆژیک و دەلیل هێنانەوە ڕات دەکێشێ یا بە دڵرفێنیی، زۆر جار بە تێکەڵاوێک لەو دووانە. ئەو هەمیشە پێی باشە لە جیاتی ئەوە کە ئەمرت پێ بکا، بۆ ئەنجامی کارێک ڕازیت بکا. بەڵام ئەگەر ناچار بێ ئەمرت پێ دەکا کە ئەو کارە بکەی.





سەرچاوە
Serchawe

ئەو پێی خۆشە خۆشەویست بێ. ئەو پێی خۆشە ستایش بکرێ. ئەو ڕقی لە نائومێد کردنە. ئەو دەیهەوێ لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەتاندا بیر بکەیەوە کە ئەو هەموو ئەو شتانە بوو کە تۆ هیوات دەخواست. ئەوە وزەیەکی لەڕاددەبەدەری پێویستە و ئەو هەموو توانای خۆی بۆ نزیکەی گشت ئەوانەی چاویان پێی دەکەوێ تەرخان دەکات. نزیکەی گشت کەس تەواوی ماندێلایان دەست دەکەوێ. جگە لە کاتێک کە ئەو ماندووە. ئەوکات چاوەکانی نیوەئاواڵەن و وێدەچێ کە ئەو بە پێوە خەوی لێکەوتبێ. بەڵام من هیچ مرۆڤێکم نەدیتووە کە بە خەوی شەوێک وەها زیندوو ببێتەوە. ئەو کاتژمێر ١٠ی شەو وەک مردوو دەچێ، بەڵام هەشت کاتژمێر دواتر واتە لە شەشی بەیانی بەزەوقە و بیست ساڵ لاوتر دێتە بەرچاو.

دڵرفێنییەکەی بە پێچەوانەی ڕێژەی ناسیاوییەتی لەگەڵ تۆ. ئەو لەگەڵ خەڵکی بێگانە گەرموگوڕە و لە گەڵ نزیکان ساردە. ئەم بزە گەرم و دۆستانەیە پێشکەش بەگشت ئەو کەسە تازانە دەکرێ کە دێنە ناو بازنەی ناسیاوانی ئەو. بەڵام بزەکە بۆ خەڵکی بێگانە تەرخان کراوە. من زۆرجار ئەوم لەگەڵ کوڕەکەی، کچەکانی، خوشکەکانی دیتووە و ئەو نێلسۆن ماندێلایەی ئەوان دەیناسن، زۆر جار کابرایەکی گرژ و مرچومۆنە کە گوێ ناداتە گیروگرفتەکانی ئەوان. ئەو باوکێکی ویکتۆریایی - ئەفریقاییە نەک باوکێکی مودێرن. کاتێک کە تۆ باسی شتێکی لەگەڵدا دەکەی کە نایهەوێ قسەی لەسەر بکا، ڕوخساری بۆ نیشاندانی نارازایەتیی گرژ دەکا. دەمی دەبێتە کاریکاتێرێکی بەراوەژوو لە بزەکەی. هەوڵ مەدە شتێکی بەسەردا بسەپێنی چونکە وەک بەردی بێهەستی لێدێ و ڕوو وەردەگێڕێ. لە کاتێکی ئەوتۆدا وەک ئەوە دەچێ کە ڕۆژێکی هەتاو لەناکاو ببێتە هەور.

ماندێلا هیچ خولیایەکی بۆماڵی دونیا نییە، ئەو نازانێ یا بۆی گرینگ نییە ناوی ئوتۆمبێلەکان، مۆبڵەکان یا سەعاتەکان چن، بەڵام من دیتوومە کە پاسەوانێکی خۆی ناچار کردووە کاتژمێرێک بەدوای پێنووسە دڵخوازەکەیدا بگەڕێ. لەپەیوەندی لەگەڵ پارە، ئەو بەرامبەر بە ناڵەکانی بەخشندەیە، بەڵام ئەگەر تۆ خزمەتکاری ئەوی، حیساب لەسەر بەخشندەییەکەی مەکە. جارێکیان من و ئەو لە ڕێستورانی هوتێلێکی بەناوبانگ لە ژوهانسبورگ خواردنی نیوەڕۆمان دەخوارد کە خزمەتکارەکە زۆر بە باشی خزمەتی ماندێلای دەکرد. نرخی ژەمەکە لەسەرووی ١٠٠ ڕاند بوو و من دیتم کە ماندێلا لەناو وردەپارەکانی دا دەگەڕا و چەند دانەی کەم نرخی دان بە خزمەتکارەکە. پاش ڕۆیشتنی ماندێلا، ١٠٠ ڕاندییەکم بەدزی دا دەست خزمەتکارەکە. ئەوە تەنیا جار نەبوو کە من کاری لەو چەشنە بکەم.

ئەو بە لاسارییەکی بەچۆک دانەهاتوو بەرگریی لەو شتە دەکا کە پێی وایە درووستە. زۆر جار گوێم لێدەبوو کە دەی گوت: "ئەوە درووست نییە". ئەوە چ لەبارەی شتێکی ئاسایی دابا یاخود شتێکی گرینگی ناونەتەوەیی، تۆنی دەنگەکەی هیچ جیاوازییەکی نەبوو. من ئەوەم کاتێک گوێ لێ بوو کە کلیلەی پاسەوانێک دەرگای شوێنی کارەکەی نەدەکردەوە و کاتێکیش گوێم لێ بوو کە ئەو ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور، ئێف دەبلیو دێکلەرک، لە بارەی گفتوگۆ لەسەر یاسای بنەڕەتیی دا قسەی دەکرد. ئەو چەندین ساڵ ئەم ڕستەیەی لە دوورگەی ڕۆبێن لە کاتی قسەکردن لەگەڵ پاسەوان یا بەرپرسی زیندان بەکار هێنابوو. ئەوە درووست نییە. بەشێوەیەکی بنەڕەتیی، ئەو هەڵنەکردنەی لەگەڵ بێعەدالەتیی، ڕێپیشاندەری بوو. ئەوە دایناموی نارەزایەتییەکەی، بڕیاری ساکاری ئەو لەبارەی نائەخلاقیی بوونی ئاپارتاید بوو. ئەو شتێکی هەڵەی دیت و هەوڵی دا کە ڕاستی بکاتەوە. ئەو نادادپەروەریی دیت و ویستی چاکی بکات

## من چۆن ئەو هەموو شتانە دەزانم؟



من هاوکاری نێلسۆن ماندێلا بۆ نووسینی ژیاننامەکەی بووم. ئێمە بۆ ماوەی نزیک بە سێ ساڵ بە یەکەوە کارمان کرد و لە زۆربەی ئەو کاتەدا من هەموو ڕۆژێک چاوم پێی دەکەوت. من لەگەڵیدا سەفەرم دەکرد، ژەمم دەخوارد، قەیتانی کەوشەکانیم بۆ گرێ دەدا، کراواتەکەیم بۆ ڕاست دەکردەوە و چەند کاتژمێر لە بارەی ژیانی و کارەکەیدا قسەم لەگەڵ دەکرد.

پەیوەندیی من و ماندێلا بە هەڵکەوت هاتە ئاراوە. من بە ڕێککەوت چووم بۆ ئەفریقای باشوور: من جێگای ڕۆژنامەوانێکی ترم گرتەوە کە لە دوایین خولەکەکاندا سەفەرەکەی هەڵوەشاندبووە. من بە پشت بەستن بەو

سەفەرە کتێبێکم لەبارەی ژیان لە شاری بچووک لە ئەفریقای باشوور لە سەردەمی ئاپارتاید دا نووسی. کاتێک کە ئەو کەسەی کە قەرار بوو کتێبی ژیاننامەی ماندێلا بڵاو بکاتەوە چاوی بەو کتێبەی من کەوت، پێشنیاری پێ کردم کە لە گەڵ ماندێلا بۆ نووسینەوەی بەسەرهاتی ژیانی هاوکاریی بکەم.

بەو شێوەیە من لە دێسامبری ۱۹۹۲ بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ماندێلا خۆم لە ژۆهانسبورگ دیتەوە. ئەوکات سەردەمێکی دژوار و خەڵەتێنەر لە مێژووی ئەفریقای باشوور دابوو، وڵات تووشی مەترسیی شەڕی ناوخۆ ببو. کەمتر لە سێ ساڵ بوو کە ماندێلا لە بەندیخانە هاتبۆ دەر و خەریکی کۆکردنەوەی هێز و گواستنەوەی وڵات بەرەو یەکەمین هەڵبژاردنی دێموکراتیک لە مێژووی ئەو وڵاتە دابوو. کار کردن لەسەر ژیاننامە شتێک نەبوو کە لەسەرووی لیستەی کارەکانی بێ، بەڵام ئەو دەیهەویست بەسەرهاتی خۆی باس بکا.

پێش یەکەم دیدارمان، نزیکەی مانگێک منی لە چاوەڕوانی دا هێشتەوە و کاتێک کە لەکۆتاییدا چاوم پێی کەوت خەریک بوو پرۆژەکە لەبار بەرم. من لە هۆڵی چاوەڕوانیی، لەدەرەوەی هۆدەی کارەکەی لە بنکەی سەرەکیی ئەی ئێن سی دانیشتبووم. چاوەڕوان بووم دەرکەوێ، من سەرم هەڵبڕی و چاوم پێکەوت کە بەرەو کۆتایی هۆڵەکە بۆ لای من دێت. ئەو هێدی دەڕۆیشت، بە شێوەیەکی کۆنترۆڵ کراو، وەک سلۆمۆشن. یەکەم شت کە سەرنجی ڕاکێشام پێستەکەی بوو، ڕەنگێکی شوکولاتیی جوان، قاوەییەکی مەیلەو زەرد. بەژن و باڵای فۆرمێکی جوانیان هەیە، ئێسکی روومەتی بەرز، باڵای نزیکەی میترێک و نەوەد سانتە و هەموو شتێکی، سەری، دەستەکانی گەورەتر لە ژیان دێنە بەرچاو. کە نزیکتر بۆوە، من هەستامە سەر پێ.

ئەو گوتی: "ئا...، تۆ دەبێ... بی" و چاوەڕوان بوو کە من بۆشاییەکە پڕ بکەمەوە. من گوتم "ریچارد ستێنگڵ" و ئەویش دەستی درێژ کرد. دەستی گۆشتن، نەرم و وشک بوو، قامکەکانی هەر یەکەی بەقەد سۆسیسێک، پێستی دەستی هێشتاش لەبەر کاری زۆرەملیی (ناو بەندیخانە) رەق بوو.

چاوی لە بەژنوباڵام کرد و بە بزەوە گوتی: "ئاە... تۆ پیاوێکی لاوی". دوو وشەی دوایی وەک وشەیەک گوت:

پیاویلاو. بەڕوونی دیار بوو کە مەبەستی پێ هەڵلا گوتن نەبوو. ئەو ئیشارەی پێ کردم کە بچمە هۆدەی کارەکەی. هۆدەیەکی گەورەی فەرمیی و زۆر خاوێن. وەک سکرتاریا دەچوو بەڵام هەو نەبوو. ئەو ڕاوەستا تا لەگەڵ

یارمەتیدەرەکەی بدوێ، ژنێکی باریکی گورجوگۆڵ کە کاغەزێکی دایە تا واژۆی بکا. ئەو کاغەزەکەی هێدی و بە ئانقەست لێ وەرگرت. دیار بوو ئەو هەموو شتێکی بە ئانقەست دەکرد. پاشان لە پشت مێزەکەی دانیشت و دەستی بە خوێندنەوەی کرد. ئەو چاوی پێدا نەدەخشاند، بەڵکو هەرکام لە وشەکانی دەخوێندەوە. دوای خوێندنەوەی بە ئەسپایی نێوی خۆی لە خوارەوەی لاپەڕەکەدا نووسی، هەر وەک بیهەوێ واژۆیەکی بێ خەوش بنووسێ.

ئەو هەستا و لە سەر کورسییەکی چەرمیی بەرامبەر بە مۆبڵەکە دانیشت. لێی پرسیم کە کەنگێ گەیشتوومە جێ. دەنگی تۆزێک گیرابوو، وەک ترومپێتێک کە دەستی لەپێش ڕاگیرابێ. ئەو لێی پرسیم: "تۆ تەنیا لەبەر ئەم پرۆژەیە هاتی یاخود کاری دیکەشت هەیە؟"

من بێ ئومێد بووم. پرسیارەکەی بەو مانایە بوو کە پێی وایە ژیاننامەکەی بە تەنیا بۆ ئەو سەفەرە بەس نییە؟ من گوتم کە تەنیا لەبەر ئەو کتێبە هاتووم. ئەویش سەری جووڵاند، ئەو وشان بە فیڕۆ نادا.

پێی گوتم کە قەرارە ١٥ی مانگی دێسامبر پشووی هەبێ و لەگەڵ کارمەندەکانی بڕیاریان داوە کە چوار یا پێنج ڕۆژ بۆ قسەکردن لەگەڵ من تەرخان بکا. ئەوەشی زیاد کرد کە هیوادارە پرۆژەکە پێش کوتاییهاتنی پشوودانی، کە دە ڕۆژی مابوو دەست پێ بکا، کۆتایی پێبێ. من بۆ ئەوەی چاوم پێی بکەوێ مانگێک بوو زەنگم بۆ لێ دەدا، بێ ئەوەی کە وەڵامم بداتەوە و چەند مانگم بۆ ئامادەکاریی و لێکۆڵینەوە تێپەڕ کردبوون، وابزانم لەبەر تووڕەیی پەنگخواردووم بوو کە بە دەنگێکی کەمێک بەرز وەڵامم دایەوە: "چوار یا پێنج ڕۆژ؟ ئەگەر پێت وایە تۆ دەتوانی ئەو کتێبە بە چوار، پێنج دانیشتنان بەرهەم بێنی، تو... تۆ"، نەمتوانی وشە دروستەکەی بەکار بێنم بۆیە گوتم: "خۆت فریو دەدەی".



من کەمتر لە دە خولەک بوو کە لە لای ماندێلا بووم و ئێستا پێم دەگوت کە تۆ ئاگات لە دونیایە نییە. ئەو بە کەمێک سەرسامییەوە چاوی لێکردم و پاشان هەستایە سەر پێ. ئەو پێی وابوو کە من دەبێ بڕۆم، بۆیە ڕۆیشت و لە پشت مێزەکەی دانیشتەوە و خانمە یارمەرتیدەرەکەی بانگ کرد و پێی گوت: "ئاغای ستێنگڵ لێرەیە و ئێمە دەمانهەوێ بەرنامەیەک دارێژین." ئەو گوتی کە ئێوارێ کارێکی بەدەستەوەیە و مەبەستی ئەوە نەبوو کە پەلە لە من بکا بەڵام من دەبوو دووشەممە بەیانی لەگەڵ یاریدەدەرەکەی قسە بکەم. بەم شێوەیە، من لە دەفتەری کاری ئەو، و ڕەنگبێ لە ژیانی ئەویش هاتمە دەر.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە تەلەفۆنم بۆ کرا و پێیان ڕاگەیاندم کە ماندێلا دەیهەوێ کاتژمێر حەوتی بەیانی ڕۆژی دواتر چاوی پێم بکەوێ. ڕێک کاتژمێر حەوت ئێمە لە هەمان هۆدەی ڕۆژی پێشوو دانیشتین. ئەو گوتی "با دەست پێ بکەین"، وەک ئەو دادوەرێک بێ و بیهەوێ دەست بە دادگایی کردن بکا. من پێشدا کۆخەیەکم کرد تا گەرووم خاوێن بکەمەوە و پاشان گوتم کە دەمهەوێ لەبەر ڕەفتاری دوێنێ داوای لێبوردن بکەم. "من داوای لێبوردنم هەیە کە من وەها، وەها..." پشویەکم دا تا وشەیەکی شیاو ببینمەوە، "من ئەو ڕۆژەی هێندە قسە ڕەق بووم". وشەکان نامۆ و پڕئیددیعایانە بوون. ئەو چاوی لێکردم و بزەی کرد، بزەیەک کە نیشانی دەدا کە خۆشحاڵە، تێدەگا و کەمێکیش ماندوویە.

ئەو گوتی:" ئەگەر تۆ پێت وایە کە گفتوگۆی ئەو ڕۆژی ئێمە ڕەق بوو، دەبێ بە ڕاستی لاوێکی نەرم و نیان بی". ئەو وشەی نەرم و نیانی بەشێوەیەکی هێندە خۆش گوت کە من پێکەنیم.

ئەو ٢٧ ساڵ لە بەندیخانە دابووە، لەگەڵ پاسەوانی وەها کە زۆربەی کاتەکان وایان ڕەفتار لەگەڵدا دەکرد کە وەک ئەو تەنانەت مرۆڤیش نەبێ، بە بێ بەزەییەکی وەها کە ئەو پێی ڕاهاتبوو. پێش ئەویش ئەو لە لایەن پۆلیس و سەربازان ڕاونرابوو کە ئەویان وەک تێرۆریستێک سەیر دەکرد کە دەبێ بەهەر نرخێک پێشی پێ بگیرێت. ئەو لە وڵاتێک دا دەژیا کە سپی پێستە دەسەڵاتدارەکان ئەویان بە مرۆڤی تەواو نەدەزانی. هەموو ئەوانە کەمێک زیاتر ڕەق بوون.

ئەوە دەستپێکی دۆستایەتی ئێمە بوو. لە دوو ساڵی دواتر، من پتر لە ٧٠ کاتژمێر وتووێژم لەگەڵدا کرد، بەڵام



سەرچاوە
Serchawe

ئەوە لە بەراورد لەگەڵ ئەو کـاتژمێرانە، ڕۆژانە و مانگـانەی کە لەگەڵ یەکتـردا تێپەڕمـان کـردن کەم ڕەنـگ دەنوێنن. من زۆر زوو بڕیـارم دا کە تـا ئەو جێیەی بـۆم دەکرێ لەگەڵیـدا بم، لە کۆبوونەوەکـان، ڕێوڕەسمەکان، پشوویەکان و لە سەفەرکانی دا. من ماوەیەکی زۆر لە ماڵەکەی لە هۆوتن لەگەڵی دا بووم، من لەگەڵـی چووم بـۆ شوێنی لەدایکبـوونی لە ترانسکەی، و لەگەڵـی چـووم بـۆ ئامریکـا و ئوروپـا و شـوێنی دیکە لە ئەفریقـا. من لە بانگەشەی هەڵبژاردن دا لەگەڵی بووم، لەگەڵی چووم بۆ وتووێژی دانووستان، تـا ئەو جێیەی بـۆم دەکرا بـووم بە سێبەری ئەو. من یادداشتنامەیەکم نووسی کە بوو بە سەدوبیست هەزار وشە. زۆربەی ئەوشتانەی لەو کتێبە دان لەو یادداشتنامەیە وەرگیراون.

هەر کەسێک کاتێکی زۆری لەگەڵ نێلسۆن مانـدێلا بە سەر بردبـێ دەزانـێ کە ئەوە نە تەنیـا شـانازییەکی گەورەیە بەڵکو خۆشییەکی زۆریشە. بـوونی ئەو گەلێک بەنرخە، ڕوونـاکی بەخشە. تـۆ هەست دەکەی کەمێک گەورەتـری، کەمێک باشتری. تۆ زۆرتری کاتەکان خۆشبینی، باوەڕبەخۆی، دڵفراوانی، خۆشی. تەنـانەت کاتێک کە بـارگرانیی جیهانی لەسەر شانانە، ئەو بە سووکی هەڵی دەگرێ. کاتێک کە لەگەڵ ئەودای هەست دەکەی کە مێژووی زینـدووی لە کاتی درووست بوونی دا. ئەو ڕێگام پێدەدا بچمە ناو بەشی هەرەزۆری ژیانییەوە، بەشێک لە فکرەکانی، بەشێکی بچووک لە دڵی. ئەو پیاوێک بوو کە داوای لێکردم لەگەڵ ژنێکی ئەفریقای باشوور ژیـانی هـاوبەش پێک بێنم کە بوو بە هاوسەرم و لە کۆتایی دا ئەو بوو بە باوکی کلیسایی کوڕەکەم. من ئەوم خۆش دەویست، ئەو هـۆی بەشێکی زۆر لەو شتە باشانە بوو کە لە ژیانم دا قەومان. کاتێک کە جێمهێشت، پاش کۆتایی کتێبەکە، وام هەست کرد کە هەتاو لە ژیانی من هاتە دەر. ئێمە لە ماوەی ساڵەکاندا چەند جار یەکترمان بینیـوە و ئەو لەگەڵ دوو کوڕەکـانم دا کاتی بردۆتە سەر، کە وەک باپیرێکی میهرەبان سەیری دەکەن. بەڵام ئەو چیتر بە ئاسایی لە ژیانمان دا نییە. ئەو کتێبە هەم سپاسێکە بـۆ ئەو کـاتە و دڵسۆزییە بەرامبەر بە خـۆم و هەمیش دیـارییەکە بـۆ ئەو کەسـانەی کە نەیانتوانیوە سوود لە دڵفراوانی و ژیریی ئەو وەر گرن.



نێلسۆن ماندێلا لە ماوەی ژیانی دا زۆر مامۆستای هەبوون، بەڵام لەهەموانیان مەزنتر بەندیخانە بوو. بەندیخانە ئەو پیاوەی درووست کرد کە ئێمە ئێستا دەیبینین و دەیناسین. ئەو لە زۆر سەرچاوەڕا فێری شت و ڕێبەریی بوو: لە باوکە دوورەپارێزەکەی، لە پاشای تێمبوو، کە وەک کوڕی خۆی بەخێوی کرد، لە دۆست و هاوکارە بەوەفاکانی والتێر سیسولو و ئۆلیڤێر تامبۆ، لە کەسایەتی و ڕێبەری وەک وینستۆن چێرچیل و هایلی سێلاسی، لە وشەکانی ماکیاوێلی تا تۆلستۆی. بەڵام ئەو بیست و حەوت ساڵانەی کە لە بەندیخانە دا بردیەسەر، بوو بە کاسەی توانەوە کە هەم خۆڕاگری کرد و هەمیش شتە زیادییەکانی سووتاند. بەندیخانە ئەوی فێری کۆنترۆڵ بە سەرخۆدابوون، دیسیپلین و جەخت کردنەسەر ئەوشتانەی کە بە بۆچوونی ئەو بۆ ڕێبەریی گرنگن کرد. بەندیخانە فێری کرد کە چۆن مرۆڤێکی تەواو بێ.

ئەو نێلسۆن ماندێلایەی کە لە حەفتا و یەکساڵیی دا لە بەندیخانە هاتەدەر لەگەڵ ئەو پیاوەی کە بە چل و چوار ساڵیی چووە ناوی جیاواز بوو. گوێ بگرن چۆن ئۆلیڤێر تامبۆ، نزیکترین دۆست، هاوکاری دەورانی دادوەریی و سەرۆکی ئەی ئێن سی لە ماوەی زیندانی بوونی ماندێلا لە بەندیخانە دا بوو، باسی ماندێلای لاو دەکا:"وەک مرۆڤ نێلسۆن ماندێلا پڕئارەزوو، بەهەست، هەستیار، دڵناسک، کەمجیکڵدانە و ئەگەر گاڵتە و سوکایەتیی پێ بکرێ هەستی تۆڵەئەستاندنەوە دایدەگرێ."

هەستیار؟ پڕئارەزوو؟ دڵناسک؟ کەمجیکڵدان؟ ئەو ماندێلایەی لە بەندیخانە هاتە دەر هیچکام لەو تایبەتمەندییانەی نییە، لانی کەم لە ڕواڵەتدا. ئەمڕۆ ئەو لەسەر هەرکام لەو تایبەتمەندییانە قسەی هەیە. لە ڕاستی دا ئێستا توندترین ڕەخنەی کە بەرەوڕووی کەسیکی دەکاتەوە ئەوەیە کە "هەستیارە" یا " زۆر پڕئارەزوویە" یا "دڵناسکە". جار لە دوای جار گوێبیستی ئەو وشانە لە کاتی پێهەڵدا گوتن بە کەسی تر بووم "خاوەن بالانس"، "لەسەرخۆ"، "خاوەن کۆنترۆڵ". پێهەلدا گوتنمان بە خەڵکی تر ڕەنگدانەوەی چۆنیەتیی بینینی خۆمانە، ئەوە بێ کەموکوڕیی ئەو وشانە بوون کە خۆی پێ پێناسە دەکردن.

چۆن ئەو شۆڕشگێرە پڕئارەزوویە بوو بە ئەو سیاسەتمەدارە لەسەرخۆیە؟ ئەو لە بەندیخانە ناچار بوو وەڵامەکانی بۆ هەموو شتێک هەڵسەنگێنێ. لە بەندیخانەدا شتێکی زۆر کەم لە کۆنترۆڵی زیندانیی دابوو. تەنیا شتێک کە دەتتوانی کۆنترۆڵی بکەی، و دەبوو کۆنترۆڵی بکەی، خۆت بوو. لەوێ هیچ مەودایەک بۆ خۆشگوزەرانی یا بێ

دیسیپلین بوون نەبوو. ئەو هیچ هەرێمێکی تاکەکەسیی نەبوو. کاتێک کە بۆ یەکەم جار چووم بۆ ناو ژووره تاکە کەسییەکەی ماندێلا لە دوورگەی رۆبێن، هەناسەسوار بووم. شوێنەکە بە ئەندازەی مرۆڤ نەبوو، چ بگا بە ئەندازەی ماندێلا. ئەو نەیدەتوانی لە کاتی ڕاکشان خۆی لێک بکێشێتەوە. ئەوە ئاشکرا بوو کە بەندیخانە دەقاودەق و بە قەڵافە لە قالبی دابوو. هیچ جێگایەک بۆ جووڵە یا هەستی زیادی نەبوو؛ هەموو شتێک دەبوو فڕێ بدرێ، هەموو شتێک دەبوو رێکوپێک بکرێ. هەموو بەیانیان و هەموو ئێواران، ئەو بە وردبینییەوە ئەو چەند شتەی رێکوپێکی دەکردن کە ڕێگا پێدراوبوون .

لەهەمان کاتدا ئەو دەبوو هەموو ڕۆژێک لە بەرامبەر کاربەدەستان دا بوەستێتەوە. ئەو ڕێبەری زیندانییەکان بوو و پشتی ئەوانی بەر نەدەدا، ئەگەر پاشەکشەی کردبا یا خود سازشی کردبا، هەمووان دەستبەجێ دەیانزانی. ئەو بەو شێوەیە زۆرتر ئاگادار بۆوە کە هاوکارەکانی چۆن دەڕواننە ئەوی.

ئەگەرچی ئەو لە دونیای دەرەوە دابڕابوو، بەندیخانە گەردوونی ئەو بوو و ئەو ناچار بوو کە بە هەمان ڕێژە یا زیاتر لە کاتی هاتنەدەری ڕێبەرایەتیی بکا. لەو ماوەیەدا ئەو کاتی هەبوو، زۆر کاتی هەبوو، کە بیر بکاتەوە و پلان دابنێ و پلانەکەی باشتر و باشتر بکا. ئەو لە ماوەی ٢٧ ساڵ، بیری نەک تەنیا لە سیاسەت بەڵکو لە شێوەی هەڵسوکەوت، شێوەی ڕێبەریی و شێوەی مرۆڤ بوون کردەوە.



مرۆڤێکی دەروونوێن نەبوو، لانی کەم بەو مانایە کە بیهەوێ باسی هەست و بیرە دەروونییەکانی بکا. هەرکات داوام لێدەکرد شیکاریی هەستەکانی بکات ئەو زۆر جار توورە دەبوو و هەندێک جاریش دڵگران دەبوو. ئەو زانیارییەکی ئەوتۆی لە بارەی دەروونناسیی نوێ و یارمەتیخۆ کردنی نییە. ئەو دونیایەی کە ئەو تێیدا گەورە بوو

لە کاریگەریی زیگمۆند فرۆید بە دوور بوو. ئەو زۆر بیر لە ڕابردوو دەکاتەوە بەڵام زۆر بە دەگمەن باسی دەکا. تەنیا جارێک دیتم کە زگی بە خۆی سووتا. ئێمە لە بارەی سەردەمی منداڵیی ئەو قسەمان دەکرد، چاوی لە دوورەوە بڕی و گوتی: "من پیرە پیاوێکم کە تەنیا دەتوانێ لە ڕابردوو دا بژی." ئەوە کاتێک بوو کە خۆی بۆ بوون بە سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور ئامادە دەکرد و خەریکی درووست کردنی نەتەوەیەکی نوێ بوو، کاتی مەزنترین سەرکەوتنی.

بەڵام من جار لە دوای جار لێم دەپرسی کە بەندیخانە چ ئاڵوگۆڕێکی لەویدا درووست کرد. ئەو پیاوەی کە ١٩٩٠ لە بەندیخانە هاتە دەر لەگەڵ ئەو پیاوەی کە لە ١٩٦٢ چووە ناو بەندیخانە چ جیاوازیەکی هەیە؟ ئەو پرسیارە ئەوی تووڕە دەکرد. ئەو یا پرسیارەکەی پشتگوێ دەخست، یا یەکسەر دەچوو سەر وەڵامدانەوەی سیاسی یا حاشای لە گریمانەکە دەکرد. لە کۆتایی دا، ڕۆژێک، ئەو بە بێزاریی گوتی: "من بە کاملی هاتمە دەر"

**من بە کاملی هاتمە دەر.**

مەبەستی لەو وشانە چی بوو؟ ئاندرێ مالراو لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە نایابترین شت لە جیهاندا پیاوی کامڵە. ماندێلا دەبێ لەگەڵی هاوڕابێ. لە ڕوانگەی منەوە، ئەو پێنج وشانە قووڵترین سەرەداون کە نێلسۆن ماندێلا کێیە و چی فێر بووە. چونکە ئەو لاوە هەستیار و دڵناسکە ون نەبوو. ئەو ئێستاش لە ناو ئەو نێلسۆن ماندێلایە دایە کە ئێمە ئەوڕۆ دەیبینین. مەبەستی ئەو لە کامڵ بوون ئەوە بوو کە فێر بوو چۆن ئەو هەستە لەناکاوانە کۆنترۆڵ بکا، نەک ئەوەی کە چیتر دڵڕووشاو، ناڕاحەت یا تووڕە نابێ. مەسەلەکە ئەوە نییە کە تۆ هەمیشە بزانی چی بکەی یا چۆن بکەی، بەڵکو ئەوەیە کە تۆ بتوانی بەسەر هەستەکان و نیگەرانییەکاندا، کە پێش بە بینینی جیهان بەو شێوەی کەهەیە دەگرن، زاڵ بی.

لەهەمان کاتدا ئەو تێدەگا کە هەموو کەس ناتوانێ نێلسۆن ماندێلا بێ. بەندیخانە ئەوی پۆڵایین کرد، بەلام زۆر کەسی دیکەی تێکشکاند. تێگەیشتنێک کە ئەوی زۆرتر خاوەن هەست کرد، نە کەمتر. ئەو هیچکات ئەو شتەی بە چاوی ئەوانی دیکە کە خۆڕاگر نەبوون دانەداوە. ئەو هیچکات هیچ کەسی بە تەسلیم بوون تاوانبار نەکرد. تەسلیم بوون تەنیا مرۆڤانە بوو. لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات، ئەو هەستی ناسینەوە و هاوسۆزیی قووڵێ بەرامبەر ناسکیی مرۆڤ لا درووست بوو. بە شێوەیەک ئەو خەباتی بۆ مافی گشت مرۆڤێک دەکرد کە بەو شێوەیەی لەگەڵ خۆی ڕەفتار

کرابوو، لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت نەکرێ. ئەو هیچکات نەرمیی و هەستیاریی کاتی لاویی لە کیس نەدا، بەڵکو تەنیا قاوغێکی ڕەقتر و خۆڕاگرتری بۆ پارێزگاری لەوان درووست کرد.

ئەورۆ نووسین لەبارەی نێلسۆن ماندێلا بە بێ بەراورد کردنی لەگەڵ ڕیبەرێکی مەزنی دیکەی رەش‌پێست، باراک ئۆباما، کارێکی ئاستەمە. ئەوان لە زۆربوار وەک یەک دەچن. من ساڵی ڕابردوو لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی کاندیدی دێموکڕاتەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار چووم بۆ لای ماندێلا و پرسیارم لێکرد کامیانی زۆرتر بە دڵە، هیلاری کلینتۆن یا باراک ئۆباما؟ ئەو بزەیەکی کرد و قامکی شادەی لێڕاوشاندم کە: تۆ خەریکی من تووشی گێچەڵ بکەی. ئەو قەت وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە چونکە پارێزکارییەکەی تایبەتیی خۆیەتی.

ئەو خۆکۆنترۆڵ کردنە، ئەو فیلتەرە هەمیشە ئامادەیە، شتێکە کە ئەو دوو پیاوە تێیدا هاوبەشن. لە کاتێکدا کە بیست و حەوت ساڵ زیندان ئەو نێلسۆن ماندێلایەی درووست کرد کە ئێمە دەیناسین، سەرۆک کۆماری ٤٨ ساڵەی ئامریکا وێدەچێ هەمان خووخدەی ماندێلای هەبێ بێ خۆبەختکردن بۆ ماوەی چەندین ساڵ. دیسیپلینی ئۆباما، ویستی گوێڕاگرتن و ڕێز گرتن لە ئەوانیتر، تێکەڵاو کردنی نەیارانی لە بەڕێوەبەرییەکەی دا و باوەڕ بەوەی کە خەڵک دەیانهەوێ شتیان بۆ شی بکەیەوە، هەر هەمووی وەک نموونەی سەدەی بیست و یەکەمی بەها و کەسایەتی نێلسۆن ماندێلا دەچن.

لە کاتێکدا کە جیهانبینی نێلسۆن ماندێلا لە گۆڕەپانی سیاسەتی ڕەگەزییدا شکڵی گرت، ئۆباما خەریکی داڕشتنی مۆدێلی سیاسی دوای ڕەگەزە. بۆچوونی ماندێلا لەسەر سەرۆک کۆماری ئامریکا هەرچی بێ، ئۆباما لە زۆر بارەوە جێگرەوەی ئەوە لە سەر شانۆی جیهان.

بەڵام ژیانی ماندێلا تەنیا مۆدێلێک نییە بۆ سەردەمی ئێمە بەڵکو بۆ گشت سەردەمەکان. ئەو وانانەی کە تۆ خەرێکە بیانخوێنییەوە بە بۆچوونی من ئەو نە تەنیا لە بەندیخانە بەڵکو لە تەواوی ژیانی دا فێریان بووە. ئەوان ئەو شتانەن کە ئەوی دەکەنە ڕێبەر و مرۆڤێکی نموونەیی. نا، هەموو کەس ناتوانێ نێلسۆن ماندێلا بێ. ئەو پێت دەڵێ کە دەبێ لەوبارەوە سوپاسگوزار بی. بە خۆشییەوە، کەم کەس لە ئێمە ناچار بوون ئەو شتە تەحەممول بکەین کە ئەو لە ژیانی دا تەحەممولی کردووە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەم وانانە قابیلی بەکارهێنان لە

ژیانی ئێمە دا نەبن. ئەوان قابیلی بەکار هێنانن. من دەزانم، چونکە ئەوان مانایەکی قووڵتریان بە ژیانی من بەخشیوە. بۆ ماندێلا، بەندیخانە کانگای وانەکانی ژیان و ڕێبەریی بوو، و من هەوڵم داوە ئەو کتێبەش بەهەمان شێوە بێ. تۆ دەتوانی بە بەشێکی زۆر کەمتر لەو نرخەی کە ئەو ناچار بوو بۆیانی بدا فێریان بی.

## بوێریی بە مانای نەبوونی ترس نییە



زۆر کەس لەوانەیە بڵێن کە نێلسۆن ماندێلا سەمبۆلی بوێرییە. بەڵام ماندێلا بۆخۆی بوێریی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش شی دەکاتەوە. ئەو پێی وانییە کە بوێریی شتێکی زگماکیی یا جۆرێک خواردنەوەیە کە بتوانین بیخۆینەوە یا خود بە شێوەی ئاسایی فێری بین. ئەو بوێربوون وەک شێوەیەک دەبینێ کە ئێمە هەڵی دەبژێرین. بە وتەی ئەو هیچکام لە ئێمە بوێر لەدایک نابین، ئەوە تەنیا شێوەی هەڵسوکەوتی ئێمە لە دۆخی جۆراجۆر دایە.

لە ژیانی ماندێلادا زۆر بڕگە هەبوون کە تێیاندا تاقیی کرایەوە. ئەوەی خەڵک لێیان ئاگادارە ئەوانی مەزن، گشتیی و دراماتیکن. بەڵام بە بۆچوونی ئەو بوێریی چالاکیی هەموو ڕۆژێکە و ئێمە دەتوانین لە شتی گەورە و بچووک دا بینوێنین. من نموونەیەکی بچووکم لە ئازایەتیی ئەو لە ناتال لە ١٩٩٤ چاو پێکەوت. لە کاتی چالاکییەکان بۆ یەکەم هەڵبژاردنی دێموکراتیک لە ئەفریقای باشوور کە توندوتیژیی سیاسی زۆر باو بوو. ئەو فڕۆکەیەکی بچووکی خاوەن موتۆڕی پانکەداری هەڵبژارد تا پێی بچێ بۆ ناتال تا بۆ لایەنگرە زولوویەکانی خۆی

قسە بکا. لەوانە بوو باشتر بێ کە ئەو هەر سەفەرە نەکا. لە کاتێکدا کە لایانگرە زولوویەکانی لە لایەن حیزبی نەیار حیزبی ئازادایی زولوو ئینکاتا دەکوژران و دۆخەکە بە هیچ شێوەیەک ئەمین نەبوو. بەڵام ئەو لەسەر بڕیاری خۆی سوور بوو.

من لە فڕۆکەخانەی ناتال چاوەڕوانی بووم. کاتێک کە بیست خولەکی مابوو فڕۆکەکە بنیشێ، کاربەدەستێکی فڕۆکەخانە هاتە لام و پێی گوتم کە یەکێک لە مۆتۆڕەکانی فڕۆکە بچووکەکە لەکار کەوتووە و ئەوان بەتەمان ئوتۆمبێلی ئاگرکووژێنەوە و ئامبولانس بنێرن بۆ سەر باندی فڕۆکەخانە، نەکا شتێک بقەومێ. کاربەدەستەکە پێی گوتم لەکاتی وەها دا فڕۆکەوانەکان ئەغڵەب فڕۆکەکان بێ هیچ ڕووداوێک دەنیشێنن.

ماندێلا بە تەنیا لەگەڵ پاسەوانێکی خۆی، کە ناوی مایک بوو، و دوو فڕۆکەوان لە فڕۆکەکەدا بوو. بیست خولەک دواتر فڕۆکەکە لە کاتێکدا کە ئوتۆمبێلی ئاگرکووژێنەوە و ئامبولانس چاوەڕوانی بوون بە شێوەیەکی لەرزۆک نیشت. ماندێلایەکی لێو بە بزە هاتە هۆڵی بچووکی چاوەڕوانیی، لەوێ کۆمەڵێک توریستی ژاپۆنی دەورەیان دا. هەر وەک هیچ شتێک نەقەومابێ، ماندێلا لەگەڵ هەر هەمووان تۆقەی کرد و بۆهەر کام کە ویستی وێنە بگرێ بە ڕووخۆشیی ڕاوستا.

لە کاتێکدا کە ماندێلا وێنەی دەگرتن، من لەگەڵ مایک سرتەیەکم کرد و پێی گوتم کە دوو لە سەر سێی کاتی فڕین ماندێلا بە لەسەرخۆیی خۆی دوولاهێنابۆوە و ئاماژەی بە ماتۆڕی فڕۆکەکە دەکرد و دەیگوت پانکەکەی ئیش ناکا. ئەو داوای لە مایک کردبوو کە فڕۆکەوانەکان ئاگادار بکاتەوە. مایک چووبوو بۆ ژووری فڕۆکەوانەکان. فڕۆکەوانەکان زۆر بە چاکی دەیانزانی و پێیان گوت کە پەیوەندییان بە فڕۆکەخانەوە گرتووە و داوایان لێکردوون کە خۆیان بۆ نیشتنی نائاسایی فڕۆکەکە ئامادە بکەن. ئەوان گوتیان زۆر وێدەچێ کە هەموو شتێک بە خۆشی کۆتایی پێبێ. مایک ئەوەی بە ماندێلا ڕاگەیاند کە ئەویش بە بێ دەنگی سەری بۆ لەقاند و درێژەی بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکەی دا. مایک کە زۆر بە فڕۆکە سەفەری نەکردبوو گوتی تەنیا شتێک کە ئەوی ئارام دەکردەوە سەیر کردنی ماندێلا بوو کە درێژەی بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە دەدا، دەتگوت موسافیرێکی ناو شەمەندەفەرە کە بۆ شوێنی کارەکەی دەچێ. مایک گوتی لە کاتی نیشتنی فڕۆکەکەدا ماندێلا بە دەگمەن چاوی لە سەر ڕۆژنامەکەی هەڵگرت.



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک ماندێلا لە تۆقە کردن تەواو بوو، بەپەلە چووینە ناو بی ئێم دەبلیو گوللە نەبڕەکەی کە قەرار بوو ئێمە ببات بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە. پرسیارم لێکرد کە سەفەرەکەی بۆ ئێرە چۆن بوو؟ خۆی بۆلای من شۆڕ کردەوە، چاوەکانی بز کردن و گوتی:"کوڕە ئەمن لەو ئاسمانە زراوم چووبوو!"

ڕەنگبێ ئەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەوی وەک هێمایەک دەبینن سەیر بێ، بەڵام ناتوانم بڵێم کە لەماوەی وتووێژەکانمان دا ئەو چەند جار پێی گوتوم کە ترساوە. ئەو لە کاتی دادگایی ریڤۆنیا کە حوکمی زیندانی تا هەتایی بەسەردا سەپێنرا ترسابوو، کاتێک پاسەوانەکانی بەندیخانەی دوورگەی رۆبێن هەڕەشەی لێدانیان لێکردبوو ترسابوو، کاتێک کە چالاکیی نهێنی دەکرد و راگەیاندنەکان ئەویان بە ناوی "میخەکی رەش" دەناسی ترسابوو، ئەو لە کاتی دەسپێکی وتووێژی نهێنی لەگەڵ دەوڵەت ترسابوو، ئەو هەروەها لەکاتی ناسەقامگیریی پێش هەڵبژێرانی وەک سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور ترسابوو. ئەو قەت لەوەی نەدەترسا کە باسی ئەوە بکا کە ترساوە.



هەستی بوێریی لەویدا زوو درووست بوو. کاتێک کە ئەو کوڕێکی بچووک بوو، ماندێلا بەسەرهاتی ئازایەتی ڕێبەرانی ئەفسانەیی ئەفریقا وەک جینگانێ، بامباتا و ماکاناى بیستبوو. دوای مردنی باوکی، کاتێک کە ٩ ساڵی تەمەن بوو، ئەویان بردبوو بۆ گوندێکی سەڵتەنەتی بە ناوی ماکیزیوێنی بۆ ئەوەی کە لەلای جۆنگینتابا، پاشای گەلی تێمبوو گەورە بێ. باوکی ماندێلا سەرۆکی ناوچەیی و یەکێک لە راوێژکارەکانی پاشا بوو. پاشا دەیهەویست نێلسۆن بەخێو بکا تا ئەویش ببێتە ڕاوێژکاری کوڕەکەی کاتێک کە ئەو بوو بە پاشا. پاشا خۆی بە یەکێک لە کاروانی قارەمانانی ئەفریقا دەزانی و هۆگری درێژەپێدان بە نەریت و بۆنەکانی چۆسا بوو. یەکێک لەو نەریتانە


تا کۆتایی ژیانی ماندێلا لە مێشکیدا مایەوە.

لە ژانویەی ١٩٣٤، کاتێک کە تەمەنی ١٦ ساڵ بوو، ئەو و ٢٥ کوڕی هاوتەمەنی لە دوو تاقمی جیاوازدا لە ناو دوو کەپراندا لە لێواری چۆمی مباشی کۆ کرابوونەوە. ئەوانە کوڕە چستوچالاکەکانی گوندەکە بوون. لەشیان تاشرابوو، گڵێکی سپی وەک گەچیان لە جەستە هەڵسوبیبوو و تەنیا پەتوویەکیان بە سەر شانان دادابوو. دەتگوت خێوی سپین. نیگەران و شڵەژاو خۆیان بۆ نەریتی سوننەت کرانی چۆسا ئامادە دەکرد، کە ماندێلا بە "هەنگاوێکی پێویست لە ژیانی هەر نێرینەیەکی چۆسا" ناوی دەبرد. ئەوە نەک ڕێورەسمی تاکەکەسیی بەڵکو ڕێورەسمێکی گشتیی بوو کە پاشا، بەشێک لە سەرۆکەکان و جەماوەری خزم و ئاشنایان لە لێواری چۆمەکە دانیشتبوون. ئەوە نەک هەر نەریتی تێپەڕکردنی بڕگەیەکی ژیان بەڵکو تاقیکاریی گشتیی بوێرییش بوو. هەرکام لە کوڕەکان بە نۆرە لە لایەن ئینگسیبی (پسپۆڕی سوننەت کردن) سوننەت دەکران. ماندێلا لە یادداشتنامە بڵاونەکراوەکەی دا ئاوا باسی ئەو ڕۆژە دەکا:

لەناکاو هەموومان تووشی دڵەڕاوکێ بووین، پیرەپیاوێک لە لای چەپی من ڕا دەستیپێکرد و لە پێش یەکەم کوڕ هەڵتروشکا. چەند چرکەیەک دواتر گوێم لێبوو کە ئەو کوڕە گوتی: "ندییندودا!" (من پیاوم)، دوای ئەو جاستین (کوڕی پاشا و باشترین دۆستی ماندێلا) هەمان وشەی دووپات کردنەوە، بە دوای ئەو دا نۆرەی ئەو سێ کوڕە هات کە لە نێوانمان دابوون. پیاوە پیرەکە بەدەستوبرد بوو و پێش ئەوەی کە بزانم چ دەقەومێ بەرامبەرم ڕاوەستابوو. من ڕاست چاوم لە چاوانیەوە بڕی. ئەو ڕەنگی لە هی مردووان دەچوو، هەر چەند کە ئەو ڕۆژی هەوای سارد بوو، دەموچاوی لەبەر ئارەقە دەدرەوشایەوە. بێ ئەوەی کە وشەیەک بڵێ، پێستەکەی گرت و رایکێشا و ئاسێگای (نێزە) ـەکەی پێدا کێشا. بڕینەوەیەکی بێخەوش بوو، خاوێن و خڕ وەک ئاڵقەیەک. بڕینەکە بە حەوتوویک چاک بۆوە، بەڵام بە بێ سڕ کردن، هەستی بڕینەوەکە وەک ئەوە دەچوو کە قوڕقوشمی تواوە لە دەمارەکانم کرابێ. چەند چرکەیەک لەبیرم چۆوە خۆڕاگر بم و لەتاو ژانەکەی سەروگوێلاکم لە دیوارە گیاییەکەی کەپرەکە راکرد تا شۆکی ئاسێگایەکە قوت دەم. کە باشتر بووم هەر ئەوەندەم پێکرا کە ڕستەی "ندییندودا!" (من پیاوم) دووپات بکەمەوە. کوڕەکانی تر زۆر ئازاتر بوون و هەرکام کە نۆرەی دەهات دەستبەجێ ڕستەکەی دەگوتەوە.

ماندێلا نزیک شەست ساڵ پاش ئەو پاشنیوەڕۆ زستانییە، کاتێک کە ئەو بەسەرهاتەی بۆ من دەگێڕاوە، خەفەتبار

بوو، هەروەک ئازاری هەبێ. ئەوە نەک لەبەر وەبیرهاتنەوەی خودی ژانی کارەکە بوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە پێی وابوو کە بە باشی هەڵسوکەوتی نەکردووە. ژانی سوننەت کردنەکە لەناو چوبوو، بەڵام ژانی ترسنۆکییەکەی هەر مابوو. ئەو سەری دانواند و گوتی: "من لەرزۆک بووم. بە دەنگێکی بەرز هاوارم نەکرد." ئەو هەستی کرد کە کوڕەکانی دیکە بوێرتر و بەهێزتر بوون. ئەو بۆی دەرکەوت کە بە شێوەی زگماکیی بوێر نییە، ڕەنگە هیچکامیان نەبین، و لەوێ بۆی دەرکەوت کە مرۆڤ دەبێ فێری بوێریی بێ. پاش ئەو هەموو ساڵانە ئەو لەخۆی بێ ئومێد بوو، بەڵام نەریتەکە ئامانجی خۆی پێکا: ئەو بڕیاری دابوو کە هەمیشە خۆی بەهێز بنوێنێ، هیچکات لەرزۆک دەرنەکەوێ.




لە مانگەکانی سەرەتای گفتوگۆکانماندا، کاتێک کە باسی هەڵسوکەوت لەگەڵ پۆلیس، یا دەستپێکی چالاکیی نهێنییمان دەکرد، لێم دەپرسی ئاخۆ ئەو ترساوە؟ چاوی لێدەکردم وەک ئەوەی کە کەسێکی نەزان بم و پێی دەگوتم: "بێگومان من دەترسام." دیگوت: "تەنیا کەسیک کە نەزان با نەدەترسا." بەڵام هەمیشە دەیگوت کە ئەو هەموو هەوڵی خۆی دەدا تا ترسی خۆی سەرکوت بکا، ئەو نەیدەویست کەس ببینێ کە لەوانەیە ترسابێ.

ئەو فێری کردم کە نەترسیی بە مانای نەبوونی ترس نییە، بەڵکو فێر بی کە بەسەری دا زاڵ بی.

لە پەنجاکانی زایینی، جارێکیان ئەو بە ئوتۆمبێل بۆ دیتنی دوکتور جەیمز مۆرۆکا، مافناس و سەرۆکی کۆنەپارێزی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا دەچوو بۆ پارێزگای فری ستەیت. دوکتور مۆرۆکا پێویست بوو نامەیەکی نارەزایەتیی بۆ سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور، کە ماندێلا ئامادەی کردبوو، پەسند بکا. لە ڕێگا بەرەو ئەوێ،

لە گوندێکی بچووک لە فری ستەیت، یەکێک لە کۆنەپەرست ترین ناوچەکانی ئەفریقای باشوور، ئوتۆمبێلی ماندێلا خۆی لە کوڕێکی پاسکیلسوار دا. کوڕەکە ترسابوو بەڵام هیچ زەرەرێکی نەبینیبوو. یەکەم شت کە ماندێلا کردبووی ئەوە بوو کە کۆپییەکی ڕۆژنامەی نیو ئەیج کە دڵخوازی ئەندامانی ئەی ئێن سی بوو و لە سەر کورسییەکی پێشەوە دانرابوو، بشارێتەوە. تەنیا هەبوونی نوسخەیەک لە نووسراوەیەکی قاچاخ لەو کاتی دا ٥ ساڵ حوکمی زیندانی بەدواوە بوو. ماوەیەکی کورت دواتر گروهبانێکی پۆلیس هات، چاوێکی لەوی کرد و یەکێک لە کوڕە پاسکیلسوارەکە و گوتی:"کافر، ئەوڕۆ ئەتۆ دەڕی." ماندێلا وەڵامی دایەوە: من پێویستیم بە پۆلیس نییە کە پێم بڵێ لە کوێ بڕێم." کاتێک کە ئەوەی بۆ دەگێڕامەوە تاوێک ڕاوەستا و پاشان گوتی:"من بڕیارم دابوو کە شەڕانیی بم، بەڵام زەندەقم چوبوو. من دەتوانم وا بنێوێنم کە بوێرم و دەتوانم لە هەموو دونیا بدەم..." دوای ئەوە دەنگی کپ بوو.

من دەتوانم وا بنوێنم کە بوێرم. بە ڕاستیش ئەوە شتێک بوو کە ئەو دەیکرد. و بەو شێوەیە باسی نەترسیی دەکا: نەترسیی ئەوەیە کە نەهێڵی ترس شکستت پێ بێنێ. کاتێک کە پۆلیسەکە بۆلای هات، ئەو پێی گوت کە وریا بێ چونکە ئەو مافناسە و دەتوانێ کاروباری لێ خاپوور بکا. دوایە، هەر وەک ماندێلا لە یادداشتەکانی دوورگەی ڕۆبێن دا دەنووسێ، "هیچ کەس لە من زیاتر سەری سوڕ نەما کاتێک دیتم کە پۆلیسەکە سڵەمییەوە." ئەوە کاریگەر بوو. دواتر هەمان ئێوارە پۆلیسەکە ئازادی کرد و ئەو درێژەی بە سەفەرەکەی دا.

ماندێلا باس لە بەسەرهاتێکی هاوشێوە لە بارەی یەکەم سەفەری بۆ دوورگەی ڕۆبێن لە مای ١٩٦٣ دەکا. لەماوەی پرۆسەی دادگایی ریڤۆنیا لە بەندیخانە دابوو، ئەو پەروەندەیە کە لەویدا حوکمی تا هەتایی بۆ بڕایەوە. لە نیوەشەوێدا پاسەوانێکی گاڵتەجاڕ بە ئەو و چەند بەندییەکی دیکەی گوت کە ئەوان دەچن بۆ شوێنێکی جوان، دی ئەیلاند کە بە ئافریکان (زمانی سپیپێستەکانی ئەفریقای باشور) بە دورگەی ڕۆبێن دەگوترێ. لەگەڵ ماندێلا پیرەپیاوێکی تووڕە و تۆسن بە ناوی ستیڤ تێفو هەبوو کە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست بوو. ماندێلا وەبیری دێ کە کاتێک کە گەیشتنە دوورگەکە، ئەوانیان وەک گاڕانی ئاژەڵان کۆ کردەوە. ماندێلا و تێفو کەمێک لەوانی دیکە وەدوا کەوتبوون، ماندێلا وەبیری دێ کە پاسەوانێک پێی گوتن: "بڕوانن، ئێمە لێرە ئێوە دەکوژین و دایک و باوک و کەس و کارتان قەت پێ نازانن کە چ بەسەر ئێوە هاتووە. ئێمە دوایین هۆشداریتان پێ دەدەین!" کاتێک کە گەیشتنە دوایین ژووری زیندان، پاسەوانەکان هاواریان کرد،"ترێک ئویت! ترێک ئویت!" (ڕووت ببنەوە، بە زمانی ئافریکان).

کاتێک کە زیندانییەکان ڕووت بوونەوە، پاسەوانەکان بەتایبەتی یەکێک لە زیندانییەکانیان ئەزیەت کرد. ماندێلا وەبیری دێ: :کاپیتانەکە بە یەکێک لە ئێمەی گوت، بۆ قژت وا درێژە؟ ئەو کابرایەکی هەڵبژاردبوو کە زۆر مرۆڤێکی باش بوو کە نەیدەویست لەگەڵ کەس بەکێشە بێ، زەرەری بە مێروولەیەکیش نەدەگەیشت. ئەویش زۆری بۆ دژوار بوو کە وەڵام بداتەوە. کاپیتانەکە گوتی: "لەگەڵ تۆمە! تۆ یاساکان دەزانی، تۆ دەبوو قژت تاشیبا! بۆ قژت بەو شێوە هێشتۆتەوە، کوڕە؟ دوایە ڕاستەخۆ ئاماژەی بە ماندێلا دەکا. ماندێلا درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدا: "جا منیش پێم گوت، بڕوانە..." هەر ئەوەندە بەس بوو، نەمتوانی درێژە بە قسەکانم بدەم. ئەو پێی گوتم، "هیچکات بەو شێوەیە لەگەڵ من نادوێی! و بۆ لای من هات"

ماندێلا پشوویەکی دا و پاشان لەسەر کورسیەکەی بۆ لای من خوار بۆوە. چاوەکانی لە شوێنێکی دوور بڕیبوو. "دەبێ ددان بەوە دا بێنم کە ئەو دەیهەویست هێرشم بکاتە سەر... دەبێ ئیعتیراف بکەم کە من ترسام. تۆ ناتوانی بەرگریی لەخۆت بکەی، ناتوانی تۆڵە بستێنییەوە."

بەڵام ئەو ئەو کارەی کرد، "پێم گوت، ئەگەر دەوێری دەستم لێدە، من تۆ دەبەمە بەرزترین دادگای وڵات و کاتێک کە کارم پێ نەمای تۆ وەک مشکی کلیسا هەژار دەبی." کە وامگوت ئەویش ڕاوەستا... من ترسابووم. من ئەو کارەم لە بوێرییان نەکرد، بەڵام مرۆڤ ناچارە وا بنوێنێ کە بوێرە."

مرۆڤ ناچارە وا بنوێنێ کە بوێرە. هەندێک جار تەنیا لە ڕێگای نواندنی بوێرییە کە تۆ نەترسیی راستەقینەت بۆ دەردەکەوێ. جاری وایە نواندنەکە بوێریی تۆیە.



لە بەندیخانە نەترسیی رۆژ بە رۆژ نیشان دەدرا. ئەوە تەنیا تایبەتی کاتی هەڵوێست گرتنی بە ئاشکرا لە بەرامبەر پاسەوانێکدا نەبوو، بەکورتی رۆیشتن بە شانازییەوە، پاراستنی ڕێزی خۆت و هەستی هیوا و ئومێدی دەگرتەوە. ڕۆژێک لە ساڵی ١٩٦٩ پاسەوانێک هاتە ژوورەکەی ماندێلا و هەواڵێکی جەرگبڕی پێدا: کوڕە گەورەکەی ماندێلا، تێمبی، لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا کوژرابوو. ئەوە یەکێک لەو دەگمەن کاتانە بوو کە ماندێلا ئەو ڕۆژی لە ژوورەکەی نەچۆ دەر. کۆنترین هەڤاڵەکەی، ڤالتێر سیسولو، تەنیا کەسێک بوو کە چووە دیتنی و ئەوان دەست لەناو دەستی یەکتر بە بێدەنگی دانیشتن.

رۆژی دواتر، ماندێلا چوو بۆ کانگای بەردەقسڵان و وەک بەندییەکانی دیکە کاری کرد. کاتێک کە لەبارەی مردنی کوڕەکەی دا پرسیارم لێکرد، پێی گوتم کە ئەوە شتێک بوو کە تەحەممول کردنی زۆر دژوار بوو، بەڵام ئەو ناچار بوو کە بە پاسەوانەکان و هاوبەندییەکانی نیشان بدا کە ئەم ڕووداوە بەچۆکی داناهێنێ. جارێکی دیکە ئەو خۆی نواند. ئەو هەستی کرد کە بژاردەیەکی دیکەی نییە.

ئێمە پێمان وایە کە خەڵکی تر پێش دیتنی ماندێلا تووشی خورپەی دڵ دەبن، بەڵام ئەویش زۆر جار پێش دیتنی خەڵکی تر دەپەشۆکا. بەتایبەتیی ئەو پێش ئەوەی بۆ یەکەم جار چاوی بە سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور، پی دەبلیو بۆتا، بکەوێ زۆر دڵ بەخورپە بوو. بۆتا لەبەر هەڵسوکەوتی ڕەق، دەمهەراشیی و شێوەی حکومەتکردنی سەرەڕۆیانە بە "دی گرووت کرۆکۆدیل" (تیمساحە گەورەکە) بەناوبانگ بوو. ئەو کات ماندێلا لە دوایین ساڵەکانی حوکمەکەی دابوو، و ئەوە یەکەم جار بوو کە زیندانییەکی ئەندامی ئەی ئێن سی چاوی بە سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور دەکەوت. لە مێشکی خۆی دا تەمرینی شێوەی هەڵسوکەوت و قسەکانی دەکرد. ئەگەر ڕێگایان پێدابا ئەو دەستپێشخەر دەبوو. بۆیە هەر کە چووە ناو ژوورەکە، بەرەو بۆتا چوو و بە تۆقەیەکی پتەو و پێکەنینەوە بەخێرهاتنی ئەوی کرد. ئەو بەو شێوەیە سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشووری بە ئاکاری دۆستانە و نافەرمیی خۆی چەک کرد، ئەوە شتێک بوو کە ئەو پلانی بۆدانابوو و ڕاهێنانی بۆ کردبوو. ئەو خۆنوێنیی کرد.

لە سەرەتاکانی ١٩٨٠، ماوەیەکی کورت پێش ڕاگواستنی ماندێلا بۆ دوورگەی رۆبێن، زیندانییەک کۆپییەکی لە بەرهەمەکانی شێکسپیر دا بە گشت بەندییەکانی سیاسی خانوەکانی بلۆک C و داوای لێکردن کە کام بەشەیان لەهەمووان زۆرتر بە دڵییە نیشانەی بکەن. ماندێلا دوودڵ نەبوو. ئەو پەردەی دووهەم، بەشی دووهەم لە

**شانۆنامەی جولیوس سیزاری دیاریکرد و بازنەیەکی بە دەوری ئەم بڕگەیە دا کێشا:**

**لەپێش مردن، ترسنۆکان زۆر جار ئەمرن**
**نەترس بەڵام قەت لەجارێ پتر تامی مردن ناکا**
**لە گشت شتی سەیر، کە من تا ئێستا بیستوومن**
**سەیرترینیان باس لە ترسی مرۆڤ ئەکا**
**کۆتاییەکی پێویستە دیتنی مردن**
**ئەو دێ بەڵام، تەنیا کاتێ خۆی حەز بکا**

**لەوانەیە هەندێک کەس پێیان وابێ کە ئەو بۆیە ئەو بڕگەیەی هەڵبژاردووە تا نیشان بدا کە نەترسە، بەڵام بۆ ماندێلا ئەو بڕگەیە بەڵگەی لەخۆبایی بوونی نییە بەڵکو پێداگریی لە سەر ڕاستییە. وا بنوێنە کە نەترسی و تۆ نەک بوێر دەبی بەڵکو بوێری.**

**ماندێلا نەترسیی وەک پارێزگای خەڵکێکی کەم نابینێ. هەندێک زۆر جار تاقی دەکرێنەوە بەڵام هەموو کەس بە شێوەیەک تاقی دەکرێتەوە. ئەو هەمیشە پێی دەگوتم کە هاوسەرەکەی، وینی لەوی بوێرترە، هەرچەند کە ئەو زۆرتر لە هاوسەرەکەی لە بەندیخانەدا ببوو. ئەو بۆی شی کردمەوە کە لە کاتێک دا کە ئەو لە گیروگرفتەکانی جیهان جیا کرابۆوە، هاوسەرەکەی ناچار بوو لەگەڵ گیروگرفتی ژیانی ڕۆژانەدا لە ژێر ئاپارتاید بەربەرەکانی بکا و دوو کچان بەخێو بکا.**

**بەرزترین پێهەڵگوتن لە لای ماندێلا بۆ کەسێک کە بوێر بێ ئەوەیە: "ئەو زۆر بە باشی هەڵسوکەوتی کرد". مەبەستی ئەو ئەوە نییە کە ئەوکەسە قارەمانێکی نموونەیی بووە یا ژیانی خۆی بۆ کارێکی گرینگ خستۆتە مەترسییەکی گەورەوە، بەڵکو ئەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرامبەر دۆخێکی دژوار دا خۆڕاگر بووە. کە ئەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە دژی چۆک دادان لەبەرامبەر ترس و نیگەرانییدا خۆی ڕاگرتووە. هەمووی ئێمە توانایی وەها بوێرییەکمان هەیە، و بەخۆشییەوە، ئەوە تەنیا نەترسییەکە کە چاوەڕوانیمان لێدەکرێ نیشانی بدەین.**

## لە سەرخۆ بە



جارێکی من لە پەنای ماندێلا لەناو بی ئێم دەبلیو گوڵلە نەبرەکەیدا دانیشتبووم و شۆفیرەکە ڕێگای ون کردبوو. ئەوە شتێکی دەگمەن نەبوو، کاروانی ئوتۆمبێلەکانی زۆر جار ڕێگایان ون دەکرد. شۆفیرەکەی بە توووندی دەرۆیشت و لە کاتی قۆرت کردنەوەدا دەنگی پێچکەکانی ئوتۆمبێلەکە دەهات وەک ئەوەی دەچوو کە بیهەوێ تۆڵەی کاتی لەکیسچوو بکاتەوە. ماندێلا بەرەوپێشەوە خوار بۆوە و بە شۆفیرەکەی گوت،"کوڕە با لەسەر خۆ بین."

با لەسەر خۆ بین. لە جەنگەی دۆخی نائارامیی دا، ماندێلا لەسەرخۆیە و لە ئارامیی لە لای خەڵکی تر دەگەڕێ.

لە ڕاستیدا ئەو لەسەرخۆیی لێ دەبارێ. هەر کە کۆنترۆڵت لەکیس چوو، دۆخەکە دەدۆڕێنی. ئەحمەد کەترادا نزیکەی سێ دەیە لە گەڵ ماندێلا لە بەندیخانە دابوو و ئەو دەڵێ کە تەنیا دووجار ماندێلای بە توووڕەیی دیتووە و هەردوو جاران پاسەوانەکان سووکایەتییان بە وینی (هاوسەری ماندێلا) کردبوو. بەڵێ، لەوانەیە دۆخی وەها هەبن کە توووڕەیی و وەڵامی سۆزدارانە بخوازن، بەڵام بە بۆچوونی ماندێلا ئەوان زۆر دەگمەنن و کاردانەوەکان دەبێ حیساب بۆکراو بن نەک لەخۆوە. بەڕاستی خۆ کۆنترۆڵ کردن پێوانەی ڕێبەرێکە، لە بەراورد لە گەڵ خەڵکی ئاسایی. ئەو هەمیشە دەڵێ، ئارامیی شتێکە کە خەڵک لە کاتی گرژیی دا لێی دەگەڕێن، جا ئەوە سیاسی بێ یا تاکە کەسی. ئەوان دەیانهەوێ ببینن کە تۆ نەپەشۆکاوی، کە هەموو لایەنەکان لێکدەدەیەوە و وەڵامدانەوەکەت لەسەر بنەمای لێکدانەوەیە.

لە ١٩٩٣ ئەفریقای باشوور بە دۆخێکی زۆر نارِوون دا تێپەڕ دەبوو. لە کاتێکدا کە ماندێلا درێژەی بە گفتگۆکانی لەگەڵ دەوڵەت بۆ یاسای بنەڕەتیی نوێ و هەلبژاردنی دیموکراتیک دەدا، هەندێک هێز لە ناوخۆی وڵاتدا خەریکی لەبار بردنی هەوڵەکانی بوون، هەم تاقمە چەکدارە ڕاستە توندئاژۆکان کە هێزی خۆیان نیشان دەدا و هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژییان دەکرد و هەروەها لە ناو جووڵانەوەکەی خۆیشی، کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا، کە دەسەڵاتی ماندێلایان دەبردە ژێر پرسیار و دەیان گوت ئەو لە ڕاددەبەدەر کۆنەپارێزە، زۆر باوەڕی بە دەوڵەت هەیە و خوازیاری گواستنەوەی دەسەڵات بۆ ڕێبەری لاو وەک کریس هانی، بەرپرسی بەشی سەربازیی ئەی ئێن سی بوون.

ئەوکات هانی دوای ماندێلا دووهەم ڕێبەری خۆشەویست لە ئەفریقای باشوور بوو. هانی کەسێکی چوست وچالاک بوو کە هەمیشە بەرگی سەربازیی لەبەربوو و شەپکەکەی تۆزێک خوار لەسەر دەکرد. ئەو پێچەوانەی ماندێلا بوو: لە شوێنێک کە ماندێلا دەیگوت فەرامۆش بکە و ببوورە، هانی دەیگوت لەبیر مەکە و تۆڵە بکەرەوە، لەشوێنێک کە ماندێلا دەیگوت بە سرتە قسە بکە، ئەو هاواری دەکرد، لە شوێنێک کە ماندێلا باسی پاراستنی ئابووری نەریتیی سپیپێستەکانی دەکرد، هانی کە کۆمۆنیستێکی بەباوەڕ بوو داوای دابەشینەوەی سامان بەسەر خەڵکی دا دەکرد.

لەناو ئەی ئێن سی دا کەسی وا هەبوون کە لایان وابوو هانی، کە ئەوکات لە تەمەنی ٥١ ساڵیی دابوو، داهاتووی حیزب و ئەفریقای باشوورە نەک ماندێلا. وێدەچوو کە سەردەمی هانی بێ. ئەفریقای باشوور هەڕەشەی شەڕی ناوخۆی نێوان ڕەش و سپی لەسەر بوو. لایەنی سپی راستڕەو خۆیان بۆ شەڕ پڕچەک دەکرد و بەشێکیش لەبەرەی چەپ، وەک هانی، کە داوایان لەخەڵک دەکرد خۆیان بۆ شەڕ ئامادە بکەن. مۆتەکەی شەڕی ڕەگەزیی خەریک بوو وەڕاست دەگەڕا.

لە ئاپریلی ئەو ساڵی، من لەگەڵ ماندێلا چووم بۆ ماڵەکەی لە ترانسکەی، ئەو ناوچەیەی کە ماندێلا لێی گەورە ببوو. ماڵی ماندێلا لە ترانسکەی لەشوێنێک هەڵکەوتووە کە بەسەر ئەو دۆڵەی دا دەڕوانێ کە ئەو لەوێ لەدایک بووە. جارێکیان ئەو بە منی گوت: "هەر مرۆڤێک، دەبێ ماڵێکی لە نزیک ئەوشوێنە هەبێ کە لێی لە دایک بووە." ماڵەکەی بۆخۆی خانوویەکی ساکار بوو بە شکلی L کە تەنیا یەک پلە بوو. خانووەکە لە ناو تەپۆلکەی سەوز و

گردی بەردەڵاندا هەلکەوتبوو کە بە ئافریکان پێی دەڵێن ڤێلت، کە ئەو بە مێرمنداڵیی لەوێ کایەی دەکرد. ئەوەی کە لەلای خەڵک سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە مۆدێلی خانووەکە وەک هی بەندیخانەی ڤیکتۆر فێرستێر دەچێ کە دوایین ئادرەسی ئەو پێش ئازادی لە ساڵی ۱۹۹۰ بوو . جارێک من لەو بارەوە پرسیارم لێکرد و ئەویش بە زەردەخەنەیەک وەڵامی دامەوە. ئەو گوتی کە خانووەکەی زۆر بە دڵی بووە و کاتێک کە زانیویەتیی کە لە ترانسکەی خانوویەکی بۆ درووست دەکەن، داوای لە بەرپرسانی بەندیخانە کردووە کە نەخشەی خانووەکەی پێ نیشان بدەن.

خانووەکە لە جادەی سەرەکیی دوورە و لە هیچکام لە ماڵەکانی تر ڕا دیار نییە. دەروازەیەکی مامناوەندی هەیە و جادەیەکی بە ڤۆرتوپێچ بۆی دەچێ. ئەگەرچی تا ڕاددەیەک دوورە و ماڵی کەسێکی بەناوبانگی مێژوویی، خەڵک لە ئاواییەکانی دەوروبەر ڕا دێن، ژنان کە خۆیان لە پەتووە پێچاوە، پیرەپیاو کە گۆچانیان بەدەستەوە، دێن و لە حەوشەکەی ڕادەوەستن، یا چاوەڕوانن کە ڕێز لە ماندێلا بگرن یا خواردن بخۆن، یا هەردووکیان. ئەوە لە ماوەی سەدان ساڵ دا نەریتی ناوچەکە بووە. کەس پێشەکی وەخت وەرناگرێ، خەڵک هەر ئاوا وەژوور دەکەون.



ماندێلا لە ترانسکەی وەک گوڵ دەگەشێتەوە، ئەو کەمتر خەمبار دێتە بەرچاو و زۆرتر حەساوە دیارە. ئەو هەمیشە خۆی وەک کوڕی گوندی دەناسێنێ، کە هەندێک پێیان وایە کە خۆی پێوە ڕا دەنێ، بەڵام کاتێک ئەوی لە گوندی دەبینی، ئێستاش درەوشانەوەی ئەو کوڕە دەبینی. ئەو بە دواندنی خەڵکی ناوچە کەیف خۆش دەبوو، خەڵکی وەها کە ڕەنگبێ هەرگیز پتر لە ۱۰ کیلۆمیتر لە شوێنی ژیانی خۆیان دوور نەکەوتبوونەوە. ئەو زۆرتر پێدەکەنی و بە زمانی زگماکیی، چۆسا جۆکی دەگێڕانەوە، ئەو منداڵی بچووکی لە سەر ئەژنۆی خۆی هەڵدەپەڕاند. زۆربەی خەڵک

بەو شێوەیە دەژیان کە ماندێلا پتر لە نیو سەدە لەوەپێش ژیابوو.

شتێکی دیکە کە ماندێلا لە کاتی سەردانی بۆ ترانسکەی کەیفی پێ ساز دەبوو پیاسەی بەرەبەیانان بوو. ماندێلا بە پێی عادەت کاتژمێر چوار و نیوی سەر لە بەیانی لەخەو هەڵدەستا و لە کاتژمێر پێنج یا پێنج و نیو پیاسەی دەست پێدەکرد کە زۆربەی کاتەکان سێ تا چوار کاتژمێری پێدەچوو واتە کاتژمێر نۆ تا دە دەگەڕاوە. من جارێکی دیکەش لە مانگی دێسامبر لەگەڵی هاتبووم بۆ ترانسکەی. تا ئەو جێیەی بۆم کرابا لە پیاسە کردنی بەیانانی دا لەگەڵی دەچووم.

بەیانییەکی بەهاری ئەو ساڵی، ١٠ی ئاپریل بوو، من پێنج خولەک بۆ کاتژمێر پێنج گەیشتمە ئەوێ. هێشتا هەر تاریک بوو و دوو کەس لە پاسەوانەکانی لە ناو ئوتۆمبێلێکدا دانیشتبوون و گوێیان لە موسیقا راگرتبوو. هەوای زۆر سارد بوو و من لە پشت شووشە هەڵماوییەکان دەمدیت کە ئەوان بە هەناسەی دەمیان دەستەکانیان گەرم دەکردەوە. کەمێک دوای کاتژمێر پێنج ماندێلا بە بەرگە وەرزشییە خۆشەویستە رەش و زەردەکەی لە ماڵەکەی دەرکەوت. ئەو بەرەو باشوور دەستی بە پیاسە کردن کرد.

ئەو هەر ڕۆژەی ڕێگایەکی نوێی هەڵدەبژارد، بەو هیوایە کە هەندێک دیمەنی سەردەمی کورپێنییەتی ببینێ یا ڕێی لە گوندێک بکەوێ کە پێشتر نەیدتبوو. ئەو پێی خۆش بوو ئاماژە بە شوێنەوارەکان بکا و باسی مێژووی ئەوان بکا. ئەو بەیانییەش ئێمە وەک هەمیشە چەند پاسەوانێکمان لەگەڵ بوون.

بە پێی عادەت ٢ پاسەوان لە پێشەوە دەڕۆیشتن و دووانی تر لە پشتەوە، من نزیکەی ٣ میتر لە قەراخی ئەو دەڕۆیشتم، دەبوو ئەوەندە لێی نزیک بم تا بتوانم گوێم لە قسەکانی بێ و ئەوەندەشی لێ دوور بم کە هەست بە تەنیایی بکا. پیاسە کردن بۆ ئەو وەک جۆرێک نزاکردن بوو و ئێمە ئەغلەب بە بێدەنگیی پیاسەمان دەکرد.

دوای پتر لە کاتژمێرێک گەیشتینە چند ڕۆندەیلی بچووک لە پەنای گردێک. ڕۆندەیل بەو خانوو کەپرییە خڕانە دەڵێن کە بانەکەی وەک چەتری لە گیا درووست کراوە و ماندێلا لە خانوویەکی وەها دا گەورە ببوو و خەڵکی ئەو ناوچەیە هێشتا لە خانووی ئەوتۆدا دەژین. دیوارەکانی ئێستاش بە ڕیخی مانگا ساف دەکرێن و عەرزەکەی قوڕی

ویشکە. ژنێک کە هاوتەمەنی ماندێلا دەبوو لە یەکێک لەو ڕۆندەیلانە هاتە دەر و بە شک و گومانەوە سەیری ئێمەی کرد. (زۆر جار خەڵک ماندێلایان نەدەناسییەوە و وایان دەزانی ئەو کوێخایەکی ناوچەکەیە کە بە سەردان هاتووە). ژنەکە دەستی لەسەر لاکەلەکەی دانان و بە زمانی چۆسا لە ماندێلای پرسی کە ئاخۆ ئەو و باقی ئێمە بە پێیان هاتووین. ماندێلا گوتی بەڵێ. ئەو چاوی لە لاقی ماندێلای کرد و گوتی: " ئەدی بۆچی کەوشەکانتان بە شەونم تەڕ نەبوون؟" ماندێلا چاوی لە کەوشەکانی کرد کە زۆر وشک بوون و لە قاقای پێکەنینی دا. ئەوە شتێک بوو کە ئەو ناوی نابوو ئاقڵی گوندی.

کاتژمێر هەشت هەتاو هێندە بەتین بوو کە هەستت بە گەرما دەکرد. ماندێلا هەمیشە بە پیاسە کردن بەهێزتر دەبوو. ئەو لەسەرخۆ دەستی پێ دەکرد و هەنگاوەکانی مەزنتر و قایمتر دەبوون. بۆ باقی ئێمە بە پێچەوانە بوو، هەموو ئەوانەی کە بە دەیان ساڵ لاوتر بوون. ئێمە نزیکەی چوار کاتژمێر دەورێکی مەزنمان لێدابۆوە، کاتێک کە نزیک ماڵەکەی بووین، ئاماژەی بە گردێک کرد کە بەسەر کونوو، گوندی باوباپیرانی دا دەیڕوانێ، لەوێ خانوویەکی وێران کە بە خشتی سپی درووست کرابوو دەبیندرا.

ئەو گوتی: "ئەوێ یەکەم قوتابخانەی من بوو."

ئەو باسی کرد کە قوتابخانەکە تەنیا یەک هۆدەی هەبوو، بە پەنجەرەی بچووک لە هەر دوو دیواردا و عەرزی گڵ. ئەوێ میچێکی تەنکی هەبوو کە لە کاتی باران بارین ڕەقوتەقی دەهاتە ژوور. لەوێ بوو کە یەکەم ماموٚستاکەی، خاتوو مدینگانێ ناوی نێلسۆنی لێ نابوو. لەو سەردەمی دا هەر قوتابییەک ناوێکی ئینگلیسی لێ دەنرا.



ئەو چوو بۆ سەر گردی پشت قوتابخانەکە و ئاماژەی بە بەردێکی خڕ کرد کە ناوقەدی نزیکەی ٢٥ میتر دەبوو. ئەوان بەردێکی ساف و لوس بەقەد ژێرپیاڵەیان دەدیتەوە و لەسەری دانیشتن و لەسەر ئەو بەردە گەورەیە خلیسکەیان دەکرد بۆ خوارەوە. بەو شێوەیە سەر سمتی پانتۆڵەکەیان کون دەبوو. ئەو گوتی: "من کونەکانم لە دایکم دەشاردەوە تا نەزانێ کە بەرگی قوتابخانەکەمم دڕاندووە."

پاش زیاتر لە چوار کاژمێر، گەڕاینەوە ماڵێ. لەوێ نیوە دەرزەنێک خەڵک لەبەر دەرگا ڕاوەستابوون. ئێمە چووینە ژووری دانیشتن کە هەشت تا دە کەس لێی دانیشتبوون. وەک خانەخوێیەکی خۆشەویست، ماندێلا میوانەکانی بەخێرهاتن کرد و منیش چوومە ژووری خوێندنەوە تا خۆ بۆ وتووێژ لەگەڵ ماندێلا ئامادە بکەم. پاش چەند خولەکێک کە هات، پرسیارم لێکرد کە ئەو میوانانە کێن؟ ئەو وەڵامی داوە کە میریام، قەرەواشەکە گوتویەتی کە ئەوانە برسیان بوو هاتبوونە بەر دەرگای ماڵێ. ماندێلا بەشێوەیەک بەخێرهاتنی کردن وەک ئەوەی کە میوانی پایەبەرز بن.

میریام ژەمی بەیانی بۆ ئامادە دەکردین و ماندێلا گوتی: "با دەست پێ بکەین." بیست خولەک دواتر، لە کاتێکدا کە هێشتا ژەمی بەیانیمان بۆ نەهاتبوو، کوڕیک لە پارێزەرەکان بە ئەسپایی لە پاش دەرگاکە دەهات و دەچوو.

ماندێلا گوتی:" شتێکت گەرەکە؟" پاسەوانەکە بە زمانی چۆسا گوتی ئەندامانی یانەی ڕاگبی ئیست لەندەن (شارێکی ئەفریقای باشوورە) لەحەوشە ڕاوەستاون. "ئاها" ماندێلا گوتی. ئەوان سەردانی ئەو ناوچەیان دەکرد و ڕۆژێک پێشتر ئەو بەڵێنیی پێ دابوون کە بیانبینێ. ماندێلا گوتی:" بەڵێ لەبیرمە،" و بە بێوازیی میکرۆفۆنەکەی لە یەخەی کردەوە.

شتێک کە بۆم دەرکەوتبوو ئەوە بوو کە ئەگەر چی ئەو کاتناسێکی وەسواس بوو، بەڵام ئەو ئامادە بوو دەست لە هەموو شتێک بۆ ئەم جۆرە بەخێرهاتن کردنانە و چاوپێکەوتنانە هەڵگرێ. پێموانەبوو ئەو کەیفی بەو شتانە بێ بەڵام تێگەیشتبوو کە ئەنجامدانی کارەکان لە کاتی قەومانیان دا دەبێتە هۆی پاشەکەوتی کات. ئەو هەندێک جار بە گاڵتە ئەوەی بە "کاتی ئەفریقایی" ناو دەبرد و مەبەستی ئەوە بوو کە خەڵکانی دەوروبەری وەک ئەو ڕێز لە کاتناسیی ناگرن.



سەرچاوە
Serchawe

کە چووینە دەرێ، نزیکەی ٢٥ پیاوی گورجوگۆڵی ڕەش پێست بە فانیلەی سەوز و زەردی ڕاگبییەوە لەسەر ڕێگای بەر دەرگا ڕاوەستابوون. ئەو سڵاوی لە هەر یەکەیان کرد و تۆقەی لەگەڵیان کرد و خێرا چەند پرسیارێکی لیکردن. نزیکەی ١٠ خولەک دواتر بانگیان کردە ژوورەوە تا وەڵامی تەلەفۆنی هاوکارێکی نزیکی بداتەوە. ئەو لە چێشتخانەکە وەڵامی تەلەفۆنەکەی داوە کە پڕ بوو لە قاپ و قاچاغی نەشۆردراو. لە کاتێک دا بەسەرپێوە بوو گوێی ڕاگرتبوو، دەموچاوی تێکچوو و نیگەرانیی پێوە دیار بوو. کاتێک نیگەران دەبوو، لێوەکانی دادەچۆڕان. لە کۆتاییدا گوتی:"سوپاس" و تەلەفۆنەکەی دانا.

ئەو گوتی:" کریس هانی تەقەی لێکراوە و کوژراوە." لێم پرسی کێ تەقەی لێکردووە؟ گوتی نازانێ و بە ڕوخسارێکی بێ هەستەوە چووە دەرەوە و درێژەی بە تۆقە کردن لەگەڵ ئەندامانی یانەی ڕاگبی ئیست لەندەن دا.

وڵات تووشی خاڵی وەرچەرخانی سامناک بوو و کوژرانی هانی دەیتوانی ببێتە هۆی شەڕی ناوخۆ. بە میلیۆنان لایەنگری هانی دەیانتوانی داوای تۆڵە بکەن و ببنە هۆی شەڕی ڕەش و سپی پێست. ئەوە شتێک بوو کە ماندێلا دەیهەویست بە هەر نرخێک بێ پێشی پێ بگرێ، بەڵام لەو ساتەوەختەوەدا ئەو بڕیاری دابوو کارەکەی لەگەڵ یانەی ڕاگبی ئیست لەندەن تەواو بکا.

من لە پەنجەرەوە چاوم لە ماندێلا دەکرد کە چۆن بە بزە و گاڵتە کۆتایی بە بەخێرهێنانی یانەی ڕاگبی دەهێنا. ئەو هێچ شتێکی لەبارەی ڕووداوەکە پێ نەگوتن. ماوەیەکی کورت دواتر ماندێلا بە ڕوخساری نیگەرانەوە گەڕاوە ژووری خوێندنەوە. دانیشت و یەکەم شت کە گوتی ئەوە بوو:" دەتوانی پێیان بڵێی پەڵوویەکە بێنن؟" من چووم بۆ چێشتخانە و کاتێک کە خواردنەکەمان بۆهات بە بێدەنگیی خواردمان. ماندێلا لە ڕامانی قووڵ دابوو.

کاتێک کە خواردنەکەی تەواو کرد داوای ڕۆژژمێرەکەی کرد و تەلەفۆنی بۆ چەند هاوکاری نزیکی کرد: ئامادەکاریی بۆ گەڕانەوەی دەستبەجێ بۆ ژوهانسبورگ، پرسیار لەبارەی وردەکارییەکانی لێکۆڵینەوەی پۆلیس، پێشنیاری ئەوەی کە ئەو هەمان ئێوارە لەسەر تەلەفزیۆنی نیشتیمانیی باسی ئەو قەتڵە بکا، هەموو ئەوانە بە دەنگێکی وشک بەڵام یەکهەوا، بە پرسیار و وەڵامی کورت و ژیرانە. کاتێک کە تەواو بوو هەستا سەر پێ و بە ئەدەبەوە داوای لێبوردنی لە من خواست کە ناچارە وتوێژەکەمان لە کورتی ببڕێتەوە و ژوورەکەی جێهێشت.



لە ڕۆژەکانی دوای کوشتنەکە، هەواڵ و ڕاپۆرت تەنانەت لەناو ئەی ئێن سیش دا بڵاوبوونەوە کە باسیان لە "تێکشکان" و "پەشۆکانی" ماندێلا بە هۆی کوژرانی هانی دەکرد. ئەوەی ڕاستیی بێ ئەو بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەسەرخۆ و شیکارییکەر بوو، پلانی بۆ داهاتووی نزیک و ئاسەوارەکانی قەتڵەکە دا دەڕشت. لەو کاتانەی من لە دۆخی قەیراناوی لەگەڵ ماندێلا بووم، ئەو هەمیشە زۆر لەسەرخۆ بووە، وەک لە حاڵەتێکی خەلسە دابێ تا ڕووداوەکانی دوەروبەری خۆی هێواش بکاتەوە.

ئەوە ماندێلا بوو، نەوەک ئێف دەبلیو دێکلەرک، سەرۆک کۆمار، کە ئەو شەوی لە تەلەفزیۆنی نیشتمانییدا باسی قەتڵەکەی کرد. ئەوە ئەو بوو نەک سەرۆک کۆماری وڵات کە باسی لە هیوا و ترسەکانی گەل و نەک تەنیا نیگەرانییەکانی حیزبەکەی و دەنگدەرانی خۆی کرد. دێکلەرک ڕاگەیاندراوێکی بڵاو کردەوە. لە کاتژمێرەکانی دوای قەتڵەکە، پۆلیس ئاشکرای کردبوو کە بکوژەکە کۆچبەرێکی سپی پێستی لەهێستانی لە ئەفریقای باشوور بووە و بە هۆی ناسرانەوەی لە لایەن ژنێکی سپی پێستی ئەفریقای باشوور کە ژمارەی ئوتۆمبێلەکەی لەبەر کردبوو و بە پۆلیسی ڕاگەیاندبوو. ئەو شەوی ماندێلا لە کاتی دەستپێکی وتارەکەیدا ڕوخسارێکی خەمناکی هەبوو:

من ئەمشەو لە ناخی دەروونمەوە ڕوو لە گشت تاکێکی ئەفریقای باشوور دەکەم، ڕەش و سپی. پیاوێکی سپی، پڕ لە پێشداوەریی و نەفرەت، هات بۆ وڵاتی ئێمە و کردەوەیەکی ئەنجام دا کە هێندە هەڵە بوو کە ئێستا گشت نەتەوەکەمان لە لێواری کارەسات دایە. ژنێکی سپی، بەڕەچەڵەک ئافریکان، وەک دەزانین گیانی خۆی لەمەترسی هاویشت و بکوژەکەی ڕادەستی عەدالەت کرد. بکوژە بێ بەزەییەکەی کریس هانی شەپۆلی شۆکی لە سەرانسەری وڵات و جیهان دا بڵاو کردۆتەوە. تووڕەیی و خەمی ئێمە دەروون هەژێنە. ئەوەی کە قەوماوە کارەساتێکی

نەتەوەییە کە شوێنی خستۆتە سەر میلیۆنان مرۆڤ لە گشت جۆرە بۆچوونی سیاسی و ڕەنگەکان.

ئەو وتارەکەی بەم شێوە کۆتایی پێ هێنا:

ئێستا بۆ هەموومان کاتێکی چارەنووسسازە. بڕیار و ئاکاری ئێمە دیاری دەکا کە ئاخۆ ئێمە ژانەکەمان، خەمەکەمان و تووڕەییەکەمان بۆ بەرەوەپێش چوون بەرەو تاکە ڕێگاچارە بۆ وڵاتەکەمان بەکار دێنین، واتە دەوڵەتێکی هەڵبژێراوی گەلیی، لە لایەن گەلەوە و بۆ گەل.

ئەو لەم وتارە کورتەی دا چوار جار وشەی دیسیپلینی بەکار هێنا، بە ئاماژە بەوەی کە هانی سەرباز بوو و پیاوی "دیسیپلینی پۆڵایین"، و ئەوەی کە ئەفریقای باشوور بۆ ڕێز گرتن لە یادی ئەو دەبێ بە دیسیپلین هەڵسوکەوت بکا. دیسیپلین بۆ ئەو وشەی ڕەمز بوو، و لە ماوەی قەیرانی هانی دا لە پەیوەندی لەگەڵ بیر و وتەکانیدا خاوەنی دیسیپلینی پتەو بوو. لەو ساتەوەختەدا، زۆر پێش یەکەم هەڵبژاردنی دێموکراتیک لە ئەفریقای باشوور ، ئەو بووە ڕێبەری هێشتا هەڵنەبژێروای سپی و ڕەشی ئەفریقای باشوور.

هەروەک ئەو چەند ساڵ دواتر ، دوای ئەوەی کە بوو بە سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور، بۆی باس کردم کە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە یەکەم ڕۆژەکانی دوای کوژرانی هانی، کاتێک بوو کە ئەفریقای باشووری ئازاد و دێموکراتیک لە هەموو کاتێک پتر لە مەترسیی دابوو، ساتەوەختێک کە ئەو پێی وابوو کە ئەو وڵاتەی کە ئەو هێندەی خۆش دەوێ قەت هێندە لە شەڕی ڕەگەزیی لە نێوان سپی و ڕەش نزیک نەببۆوە. وەڵامی هێمنانەی ئەو بۆ ئەو قەیرانە هۆی سەرەکیی بوو کە ئەفریقای باشوور تووشی شەڕی ناوخۆ نەبێ.



هەندێک جار لەسەر خۆ بوون گەلێک لە نادڵگیر بوون نزیکە، بەڵام ماندێلا گوێ ناداتە ئەو شتە. ئەو پێی باشترە کە هەمیشە لەسەرخۆ و نادڵگیر بێ نەوەک سەرنجڕاکێش و کەم جیکڵدانە. ئەو پێی خۆشە نەقڵی ئەو نامەیە بگێڕێتەوە کە ژنێک لە کەیپ تاون ڕا بۆی ناردبوو و لەویدا باسی بەشداریکردنی لە یەکەم خۆپیشاندانە بەنێوبانگەکەی دەرەوەی شارەوانیی دوای ئازاد بوونی کردبوو. ژنەکە نووسیبووی کە ئەو خۆشحاڵە کە (ماندێلا) لە بەندیخانە ڕزگاری بووە و داوای کردبوو کە لە یەکخستنی ئەفریقا باشوور سەرکەوتوو بێ، بەڵام وتارەکەی زۆر "وەڕەزکەر" بووە. ئەو هەمیشە لە کاتی گێڕانەوەی ئەو نەقڵە لە قووڵایی دڵەوە پێدەکەنی. بە ڕاستی، هیچ کەس ناتوانێ نێلسۆن ماندێلای دوای بەندیخانەی لەگەڵ وتاربێژێکی مەزن لێ تێک بچێ. بێگومان ئەو زۆر جار چاویلکەی گەورەی لەچاوان دەکرد و وتاری دووورودرێژی بە دەنگێکی یەک هەوا دەخوێندەوە. ڕۆژێکیان پێم گوت، "بە جیددی، خەڵک هەندێک جار ڕەخنەت لێ دەگرن و دەڵێن وتارەکانت وەڕەز کەرن، بۆچوونت لەمبارەوە چییە؟"

"دەزانی، من نامهەوێ خەڵک هەڵخەڵەتێنم، خەڵک دەیانهەوێ بزانن تۆ لە دۆخی جیا جیا دا چی دەکەی. ئەوان دەیانهەوێ شتەکانیان بە ئاشکرا و ماقوڵیی بۆ شی بکەیەوە. من پێگەیشتووم، بە لاوی زۆر ڕادیکاڵ بووم، لەگەڵ هەموو کەس بەشەڕ دەهاتم، زمانێکی زێدەڕۆیانەم بەکار دەهێنا."

بەڵێ، ئەو لەسەردەمی لاویی دا زۆر جار هەراوهوریای دەناوە، بەڵام ئێستا لەسەر ئەو بڕوایەیە کە باشترە لە جیات ئاگرین و ناڕوون بوون، کەمێک وەڕەزکەر و جێی مەتمانە بێ. ڕوونکردنەوکانی دژە مانشێتن، ئەو دەیهەوێ وەڵامەکانی ڕوون و پڕ لە شی کردنەوە بن. ئەو پێی وایە کە خەڵک ئامادەن کەمێک وەڕەزکەربوون لە بەرامبەر جێی مەتمانە بوون و ناوەرۆک تەحەممول بکەن.

هەندێ جار ئەو ستایلە بەئانقەستە دەتوانێ تاکتیکێک بێ، جۆرێک جودۆ. جارێکیان ئەحمەد کەترادا پێی گوتم، ماندێلا لە بەندیخانە حەزی لە یاری دامە بوو و ئەو لە دوورگەی ڕۆبێن، قارەمانی دامە بوو. بە وتەی کەترادا، بەشێک لە ستراتێژی ماندێلا ئەوە بوو کە بەرامبەرەکانی لە ڕوانگەی دەروونییەوە و لە ڕێگای شێوەی کایەکەردنەکەی شکست بدا. ئەو هەمیشە لە نێوان هەر بزاوتنێک کاتێکی زۆری بە بیرکردنەوە لە بزاوتنی گونجاو تێپەڕ دەکرد. هەندێک جار ئەگەر ئەو بیزانیبا کە بەرامبەرەکەی بەوە بێزار و تووڕە دەبێ، کاتی زۆرتری تەرخان دەکرد.

یەکێک لە بەرامبەرە نەریتییەکانی، زیندانییەک بە ناوی دۆن دەیویس بوو، کە ماندێلای بە چالش دەکێشا. ئەو دڵنیا بوو کە خۆی، نەک ماندێلا، قارەمانی دوورگەکەیە. جارێکیان من لە بارەی دەیویس پرسیارم لە ماندێلا کرد و ئەو بە "کابرایەکی سەرنجڕاکێش" ناوی برد کە لە خۆڕاگریی بەرامبەر بە کاربەدەستان دا زۆر ئازا بووە. بەڵام بە وتەی ماندێلا، ئەوەی کە ناوبراو بەرامبەر بە دەسەڵاتداران خۆڕاگر بووە، نایکاتە قارەمانی دامە.

جارێکیان ماندێلا بە بزەوە پیی گوتم: "ئەو مەزاجی ورزشوانێکی نەبوو و لە پەیوەندی لەگەڵ کێبڕکێ، مەزاجی بە گشتی دەگۆڕا". دەزانی، کاتێک کە پێکەوە دامەمان دەکرد، من هەمیشە زۆر لەسەرخۆ بووم. ئەوە زۆر ڕکابەری تێکدەشکاند و بەرامبەر بەو تاکتیکە ناوبراو لە هەمووان هەستیارتر بوو."

ئێمە پێمان وایە کە مەزاج شتێکە کە لەگەڵیدا لە دایک دەبین. بەڵام بۆ ماندێلا شتێک بوو کە بۆخۆی دروستی دەکرد. وەک پیاوێکی لاو، ئەو کەمجیکلدانە بوو و زوو تووڕە دەبوو. ئەو مرۆڤەی کە لە بەندیخانە هاتە دەر پێچەوانە بوو و تەقریبەن مومکین نەبوو تووڕەی بکەی. ئەو پێش بڕیاردان هەڵوێستەی دەکرد. ئەو هەموو ئەگەرەکانی لەبەر چاو دەگرتن. ئەوە شتێکی مەحاڵە کە پێش بڕیاردان، لە هەموو بارودۆخێک دا زانیاریی تەواومان هەبێ، و ئەگەر لەسەر ئەوە پێداگریی بکەین خۆمان لە پەلوپۆ دەخەین. بەڵام نموونەی ماندێلا، نرخی کۆکردنەوەی زانیاریی تەواو پێش بڕیاردان دەسەلمێنێ. زۆربەی هەڵەکانی بە درێژایی ژیانی دەگەڕێنەوە ئەو سەردەمە کە لە جیاتی ئەوەی کە لەسەرخۆ بێ بە پەلە بڕیاری داوە. ماندێلا دەڵێ، پەلە مەکە، بیری لێ بکەوە، لێکی بدەوە، ئەوجار هەنگاو بنێ.

## ڕیبەرێکی پێشەنگ بە


SUNDAY EXPRESS
"Already there"
RIVONIA MEN FLOWN IN SECRET TO ROBBEN ISLAND
DEFENCE (CONSIDERING APPEAL) IS SHOCKED
WIFE OF RIVONIA Q.C. KILLED IN CAR CRASH
MOTHER TO LEAVE S.A.
MANDELA TRIAL
LIFE OR DEATH
POST
RIVONIA
THE BIG PROTESTS

ماندێلا لە گشت ژیانی دا لە ڕیبەریی کردن خۆی تووشی مەترسی دەکرد. ئەگەر ئەو سەربازێک با، لە مەتەرەێز دەردەپەڕی و سەرۆکایەتیی شەڕەکەی لە گشت بەرەکەدا دەگرتە ئەستۆ. بە بۆچوونی ناوبراو سەرۆکەکان نابێ تەنیا ڕیبەریی بکەن بەڵکو دەبێ لە کاتی ڕیبەریی کردن دا ببیندرێن، ئەوە بەشێک لە کارەکەیە. تەقریبەن وا وێدەچێ کە ئەو لەوە بترسێ کە یەکێک بڵێ یا بیر بکاتەوە کە ئەو نەیهەوێ ئەو مەترسییانە تووشی خۆی بکا. تەنانەت لە پەیوەندیی تاکییشدا، ئەو پێی وابوو کە دەبێ پێشەنگ بێ. ئەگەر شتێک تۆ ئازار دەدا، ئەگەر پێتوایە ناعادلانە لەگەڵت جووڵاونەوە، دەبێ باسی بکەی. ئەوەش ڕیبەریی کردنە.

پێشەنگ بوون لە ڕێبەریی دا زۆر واتای هەبوون. هەندێک جار ئەو شتەکەی دەقاودەق وەردەگرت، وەک ئەو کاتی کە بۆ یەکەمجار هاتە دوورگەی ڕۆبێن: ئەو لە پێشەوەی هەموو زیندانییەکان هاتە دوورگەکە، لە ژێر چاوەمۆڕە و تانەی پاسەوانەکان، بۆ ئەوەی کە بە ئەوانی دیکە نیشان بدا کە چۆن هەڵسوکەوت بکەن. ئەو بە هاوبەندییەکانی گوت، لە یەکەم ساتەوەخت دا دەبێ بەرەوڕووی پاسەوانەکان ببنەوە، و ئەو لەو ڕوانگەوە پێشەنگ بوو.

بەڵام پێشەنگ بوون بەو مانایەشە کە تۆ هەندێک کات کاری وەها بکەی کە سەرنجڕاکێش نەبن. ئەوە بەو مانایەیە کە شتێکی تایبەتی بۆخۆت قایل نەبی و هەمان کار بکەی کە بەندییەکانی دیکە دەیکەن، وەک خاوێن کردنەوەی لەگەنی پاسەوانەکان و هاوبەندییەکانت. هیچ شتێک لە ژێر کەسایەتی ڕێبەر نییە. ئێدی دانیەلس



سەرچاوە
Serchawe

وەبیری دێ کاتێک کە ئەو بۆ یەکەم جار لە سەرەتای شەستەکان هات بۆ دوورگەکە، ماندێلا لەوسەری حەوشەکە ڕا هات تا خۆی پێ بناسێنێ. دانیەلس ڕێزی یەکجار زۆری بۆ ماندێلا هەبوو و باسی ئەوەی دەکرد کە تەنیا تەماشا کردنی ماندێلا چەندە ئیلهامدەر بوو.

"ئەوە جوانیی نێلسۆن بوو. شێوەی ڕۆیشتنەکەی، شێوەی هەڵسوکەوتی. هاندەری زیندانییەکانی دیکە بوو. تەنیا بە دیتنی شێوەی ڕۆیشتنی باوەڕبەخۆیی ئەو، هاندەری من بوو." ماندێلا هەر لە شێوەی بەڕێدا ڕۆیشتن دا ڕێبەرێکی پێشەنگ بوو.

دانی، کە هەموو بەو ناوە بانگیان دەکرد، وەبیری دێ کە ئەو نەخۆش بوو و توانای خاوێن کردنەوەی لەگەنەکەی نەبوو. ماندێلا دەهاتە خانەکەی، دادەهاتەوە و لەگەنەکەی هەڵدەگرت و دوچوو بۆ شوێنی دەستبەئاو و خاوێنی دەکردەوە. کەس پێی خۆش نییە پیسایی خەڵکی دیکە خاوێن بکاتەوە. بەیانی ڕۆژی دواتر نێلسۆن هات، ڕێبەری مەزنترین ڕێکخراو لە بەندیخانەدا. ئەو دەیتوانی داوا لە هەرکەسێک بکا یارمەتی من بکا. ئەو بەیانییەی ئەو هات و لەگەنی خۆی لەبن هەنگڵی دابوو، گوتی: "چۆنی دانی؟" هات و لەگەنەکەمی برد.

بێگومان، ڕێبەری پێشەنگ بوون بەو مانایەشە کە دەستپێشخەر بی و ماندێلا لە برگە هەستیارەکانی ژیانی دا، ئەو کارەی کرد. ئەو ڕێبەری یەکیەتیی لاوانی ئەی ئێن سی بوو، ئەو لە هەڵمەتی بەرخۆدان لە ١٩٥٢ سەرۆکی خۆبەخش بوو، ئەو بڕیاری دەستپێکی خەباتی چەکداریی دا، ئەو لە دادگایی ریڤۆنیا لە ١٩٦٣ تا ١٩٦٤ دەوڵەتی بە چالش کێشا تا لە سێدارەی بدا. لەو دادگایەی کە حوکمی تا هەتایی بەسەر دا سەپاند، ئەو گوتی کە بێ تاوانە، بەڵام ئەو تاوانباری خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە، تاوانباری خەبات لە دژی یاسای نادادپەروەرانەیە و تاوانباری خەبات بۆ گەلی چەوساوەی خۆیەتی. ئەو ئیعترافی بەوە کرد کە پلانداڕێژ و ئەنجامدەری تێکدانی دەوڵەت بووە. ئەو دەیزانی کە مەترسیی لەسێدارەدانی لەسەرە بەڵام لێی نەترسا. لە دوایین دانیشتنی دادگا، ئەو چوار کاتژمێر قسەی کرد و بەو دێڕانە کۆتایی بە وتارەکەی هێنا، ئەوە دوایین لێدوانی فەرمیی ئەو پێش ئازاد کرانی لە بەندیخانە لە ساڵی ١٩٩٠ بوو:

لە ماوەی ژیاندا من خۆم بۆ ئەم خەباتە بۆ خەڵکی ئەفریقا تەرخان کردووە. من دژی باڵادەستیی سپی پێست و

دژی باڵادەستیی ڕەش پێست خەباتم کردووە. من ڕێز لە بیرۆکەی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتیک دەگرم کە لەویدا هەموو کەس بە یەکەوە لە هاوئاهەنگیی و بە دەرفەتی وەک یەک دەژین. ئەوە بیرۆکەیەکە کە من بۆی دەژیم و هیوادارم دەستەبەری بکەم. بەڵام ئەگەر پێویست بکا، ئەوە بیرۆکەیەکە کە من ئامادەم بۆی بمرم.

کاتێک کە ئەو کۆتایی بەوتارەکەی هێنا، هۆڵی دادگاکە بێدەنگ بوو. ئەوە وتەکانی پیاوێک بوون کە دەیزانی لەوانەیە دوایین وتەکانی بن.

بەڵام هیچکام لەو شتانەی ماندێلا کردوونی، وەک وتووێژە نهێنییەکانی کە لە ١٩٨٥، کاتێک کە هێشتا لەناو بەندیخانە دا بوو، لەگەڵ دەوڵەت دەستی پێکرد، مەترسیدار نەبوون. ئەو وتووێژانە بە پێچەوانەی گشت پرەنسیپەکانی جووڵانەوەکەی و لێدوانە فەرمییەکانی بوون کە دەیان ساڵ بوو بڵاوی دەکردنەوە. ئەو لەوانەبوو مۆرکی خیانەتی لێ بدرێ و لەناو جوڵانەوەی خۆیدا تەریک بکەوێتەوە، ئەو لەوانەبوو وڵاتەکەی بەرەو شەڕی ناوخۆ ببات. بەڵام ئەو دەیزانی کە دەبێ هەنگاو بنێ. لە ڕوانگەی ئەوەوە، کاتێک ڕووبەڕووی شتێکی حەتمی دەبییەوە، بۆ چی نا؟ ئەو ئاڵوگۆڕە گرینگە لەوانەیە لەدەرەوە ڕا وەک شتێکی لەناکاو بێتە بەرچاو، بەڵام هەر وەک گەلێک بڕیاری دیکە لە ژیانی ئەو دا، ئەوە مێژوویەکی دوور و درێژی هەبووە.




ئەوە لە بەندیخانەی پۆڵسمورەوە دەستی پێکرد، شوێنێک کە ماندێلا لە ١٩٨٢، دوای ١٨ ساڵ لە بەندیخانەی دوورگەی ڕۆبێن بۆ ئەوێ گوێزرایەوە. پۆڵسمور لە ناوچەیەکی خۆشی دەرەوەی کەیپ تاون لە داوێنی چیای ستینبەرگ، کە درووست لە باکوری دیوارە قسڵییەکانی بەندیخانەکەوە دەست پێدەکا، هەڵکەوتووە. بۆ گەیشتن بە بەندیخانەکە دەبێ بەناو شەقامە یەکسایدییەکانی دا لێبخوڕی و بە پەنا خانووە بچکۆلە خاوێنەکاندا کە

پاسکیلەکان لە سەر چیمەنی پێش ماڵەکان ڕاگیراون تێپەڕ بی. دوایە، لە کۆتایی شەقامێکی بێ نیشان بۆ لای ڕاست قۆرت دەکەیەوە و دەگەیە بازنەی پشکنین بۆ ئەوەی بچییە ناو بەندیخانەی پۆڵسمور، خاوەن بەرزترین ئاستی ئاسایش.

ئەگەر بکرێ بە بەندیخانە بڵیی شوێنێکی دڵگیر، پۆڵسمور شوێنێکی ئەتۆ بوو. جادەیەکی درێژ کە ئەمبەر ئەوبەری بە گوڵ ڕازابۆوە دەیبردی بۆ پەنای خانووە بۆرە چیمەنتۆکە. لە پۆڵسمور ماندێلا وەرزیی جوانیی سرووشتیی دوورگەی ڕۆبێن و چوونە ژێر هەتاوی دەکرد، بەڵام ئەوێ شتی دڵخۆشکەریشی لێبوو. بنەماڵەکەی بە ئاسانی دەیانتوانی بچن بۆ دیتنی. خواردنەکە لەوێ باشتر بوو. ئەوان لە کۆتایی دا هاتبوونەوە سەر وشکانی و ئەو هەستی دەکرد لە جیهان نزیکترە. ئەو و چوار هاوکاری نزیکی لە دوورگەکەوە، والتێر سیسولو، ئەحمەد کەترادا، ڕەیمۆند مالبا و ئاندرو ملانگێنی، خانەیەکی گەورەیان لەگەڵ یەکترا بەش دەکرد، بەقەد ساڵۆنێکی باسکێتبۆڵی قوتابخانەیەکی دواناوەندی، لە قاتی سێهەم. هەیوانێکی بەربڵاو لە دەروەی بوو کە ماندێلا ئیزنی پێدرابوو بێستانێکی لێ درووست بکا.

لە ١٩٨٥، بیست و دوو ساڵ بەسەر ماوەی زیندانیکرانی ماندێلا تێپەڕ ببوو، و جۆوڵانەوەی دژی ڕەگەزپەرستیی (ئاپارتاید) لە ناوخۆی ئەفریقای باشوور گوڕوتینی زۆرتری پەیدا کردبوو. هەڵمەتی ئەی ئێن سی بۆ ئەوەی کە ئەفریقای باشوور ببێتە شوێنێک کە نەکرێ حوکمڕانی بەسەر دا بکرێ وای کردبوو کە کاولاواکان (ناوچە هەژار نشینەکان) وەک بەرەی شەڕیان لێهاتبوو. سەرهەڵدانی ڕۆژانە لەو ناوچانە، دەبوونە بابەتی هەواڵەکان لە گشت جیهان. جووڵانەوەی یەکیەتی بەرەی یەکگرتووی دێموکراتیک کە ڕێکخراوی کۆکەرەوەی سەدان ڕێکخراوی دژی ڕەگەزپەرستیی بوو، بێ پسانەوە زەختیان دەخستە سەر دەوڵەت. وێنە و ناوی ماندێلا ببوو بە سەمبولی جووڵانەوەیەکی جیهانیی دژی ڕەگەزپەرستیی.

لە هەمان ساڵدا، ماندێلا پشکنینی پزیشکیی بۆ کرا و ئاشکرا بوو کە پرۆستاتی گەورە بووە، بۆیە پێشنیاری نەشتەرگەریی پێکرا. لە ژێر چاودێریی توندوتۆڵی ئاسایشییەوە بردیان بۆ نەخۆشخانەی فۆڵک لە کەیپ تاون بۆ نەشتەرگەریی. کاتێک ماندێلا لە دوورگەی ڕۆبێن بوو، لەو چەند برگە دەگمەنانەی کە پێویست بوو بچێ بۆ وشکانی، ئەویان بێزار کردبوو. ئەو وەک هەر زیندانییەکی ڕەشپێستی دیکە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرا. جارێکیان

بۆی گێڕامەوە کە ئەو جارێکی لە ئەمباری کەلوپەلی بەلەمێک، کە سپی پێستەکانی ئەفریقای باشوور بۆ چوون بۆ دوورگەکە کەڵکیان لێوەردەگرت، ڕاگیرابوو. سپی پێستەکان لە سەروە ڕا تفیان لێکردبوو. سووکایەتییەکانی دوورگەی ڕۆبێن لە بەراورد لەگەڵ سووکایەتییەکانی دەرەوەی ئەویّ شتێک نەبوون.

بەڵام ئەمجارەیان جیاواز بوو. پلەی ئەو گۆڕابوو. بینایەکی تایبەتییان لە نەخۆشخانەکە بۆ چۆل کردبوو و هۆدەیەکی ڕوو بە خۆرەتاو کە بە گوڵ ڕازابۆوە بۆی تەرخان کرابوو. هەموو پەرستارەکان ڕێزێکی تایبەتییان بۆی هەبوو. نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بوو و پێش ئەوەی کە بیگەڕێننەوە پۆڵسمور چەند ڕۆژ تیماریان کرد. لە بەر دەرگای نەخۆشخانە ئەفسەری بەڕێوەبەری بەندیخانە بە ئوتۆمبێلی خۆی هاتبوو بە دوای دا. ئەوە شتێکی تازە بوو، پێشووتر ئەو لە لایەن پاسەوانەکان و بە ئوتۆمبێلی پیکاپ دەیان گواستەوە بەندیخانە. لە گەڕانەوە دا ئەفسەرەکە پێی گوت کە ئەو ناگەڕێنرێتەوە بۆ لای هاوبەندییەکانی، بەڵکو دەیبەن بۆ هۆدەیەکی جیاواز. ماندێلا لێی پرسی بۆ؟ ئەفسەرەکە تەنیا شانی هەڵاویشتن و گوتی لە پرێتۆریاوە وایان ئەمر کردووە.

خانەی نوێی ماندێلا لە پلەی یەکەم هەڵکەوتبوو کە سێ هۆدەی شێداری تاریکی هەبوون. ئەویّ لەچاو دوورگەی ڕۆبێن وەک کۆشک دەچوو بەڵام ماندێلا نەیهێشت ئەو ئاڵوگۆڕە سەری لێبشێوێنێ. ئەو لەهەموو سووچێکەوە لە دۆخی نوێی خۆی دەڕوانی. بۆ ئەو لە هاوکارەکانی جیا کراوەتەوە؟ بۆ سەرۆکی بەندیخانە بەدوای دا هات بۆ نەخۆشخانە؟ ستراتێژی دەوڵەت چییە؟ لە دۆخی ئاسایی دا ئەو لەوانە بوو شکایەتنامەیەک بنووسێ و داوای لێکۆڵینەوەی فەرمیی بکا، بەڵام شتێک پێی دەگوت کە پێویستە ئەو زۆرتر بیری لێ بکاتەوە.



کاتێک کە بیری لە دۆخی خۆی دەکردەوە، ئەو زۆرتر بیری لە هەلەکانی ئەم دۆخە دەکردەوە نەوەک لە

زیانەکانی. ئەو بەو ئاکامە گەیشت کە تەریککەوتنەکەی هەلێک بوو تا شتێک بکا کە چەندین ساڵ بوو بیری لێکردبۆوە، شتێک کە ئەو زۆر لێکۆڵینەوەی سەرەکیی لەبارەی دا کردبوو، شتێک کە لە ڕوانگەی ئەی ئێن سی کوفر بوو. ئەو دەیتوانی لەگەڵ دەوڵەت دەست بە دانووستان بکا. دەیان ساڵ بوو کە ئەی ئێن سی وتووێژی لەگەڵ دەوڵەت تا نەهێشتنی یاساکانی هەڵاواردنی ڕەگەزیی و ئازاد کردنی زیندانیییانی سیاسی ڕەت کردبۆوە. بەڵام ئێستا ئەو تێگەیشتبوو کە جیهان گۆڕاوە و ئەویش دەبێ لەگەڵی بگۆڕدرێ. ئەو دەمێک بوو بەو ئاکامە گەیشتبوو کە ئەی ئێن سی ناتوانی لە ڕێگای خەباتی چەکدارانە دەوڵەت بڕوخێنێ. تەنیا ڕێگاچارە وتووێژ بوو. ئێستا ئەو دەیتوانی بۆ ئەو ڕوانگەیە هەنگاو بنێ.

لە خانەی هاوبەندییەکانی ئەو نەیدەتوانی هیچ کارێک بە دزی بکا، دەبوو لەگەڵ ئەوان لە بارەی دیار نەمانی یا وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستان، ڕاوێژ بکا. بەڵام ئەو ئێستا بە تەنیا بوو. لێی ئاشکرا بوو کە دەوڵەتیش ئەو هەلومەرجەی وەک دەرفەتێک بۆ ڕەخساندووە.

بڕیارەکەی شتێکی چارەنووسساز بوو. ئەو لە تەواوی ژیانی دا لە دژی دەسەڵاتی زۆرینەی سپی پێستان خەباتی کردبوو. ئەی ئێن سی ٧٥ ساڵ بوو لە دژی ئەو شتە خەباتی کردبوو و بیست ساڵ بوو خەباتی چەکداریی دەست پێ کردبوو. سیاسەتی تا ئەوکاتی ئەوە بوو کە وتووێژ نەکا، تەنیا لە کاتی یەکسانیی دا دەکرا دانووستان بکرێ. مەندێلا، بێ ئەوەی کە لەگەڵ کەس ڕاوێژ بکا، خەریک بوو ئاراستەی گشت ئەو مێژوویەی دەگۆڕی. ئەو دەبوو لەو ستراتێژییە درکاوەی ئەی ئێن سی لادا، ڕێکخراوێک کە ئەو ئاشقی بوو و کە ئەوی پێگەیاندبوو و بەرزترین ئاستی وەفاداریی بۆی هەبوو.


هەڵبەت ئەو وریا بوو، و هۆکاری باشیشی بۆ ئەو کارە هەبوو. ئەوە یەکەم جار نەبوو کە بیرۆکەی وتووێژ سەری هەڵدابوو. پێشووتر لە ژانویەی ئەوساڵی دا، سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور، پی دەبلیو بۆتا، پێشنیاری کردبوو کە ماندێلا ئازاد بکا بەو مەرجەی کە ئەو هەموو چەشنە توونـدوتیژییەک وەک ئامرازی سیاسی ڕەت بکاتەوە. ماندێلا پێشنیارەکەی بە ئاشکرا ڕەت کردبۆوە و لە لێدوانێک دا گوتبووی، "تەنیا مرۆڤی ئازاد دەتوانێ دانووستان بکا. زیندانیی ناتوانێ ڕێککەوتننامە واژۆ بکا. من نە دەتوانم و نە دەشمهەوێ لە کاتێک دا کە من و ئێوە، واتە خەڵک، ئازاد نین، ئەرکێک بخەمە ئەستۆی خۆم. ئازادیی من لەگەڵ هی ئێوە ناکرێ لێک جیا

بکرێنەوە." وەڵامی لەناکاو و شەڕانیی ماندێلا دەوڵەت و سەرۆک کۆمار بۆتای شەرمەزار کرد.

بەڵام ئەمجارەیان جیاواز بوو. ئەو وتووێژەکان بە نهێنی و بە دەستپێشخەریی خۆی دەست پێدەکا. جووڵانەوەی دژی ئاپارتاید بەهێزتر ببوو. دەوڵەت دەستی پێکردبوو ڕۆژانی کۆتایی خۆی بژمێرێ. بۆتا بە هاووڵاتیانی گوتبوو "یا خۆیان ڕابێنن یا بمرن". لەهەمان کاتدا ماندێلا دەیزانی کە دۆخی هەنووکەیی دەتوانێ تا دەیان ساڵی دیکە درێژە بکێشێ، و ئەویش لاوتر نەدەبوو. ئەو هەروەها دەیزانی کە هاوکارەکانی، حیزبەکەی یا جیهان چاوەڕوانی ئەوەیان نییە کە ئەو دەستپێشخەری دانووستان بێ. ئەو نامەیەکی نهێنی بۆ کۆبی کۆئێتسی، وەزیری داد نووسی، کە لەویدا باسی ویستی خۆی بۆ وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی کردبوو.

پێشوەچوونەکان زۆر هێواش بوون. لە نووسینی یەکەم نامەوە بۆ یەکەم دیدار نزیکی دوو ساڵی خایاند. ئەو نەیدەزانی دەوڵەت بەتەمای قبوڵی پێشنیارەکەیەتی یا نا و درێژەی بە نووسینی نامەکانی دا. بەڵام لەناکاو لە ١٩٨٦، ڕەوتی ڕووداوەکان خێرا بوون.

وەک بۆی باس کردم: " ئێستاش زۆر باش لەبیرمە، ڕۆژی چوارشەممە من نامەکەم پێدان، بێ ئەوەی کە شتێکی زۆر بە کۆمیسیونەر بڵێم،"من دەمهەوێ بۆ مەسەلەیەکی گرینگی نەتەوەیی چاوم پێتان بکەوێ." یەکشەممەی دواتر ماندێلا بانگهێشتی ماڵی کۆمیسیونەر کرا کە لە بینای بەندیخانەکە دابوو. کاتێک ماندێلا بەرەوڕووی کۆمیسیونەر بۆوە، ئەو پێی گوت کە دەیهەوێ چاوی بە وەزیری داد بکەوێ. کۆمیسیونەر پرسیاری کرد بۆ؟



ماندێلا گوتی: "دەمهەوێ لە گەڵیدا باسی مەسەلەی وتووێژ لە نێوان ئەی ئێن سی و دەوڵەت بکەم." کۆمیسیونەر دەستبەجێ تەلەفۆنی بۆ کۆئێتسی کە لە کەیپ تاون بوو کرد. بە گوێرەی ماندێلا، کۆئێتسی گوتی، "هەر ئێستا بیهێنن بۆ ماڵی من." ماندێلا هەرگیز نەگەڕاوە خانەکەی خۆی لە بەندیخانە بەڵکو بە جلوبەرگی زیندانەوە بردیانە ماڵی کۆئێتسی لە کەیپ تاون، لەوێ سێ کاتژمێری تریشی تێپەڕ کرد.

ماندێلا هەرگیز نەیدەویست چاوی بە خەڵک بکەوێ مەگەر ئەوەی کە لەگەڵیان یەکسان با. ئەو هێچ پێی خۆش نەبوو کە هێشتاش یونیفۆرمی زیندانی لەبەر دابوو بەڵام گوێی نەدایە.

ئەو وەبیری دێ کە: "ئەوجار پێمگوت، من دەمهەوێ پی دەبلیو بۆتا، سەرۆک کۆماری وڵات ببینم." ماندێلا داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەزیری داد کردبوو تەنیا بۆ ئەوەی پێی بڵێ کە دەیهەوێ چاوی بە سەرۆک کۆمار بکەوێ. ماندێلا کەڵکی لەهەرکام لەو پیاوانە وەرگرتبوو تا مەسەلەکە بۆ سەرووی خۆیان بگوازنەوە. داوای ماندێلا لە کۆئێتسی دانووستانەکەی گەیاندبوو بەرزترین ئاست، کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە نێوان بەناوبانگترین زیندانیی سیاسی جیهان و ئەو مرۆڤەی کە لە کۆتاییدا ئەوی لە پشت میلەی زیندان دا ڕاگرتبوو. کۆئێتسی دەستبەجێ تێگەیشت کە ئەو دیدارە چەندە مێژووییە. ئەو ڕۆژە دەستپێکی زنجیرە ڕووداوێک بوون کە لە کۆتاییدا نە تەنیا بووە هۆی ئازاد کرانی ماندێلا، بەڵکو وتووێژەکان بوونە هۆی یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراتیک لە مێژووی ئەفریقای باشوور.

*****

کاتێک کە ڕێبەری پێشەنگی، ناتوانی هاوکارەکانت لەدواوە جێ بێڵی. کەوابوو دوای ئەوەی کە گفتوگۆ نهێنییەکان دەستیان پێکرد، ماندێلا داوای کرد کە هەڤاڵەکانی ببینێ. ئەو دەیهەویست بۆیان باس بکا کە چی کردووە و دڵنیا بێ کە لەگەڵی دەمێننەوە. هەرچەند کە تەنیا سێ ڤات لێک جیا بوون، داوای چاوپێکەوتنیان دەبوو پێشکەشی کاربەدەستانی بەندیخانە بکرێ، پاشان بە ناو بوروکراسی کەیپ تاوندا تێپەڕ بێ و لە کۆتایی دا بگاتە بنکەی سەرەکیی دەوڵەت لە پریتۆریا. ئەم جارە تەنیا ڕێگای پێدرا کە هاوکارەکانی یەک بە یەک ببینێ. لەجیاتی پێداگریی بکا، ماندێلا ڕازی بوو. یەکەم کەس کە چاوی پێکەوت والتێر بوو، کۆنترین هاوڕێ و هاوکار، مامۆستاکەی، کەسێک کە یەکەم جار لە لاوە شەڕانی و باڵابەرزەکەی ترانسکەی دا ڕێبەرێکی جەماوەریی دیتبوو.

ئەو لەبارەی وتووێژە نهێنییەکاندا لەگەڵ والتێر قسەی کرد.

ماندێلا کاردانەوەی والتێری لەبیر مابوو کە ئەرێنی نەبوو. ئەو گوتی:" باشە من وەک پرەنسیپ دژی وتووێژ نیم، بەڵام ئاواتم ئەوە بوو کە ئەوان دەستیان پێ کردبا، نەوەکو ئێمە. منیش پێم گوت: "ئەگەر تۆ وەک پرەنسیپ دژی وتووێژ نی، کەوابوو گرینگ نییە کێ دەستی پێکردووە، من دەستم پێکردووە."

پاشان ماندێلا چاوی بە مالبا و کەترادا کەوت. کەترادا لەگەڵ والتێر هاوڕا بوو و دژی گفتوگۆ. مالبا و ملانگێنی هەڵوێستیان وەک یەک بوو: چاوەڕوانی چ دەکەی؟

بەڵام کاردانەوەی ڕێبەریی ئەی ئێن سی لە لوزاکا بەم شێوەیە نەبوو. لە ڕاستیدا کاتێک هەڤاڵە نزیکەکەی، ئۆلیڤەر تامبۆ، سەرۆکی ئەی ئێن سی دەنگۆکانی لەبارەی وتووێژی ماندێلا لەگەڵ دەوڵەت بیست، زۆر نیگەران بوو. هەندێکیش پێیان وابوو کە ماندێلا تێکشکاوە و خیانەتی کردووە. تامبۆ نامەیەکی بۆ نارد و داوای ڕوونکردنەوەی لێکرد.

ماندێلا وەبیری دێ: "من پێم گوت، هەڤاڵ ئۆ ئار، من وام بانگ دەکرد، من خەریکی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتم، بۆ یەک شت، تەنیا یەک شت، چاوپێکەوتن لە نێوان ئەی ئێن سی و دەوڵەت، ئەوە هەموو شتێکە و تەواو."

لە بڕیاری دەستپێکردنی وتووێژ، ئەو باش دەیزانی ڕێبەرایەتیی خۆی دەخاتە مەترسییەوە. جگە لە تامبۆ، خەڵکیتر لە ناو ئەی ئێن سی دا هەبوون، لە ئاستی هەرە بەرز دا، کە هەستیان دەکرد ئەو خیانەتی بە جووڵانەوە کردووە. تەنانەت هەندێک پێیان دەگوت خائین. گومان لەوە دا نییە کە ئەو پلەی دیاریکراوی خۆی وەک ڕێبەری ئەی ئێن سی و سەرۆکی جووڵانەوەی دژی ئاپارتاید لە مەترسی داویشت. هەر ئێستا هی وا هەبوون لەناو ئەی ئێن سی دا کە بە دژی ئەو پیلانیان دەگێڕا و ئەوە بیانووی دەدا دەستیان.




زۆر جار ماندێلا بە منی گوتبوو کە ئەی ئێن سی کۆمەڵێک بوو کە هیچ کەس بڕیاردەری کۆتایی نەبوو. کەوابوو من پرسیارم لەبارەی ئەو بڕیارە وەرچەرخێنەرە لێکرد کە بە تەنیا دابووی.

ماندێلا بێدەنگ بوو. "هیچ گومان لەوە دانییە کە هەندێک جار پێویستە ڕێبەر بڕیاری سەربەخۆ بدا، بێ ئەوەی کە ڕاوێژ لەگەڵ کەسێک بکا و بە ڕێکخراوەکەی بڵێ کە چی کردووە. هەندێک مەسەلە هەن کە من بڕیاریان بۆ دەدەم و بۆتیان باس دەکەم، و تەنیا پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ ئەم کارەی من لە بەرژەوەندیی جووڵانەوەیە. من دەڵێم ئەگەر من ئەم پرسەم [وتوویژ] پێش دیدار لەگەڵ دەوڵەت، لەگەڵ هاوکارەکانم باس کردبا، ئەوان ڕەتیان دەکردەوە. ئەمڕۆ ئێمە وتووێژمان نەدەبوو."

ڕیبەریی پێشەنگ بۆ ماندێلا بە مانای بەرپرسیاربوونیشە. ئەو پێشوازیی لەو بیرۆکەیە دەکا کە ئەگەر بڕیارێکی بە تەنیا دا، بەرپرسیارییەتی ئاکامەکەشی دەگرێتە ئەستۆ. ئەو دەڵێ، ئەگەر هەڵە بکا، دەزانی کە کێ تاوانبار بکەی. تا ئەمڕۆش ئەو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بڕیاری وتووێژ لەگەڵ بۆتا، ڕەنگبێ شۆڕشگێرانەترین بڕیار بووبێ کە داویەتی. کاتێک کە ئەو گەیشتە ئەو قەناعەتە کە ناکرێ سەرکەوتنی سەربازیی وەدەست بێنێ و تەنیا ڕێگا ڕێککەوتن لە ڕێگای گفتوگۆیە، لە گۆڕینێ ڕێباز دوودڵ نەبوو.

*****

ماندێلا لە ماوەی ژیانی دا زۆر جار لە کاتی گۆڕانی هەلومەرج، بۆچوونی گۆڕیوە. ئەوە بۆ ناوبراو ئەقڵی تەندرووستە. کاتێک کە ئەو شتێک دەبینێ کە خۆلادان لێی مەحاڵە، ڕوانگەی خۆی دەگۆڕێ. بەڵام ئەو ڕوانگەی

خۆی لەناکاو ناگۆڕێ. ئەو پێی خۆشە لە گشت ئاکامەکانی گۆڕینی ڕوانگەی خۆی بکۆڵێتەوە. تەنیا ئەو کاتەیە کە ئەو هەنگاو دەنێ. هەندێک جار ئاکاری ئەو لە ڕوانگەی خەڵکەوە وا دێتە بەرچاو کە لە پڕڕا بووبێ، بەڵام ئەو پێشدا زۆر بە باشی بیری لێکردۆتەوە. ئەو دەڵێ شتی حەتمی وەدوا مەخە ئەگەرچی ئەوە ڕێگاچارەیەک نەبێ کە تۆ لەسەرتا دا بەتەمای بووی.

ئەو کاتی بەیەکەوە کارمان دەکرد، لەگەڵێدا بەسەفەر چوومە واشینگتۆن دی سی. لەوێ لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانییدا، گوتی کاتی ئەوە هاتووە ئامریکا و باقی جیهان کۆتایی بە ئابلۆقەکانیان دژی ئەفریقای باشوور بێنێ. ئەو ئاڵۆگۆڕە سیاسییەی ماندێلا بۆ هاوکارەکانی لەناو ئەی ئێن سی و خەڵکی دەرەوە وەک سورپرایزێک بوو. ئەوە شتێک بوو کە چەندین مانگ بوو باسی لێوە دەکرا بەڵام نەگەیشتبوونە ئاکام. ئەو هەندێک جار دەیگوت، تۆ تەنیا پێویستە بەربەستەکە لابەی. ئەو هەوڵی دابوو هاوهەڵوێستییەک درووست بکا و سەرکەوتوو نەبوو. ئەو پێی خۆشە هاوهەڵوێستیی هەبێ، بەڵام ئەگەر مومکین نەبێ، بۆخۆی دەستپێشخەریی دەکا. لەبارەی ئابلۆقەکانیش دا، ئەو لەبارەی ئەو بیرۆکەیە قسەی لەگەڵ کردبووم و گوتی کە بیری لێدەکاتەوە، کە ئەوە زۆر جار بەو مانایە بوو کە بڕیاری داوە و خەریکی لێکۆڵینەوەیە.

کاتێک کە ئەو لە ١٩٩٩ دەستی لەکار کێشاوە، بەڵێنیی دا کە دەورانێکی ئارامی خانەنشینی دەست پێ بکا. بەڵام وا نەبوو. ئەو نەیدەتوانی لە ئاست ئاسەوارەکانی ئەیدز لە ئەفریقای باشوور بێدەنگ بێ. کاتێک کە ئەو لە بەندیخانە هاتە دەر، زانیاریی زۆر کەمی لەبارەی ئەو نەخۆشییەدا هەبوو. ئەوەی ڕاستی بێ ئەو هێشتا هەندێک بۆچوونی کۆنەپارێزی لەبارەی ئەیدز و هاوڕەگەزخوازیی دا هەن کە بۆ پیاوێکی هاوتەمەنی ئەو چاوەڕوانکراو بوون. بەڵام کاتێکی کە ئەو دەستی لەکار کێشاوە و دیتی کە جێگرەوەکەی، تابۆ مبێکی، چەندە بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ قەیرانی ئەیدز لە ئەفریقای باشوور دەکرد، خۆی بۆ ڕانەگیرا. مبێکی ماوەیەکی دوورودرێژ حاشای لە پەیوەندیی نێوان ڤایروسی ئێچ ئای ڤی و ئەیدز دا دەکرد و ئیزنی نەدەدا کە دەرمانی دژی ئەیدز بە نەخۆشەکانی خاوەن ئەیدزی ئەفریقای باشوور بدرێ.

لەکۆتایی دا ماندێلا لە ٢٠٠٢ بە ڕۆژنامەی ساندەی تایمزی ژوهانسبورگی گوت، "ئەوە شەڕە. ڕێژەی ئەو کەسانەی کە بەوهۆیەوە مردوون لە گشت شەڕەکان و کارەساتە سرووشتییەکانی پێشوو زیاترە. ئێمە چیتر نابێ لەوبارەوە



سەرچاوە
Serchawe

مشتومڕ بکەین و دەلیل بێنینەوە، لە کاتێکدا کە خەڵک دەمرن." مبێکی بە وتەکانی ماندێلا کەیف خۆش نەبوو، بەڵام وتەی ماندێلا شتێکی درووست بوو. هەندێک جار ڕێبەری پێشەنگ بوون بەو مانایەیە کە تۆ ئیعتراف بە هەڵەکانت بکەی. ماندێلا تێگەیشت کە ئەو درەنگ ڕاستییەکەی دیتووە، ئەو نەیدەتوانی یارمەتی بکا بەڵام دەیتوانی هەڵەکەی ڕاست بکاتەوە.

تەنانەت وەک تەماشاوانیش، ماندێلا ڕێبەرێکی پێشەنگ بوو.

## لە دواوە ڕێبەریی بکە



ئەگەرچی ماندێلا ئاشقی سەرشانۆ بوو، ئەو دەیزانی کە دەبێ لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی بکا. ئەو دەیزانی کە بەشێک، بەشێکی بەرچاو لە ڕێبەریی سەمبۆلیکە بوو و کە ئەو سەمبۆلێکی نایاب بوو. بەڵام ئەو دەیزانی کە ناتوانێ هەمیشە لە پێشەوە بێ و ئەگەر ئەو خەڵکی دیکە بۆ ڕێبەریی کردن پێ نەگەیەنێ ئامانجە مەزنەکەی دەمرێ. ئەگەر بەزمانی باسکێتباڵ بدوێین ئەو دەیهەویست تۆپەکەی پێبێ بەڵام تێدەگەیشت کە دەبێ بۆ خەڵکی دیکەی پاس بکا تا تۆپەکە لە زەنبیلە بهاوێن. ماندێلا بەکردەوە باوەڕی بە نرخی کاری تیمی هەبوو و دەیزانی کە بۆ ئەوەی کە باشترین ئاکام لە کاری خەڵکەکەی وەرگرێ، دەبێ ئیزن بدا ئەوانیش خۆ بە خاوەنی شانازییەکان بزانن و ئەوانیش هەست بکەن لە کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی هەیە.

بەیانییەکی، ئێمە نزیکەی کاتژمێر و نیوێک لە پشت ماڵەکەی لە ترانسکەی پیاسەمان کردبوو، و تەموژی بەیانی نیشتبۆوە. لە شوێنێک بووین کە بە بەرد و گڵ و گیای کورتی وشک داپۆشرابوو و چەند دارێکیشی لێبوون. ماندێلا ڕاوەستا و سەری هەڵبڕی و چاوی لە دەوروبەری کرد. ئەو گوتی کە ئەو ناوچەیە سەردەمێکی شوێنی چاندنی میلی بووە، بە زمانی ئافریکان بە گەنمە شامی دەڵێن میلی.

"زۆر خۆش بوو. ئێمە قەرار بوو ئاگامان لە ڕەشەوڵاخ بێ، بەڵام هەندێ جار گەنمە شامیمان دەدزین و دەمان برژاندن. ئێمە شارە مێرووڵەی گەورەی چۆڵکراومان دەدیتنەوە. تەنیا شتێک کە لەناو ئەو شارە مێرووڵانە دابوون هەندێک پووش و پەڵاش و چەند دانە موریانە بوو. ئێمە گەنمەشامییەکانمان لەناو ئەو کونەمێرووڵەیە دەهاویشت و بە گیای ویشک ئاگرمان دەکردەوە. دوایە کونەکەمان بە قاسکە گەنمە شامییەک دەگرت و ڕادەوەستاین تا گەنمە شامییەکان دەبرژان، موریانەکان چەوراییەکیان ئەدا بە گەنمەشامییەکان کە گەلێک بەتام دەبوون." لە کاتی گێڕانەوەی دا، وێدەچوو کە ماندێلا گەڕابێتەوە سەردەمی کوڕێنییەتی و تامی گەنمە شامییە برژیوەکانی دەکرد.

ئەو ڕووی لە من کرد و گوتی، تۆ قەت شوانی ڕەشەوڵاخ بووی، ریچارد؟" من گوتم نەخێر. ئەو سەری ڕاوەشاند. لە کاتی مێرمنداڵیدا، لە هەشت یا نۆ ساڵییەوە، ماندێلا دوانیوەڕۆی زۆری بۆ شوانیی ڕەشەوڵاخ تەرخان کردبوون. دایکی چەند سەر ڕەشەوڵاخی هەبوون، بەڵام ئەو و کوڕەکانی دیکە ئاگایان لە گاڕانی گشت گوندەکە دەبوو. ئەو بنەماکانی شوانیی بۆ شی کردمەوە.

"دەزانی، کاتێک کە تۆ بتهەوێ ڕەشەوڵاخەکان بەرەو ئاراستەیەک بەری، لە دوایانەوە بە گۆچانێکەوە ڕادەوەستی، پاشان کارێک دەکەی کە چەند ڕەشەوڵاخی زیرەکتر وەپێش کەون و بۆ ئەو لایە بڕۆن کە تۆ دەتهەوێ. باقی ڕەشەوڵاخەکان وەدوای ئەو چەند سەر ئاژەڵە گورجوگۆڵتر دەکەون، بەڵام تۆ لەدواوە ڕێنوێنییان دەکەی." ئەو پشوویەکی داو دوایە گوتی "سەرۆکێکیش دەبێ کارەکەی بەهەمان شێوە بکا."

بەسەرهاتەکە بەراورد کردنە، بەڵام ڕێبەریی کردن بەشێوەیەکی بنەڕەتی مەسەلەی جوڵاندنی خەڵک بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو، ئەغڵەب لە ڕێگای گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوە و ئاکارەکانیانەوەیە. شێوەی ئەنجامدانی ئەو کارەش وەپێش کەوتن و هاوار کردنی "وەدوام کەون" نییە، بەڵکو لە ڕێگای دەسەڵات دان و هاندانی ئەوانی

دیکەیە بۆ ئەوەی کە پێش تۆ بکەون. ئەوە لە ڕێگای خاوەن دەسەڵات کردنی خەڵکی دیکەیە کە ئێمە ڕێبەریی و بیرۆکەکانی خۆمان دەگوازینەوە. ئەوە لە گشت لایەنەکانی ژیان دا بەنرخە. ئێمە ئەوە لە شوێنەکانی کار کاتێک کە بەرپرسێک کارمەندەکانی بۆ دارشتنی ستراتیژییەکی نوێ هان دەدا دەبینین. ئێمە ئەوە لە ماڵدا دەبینین کاتێک دایک و باوکەکان، لەجیات سەپاندنی قسەی خۆیان بە زۆرەملی، کۆبوونەوەی بنەماڵەیی بۆ ڕێنوێنی کردنی مناڵەکانیان بەرەو یاسا و ئاکاری ماقووڵ پێکدێنن.



جارێکیان یەکێک لە هاوکارە دێرینەکانی ماندێلا بۆی گێڕامەوە کە چونکە ماندێلا هێندە بەهێز و خاوەن کاریزمابوو، هەرگیز ستایش نەکرا کە چەندە زیرەکە. خەڵک زۆرجار باسیان لە بوونی دەکرد نەک لە ژیرییەکەی. بەڵام لە کاتێکدا کە ماندێلا پانتایی خۆی بە کەم نەدەگرت، ئەو دەشیزانی کە شتەکان زوو وەرناگرێ. ئەو دەبوو کاری لەسەر بکا.

ئەو هەمیشە کاتێکی زۆری بۆ شتی تەرخان دەکرد چونکە بەڕاستی دەیهەویست لە شتەکان تێبگا و لە گشت لایەکەوە لێیان بکۆڵێتەوە. ئەو قەت هێندە ساکار نەبوو، کە کاتێک کە شتێکی نەزانیبا، وا بنوێنێ کە زانیاریی لەبارەیەوە هەیە. لەبەر ئەو هۆیە، ئەو لەگەڵ خەڵکی وەها خۆی ڕێکدەخست کە پێی وابوو لە خۆی زیرەکتر و خێراترن. ئەو دەیهەویست شت لە هی وا فێربێ کە پێی وابوو پسپۆریی ڕاستەقینەیان هەیە و هەرگیز شەرمی نەدەکرد کە پرسیار بکا تا شتەکانی بۆ شی بکەنەوە. و لەڕێگای پرسیار بۆ ڕاوێژ و یارمەتیی، نەتەنیا ئەو لێیان فێر دەبوو بەڵکو ئەوانی بەدەسەڵات دەکرد و دەیکردنە هاوپەیمانی خۆی. ماندێلا تێدەگەیشت کە هیچ شتێک بە

قەد داوای یارمەتیی کردن لە کەسێکی دیکە ڕێزت لەلای ئەو کەسە ناباتە سەر، کە کاتێک کە ڕوو لە خەڵکیتر دەکەی، دڵسۆزیی ئەوان بۆخۆت زیاد دەکەی.

*****

نموونەی ماندێلا بۆ ڕیبەریی کردن باوکی نەبوو بەڵکو جۆنگینتابا، پاشای ئەو شوێنە بوو کە لێی گەورە ببوو، شوێنی مەزن. دوای مردنی باوکی ماندێلا، دایکی کیفێکی بچکۆلەی لە شتەکانی ماندێلا پڕ کرد و لەگەڵی بە گردەکانی ترانسکەی دا چوو بۆ ماکیزیوێنی، پێتەختی تێمبولەند، کە بە شوێنی مەزن ناسراوە. باوکی ماندێلا ڕاوێژکاری پاشا بوو و پاشا دەیهەویست ماندێلا ڕابهێنێ تا ڕۆژێک ببێتە ڕاوێژکاری کوڕەکەی، جاستیس کە هاوتەمەنی ماندێلا بوو. ماندێلا سەفەرە بێدەنگ و درێژەکەی لە گەڵ دایکی لە کونو، گوندی لە دایکبوونیەوە، بە پێیان لەبیر مابوو. ئەو لەوە ناڕاحەت بوو کە تەنیا دونیایەک کە دیناسیی جێ دەهێڵێ، بەڵام کاتێک کە گەیشتنە شوێنی مەزن بە شکۆی ئەو شوێنە سەرسام بوو. هەر وەک لە بیرەوەرییەکانی بەندیخانەدا نووسی، "من پێموا نەبوو کە هیچ شتێک لە دونیا دا لەمە مەزنتر بێ." لەڕاستیدا شوێنی مەزن شتێک نەبوو زیاتر لە دەرزەنێک خانوو و حەوشەیەکی مەزن. ئەوە لە بەراورد لە گەڵ بارەگایەکی پاشایەتی ئەفریقاییش دا شتێکی ساکار بوو. بەڵام ئەو پێی وابوو کە لە ناوەندی جیهان دابەزیوە.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دابەزینی، وەبیری دێ کە ئوتۆمبیلێکی مەزن بە دەروازەی خۆرئاوای گوندەکە دا هاتە ژوور و گشت پیاوەکانی گوندەکە کە لەژێر سێبەر دانیشتبوون هەستانە سەرپێ و هاواریان کرد، "بایەتێ ئا جۆنگینتابا!" (بژی جۆنگینتابا)، سڵاوی نەریتیی چۆسا بۆ سەرۆک. هەر وەک ماندێلا لە بیرەوەرییەکەیدا دەیگێڕێتەوە، "پیاوێکی کورتەباڵای بەهێز، پێست ڕەش کە قاتێکی قۆزی لەبەردا بوو، لە ئوتۆمبیلەکە دابەزی و هاتە ناو ئەو خەڵکەی کە لە ژێر دارەکان کۆ ببوونەوە. ئەو مرۆڤێکی جیددی بوو و روخسارێکی ژیرانەی هەبوو. باوەڕ بەخۆبوونەکەی و ئاکارە ئاساییەکەی ئەوی وەک کەسێک نیشان دەدا کە عادەتی بە پێهەڵدا گوتن و بەکارهێنانی دەسەڵات گرتوە." ئەو شا جۆنگینتابا بوو.

ئەم ڕۆژە لە بیری ئەو دا تاهەتایە مایەوە. هەر وەک لە بیرەوەرییەکانی دا باس دەکا، تا نەچووبو بۆ ماکیزیوێنی، تەنیا ئاواتی بەرزی ئەوە بوو کە ببێتە پاڵەوانی شەڕە گۆپاڵ یا ڕاوچییەکی مەزن. ئەو دەنووسێ، "



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام هەر لەو یەکەم ڕۆژە دا، هەستم کرد کە من وەک دارێکم کە ڕیشەکەی لە زەوی هەڵکەنراوە و فڕێدراوەتە ناو خوڕاوێک." ئەم خوڕاوە ڕێگای ڕێبەریی بوو، بەڵام ئەوەی کە ئەم ڕێگایە چۆن ئەوی بۆ ناو دونیایەکی مەزنتر ڕێنوێنی دەکا، شتێک بوو کە ئەو هێشتا نەیدەتوانی بیری لێ بکاتەوە.

ماندێلا بەوردی سەرنجی دایە شێوە و ئاکاری پاشا. سەرۆک هۆزیی ئەو تەوەرە بوو کە ژیانی کۆمەڵگاکە و ژیانی خۆشی بە دەوری دا دەگەڕا. پاشا پیاوێکی خوێندەوار (خاوەن توانایی نووسین و خوێندنەوە) نەبوو، بەڵام ئەو پارێزەری مێژوو و دابونەریتی تێمبو بوو. ڕەنگبێ پاشا وەک ڕێبەر لە دایکبووبێ، بەڵام ئەو لە هەمان کاتدا وەک خزمەتکاری خەڵک سەیر دەکرا. سەرۆک هۆزیی وەک ئیمتیازێک سەیر دەکرا، نە وەک مافێک. شێوەی ڕێبەریی سەرۆکانە ئەوە نەبوو کە بە تەقڵە خۆت وەپێش بدەی بەڵکو گوێڕاگربوون و پێکهێنانی هاوڕایی بوو.




کۆبوونەوەکانی بارەگای پاشایەتیی، کە وەک کۆبوونەوە دێموکراتیکەکانی شارەوانیی بوون، شوێنی ڕیبەریی کردن بوون. گشت پیاوەکانی گوندەکە دەهاتن و هەر کەس ویستبای دەیتوانی قسە بکا. بە پێی نەریت سەرۆک پێش ئەوەی کە بۆچوونی خۆی باس بکا، گوێی بۆ ڕاوێژکارەکان و خەڵکی کۆمەڵگاکە ڕادەگرت. پاشا هەمیشە بە شانازییەوە لەسەر پێ ڕادەوەستا و کاتێک کە لە کۆتایی کۆبوونەوەکە قسەی دەکرد، باسی کۆی ئەو بۆچوونانەی دەکرد کە بیستبوونی. پاشا ویستێکی بەهێزی هەبوو، بەڵام ئیزنی نەدەدا ویستی خۆی بە سەر هی کۆمەڵگا دا بسەپێنێ.

ئەوە مەبەستی ماندێلا لەبارەی ڕێبەریی کردن لەدواوەیە. سەرۆکێکی باش بە شانازییەوە باسی بۆچوونەکەی ناکا و

ئەمر ناکا خەڵکیتر وەدوای کەون. ئەو گوێ ڕادەگرێ، پوختەی بۆچوونەکان لەبەر چاو دەگرێ و پاشان هەوڵی درووست کردنی بۆچوون و ئیدارە کردنی خەڵکەکە بەرەو کردارێک ئەدا، وەک ئەو لاوەی کە لە دواوە شوانیی ڕەشە وڵاخی دەکرد. لە ڕوانگەی ماندێلا ئەمە باشترین نەریتی ڕێبەریی کردنی ئەفریقاییە. ئەو خۆرئاوا وەک مەکۆی بڵندخوازیی تاکیی دەبینێ، شوێنێک کە خەڵک بۆ وەپێش کەوتن و جێ هێشتنی خەڵکی دیکە لەدواوە دەجەنگێن. ڕێنسانسی تاک گەرایی قەت نفوزی لە ئەفریقا وەک ئوروپا و ئامریکا نەکرد. شێوەی ڕێبەریی کردنی ئەفریقایی بە باشترین شێوە بە وشەی ئوبونتو شی دەکرێتەوە، بیرۆکەیەک کە دەڵێ خەڵک لە لایەن خەڵکی ترەوە خاوەن دەسەڵات دەکرێن، کە ئێمە بە هەڵسوکەوتی خۆنەویستانە لەگەڵ خەڵکی دیکە دەبینە باشترینی خۆمان.

لەبیرمە بەیانییەکی کۆتایی حەوتوویەک گەیشتمەماڵی ماندێلا لە هۆوتن. لە حەوشەکەی، لەگەڵ تاقمێک لە ڕاوێژکارەکانی لە ژێر سێبەر بە شێوەی بازنەیەکی بچووک لە سەر کورسی دانیشتبوون و خەریکی گفتوگۆ بوون. من لەدەرەوەی بازنەکە لەسەر کورسییەک دانیشتم. ئەوەی لام سەیر بوو ئەوە بوو کە ئەم پیاوانە جەسورانە قسەیان دەکرد، ڕەخنەیان لە ماندێلا دەگرت و ڕاستەوخۆ بە ماندێلایان دەگوت کە هەندێک لە بۆچوونەکانی هەڵەن. گشت پیاوەکان ڕێزیان بۆی هەبوو (چەند دانەیان زۆر کەم) و هەندێکیان بەگوڕوتین و بێ پەروا قسەیان دەکرد. ماندێلا ڕاست دانیشتبوو، بە بێ جووڵە، بە وردی و بە شێوەیەکی بێ لایەنانە گوێی بۆ ڕاگرتبوون. ئەو دەکرا ببێتە یاریکەرێکی نایابی پۆکەر. تەنیا لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، لە کاتێکدا کە ڕاوێژکارەکانی خۆیان بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکرد، ماندێلا قسەی کرد، کۆی بۆچوونەکانی باس کردن بێ ئەوەی کە بڵێ کە بۆچوونی ڕاستەقینەی خۆی چییە. من تێگەیشتم کە پیاوەکان کاتێک کە توانیان باسی بۆچوونەکانی خۆیان بکەن کەیف خۆش بوون، بێ لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە ئاخۆ ئەوان توانیویانە قەناعەت بە ماندێلا بێنن یا نا. ماندێلا دەیزانی کە دڵنیاترین شێوە بۆ پووچەڵ کردنەوەی دەلیلهێنانەوەیک ئەوەیە کە بە سەبرەوە گوێڕایەڵی بۆچوونێکی دژی ئەو بی.

من دواتر لە بارەی ئەو گفتوگۆیە و شێوەی سەرۆکایەتییەکەی پرسیارم لێکرد. ئەو پێی گوتم "ئێمە ڕێکخراوێکی دێموکڕاتیکین، جاری وا هەیە من بە بۆچوونێکەوە دێم بۆ ئێن ئی سی (کۆمیتەی جێبەجێکاری نەتەوەیی) و ئەوان لەگەڵ من هاوڕا نین و دژی من دەنگ دەدەن. منیش بە قسەیان دەکەم،تەنانەت کاتێکیش کە ئەوان هەڵە بن. ئەوە دێموکراسییە!" ئەو قاقا پێکەنی. بەڵام ئەو دەیزانی کە لە زۆر شوێنان، بۆچوونەکانی ئەو لە بارەی

هەندێک پرس، زۆر کەمتر لە پرۆسە دیموکڕاتیکەکەوە گرینگ بوون، کە وا بوو باشتر وایە کە پرسێکی تاکەکەسی بدۆڕێنی بۆ ئەوەی کە دیموکراسی بیباتەوە.
کاتێک کە ماندێلا بوو بە سەرۆک کۆمار، بە هەمان شێوە ڕیبەریی کۆبوونەوەکانی دەکرد. ئەو هەموو هەوڵی خۆی دەدا تا دڵنیا بێ کە گشت بۆچوونەکان باس بکرێن، ئەگەرچی هەمیشەش بە قسەی نەکردبان.

جارێکیان ئابراهام لینکۆڵنی وەک مودێلی ڕێبەریی کردن بۆ باس کردم. ئەو لە سەردەمی قوتابخانەدا لە بارەی ئەو شتی خوێندبۆوە. لە ڕاستیدا، ئەو لە سەردەمی لاوەتیی دا پێی خۆش بوو لە شانۆیەکی قوتابخانە دا ڕۆڵی لینکۆڵن ببینێ بەڵام قوتابییەکی تر کە لەو باڵابەرزتر بوو ئەو ڕۆڵەی پێدرا. (ماندێلا بە پەرۆشەوە ئیعتیرافی کرد کە ئەو لە کۆتایی دا ڕۆڵی جۆن ویلکس بووتی گێڕاوە). ماندێلا دەیزانی کە لینکۆڵن چەند کەس لە سەرسەختترین ڕکابەرەکانی لە کابینەکەی دا جێکردبۆوە. جارێکیان بەسەرهاتێکی لە بارەی لینکۆڵن بۆ گێڕامەوە کە قەناعەتی بە یەکێکیان هێنابوو کابینەکەی جێ هێڵێ و لە کۆتایی دا لینکۆڵن گوتبووی، "کاری ئاقڵانە ئەوەیە کە قەناعەت بە خەڵکی بێنی کارێک بکەن و پێیان وابێ کارەکە بیرۆکەی خۆیان بووە."

بۆ ماندێلا، ڕێبەریی کردن لە دواوە بەشێوەیەک وەک کامۆفلاژ [شاردنەوە بە هاوەڕەنگ] دەچێ بۆ ڕێبەری پێشەنگ بوون. بەڵام ئەو لە سنوورداربوونی ڕێبەریی تاک دەگا، تەنانەت هی خۆشی. کاتێک لە بەندیخانە هاتە دەر، ئەو وەک ریپ وان ڤینکلێی ئەفریقا دەچوو (کاراکتەری چیرۆکێکە کە نووەسری ئامریکایی واشینگتۆن ئیروینگس نووسیویەتی و وەک بەسەرهاتی ئەسحابی کەهف دەچێ. و.) هەڤاڵ و هاوکارەکانی ئەویان لەسەر گشت بابەتێک ئەزیەت دەکرد: مافی ژنان، میدیای سەردەم، ئەیدز و ئیچ ئای ڤی و دەرزەنێک بابەتی دیکە. ئەوە هەم فێرکردنێکی پێویستە و هەمیش نیشانەی بیرۆکەی ئافریقایی لە بارەی سەرۆکایەتیی هەرەوەزییە. لە سەردەمی کوڕێنییەوە ئەو تێگەیشتبوو کە ڕێبەریی هەرەوەزیی دوو شتن: مەزنتر بوونی ئاقڵی گشتیی تاقمێک لە هی تاک، و خۆ ماندوو کردنی زیاتری تاقمەکە بۆ دەستەبەر کردنی هەر ئاکامێک کە لە ئەنجامی هاوڕایی وەدەست بێ. ئەوە بردنەوەی دووقات بوو.

ڕێبەریی کردن لە دواوە بە هەمان شێوەیە: تۆ بە شێوەیەکی هارمۆنیک بە ئاکام دەگەی. ئەوە هەم بۆخۆت باشە و هەم بۆ ئەوانی دیکە.

## بەرگی شیاوی کەسایەتی خۆت بپۆشە




ئێمە هەوڵ دەدەین خەڵک بە پێی تایبەتمەندیی ئەوان هەڵسەنگێنین، بەڵام نێلسۆن ماندێلا تێگەیشتبوو کە هەندێک جار باشترین ڕێگا بۆ نیشان دانی تایبەتمەندیی تۆ، ڕواڵەتی تۆیە. لە گشت ژیانی دا ماندێلا هەمیشە لەبارەی ڕواڵەتی شتی بەپەرۆش بوو، لە ڕەنگی کراسەکەی ڕا تا چۆنیەتی هاتنە بەرچاوی سیاسەتێکی لە لایەن لایەنگرانییەوە تا ئەوەی کە چەندە ڕاست ئەوێستا. ئەو هەرگیز بە کەس نالێ بڕیار لە سەر کتێبێک بە پێی بەرگەکەی مەدەن، چونکە دەزانێ ئێمە هەموومان ئەو کارە دەکەین.

ماندێلا ئاشقی جلوبەرگە. ئەو هەمیشە ئاوا بووە. ئەو پێی وانییە جلوبەرگ مرۆڤ درووست دەکەن، بەڵام ئەوان کارتێکەریی ڕاستەوخۆیان هەیە. لە ڕوانگەی ئەو ئەگەر دەتهەوێ خۆت بە شێوەیەک بنوێنی، دەبێ جلوبەرگی شیاوی ئەو نواندنەش بپۆشی. ئەو کاتێک کە کوڕێکی بچووک بوو فێری ئەو شتە بوو، کاتێک کە باوکی شەڵواری ئەسپسواریی خۆی بۆ بچووک کردەوە بۆ ئەوەی کە نێلسۆن بتوانی لەیەکەم ڕۆژی قوتابخانە دا لە پێی بکا. باوکی بڕیاری دابوو کە کوڕەکەی نابێ وەک ڕەشپێستێکی ناشارستانیی پەتوو بەخۆ دادا. دواتر، کاتێک کە پیاوێکی لاو بوو و ببوو بە پارێزەری پاشای تێمبولەند، یەکێک لە ئەرکەکانی ئوتوو کردنی قاتی پاشا بوو. پاشا دەبوو بەم شێوەیە بێ و ماندێلا بە وردبینییەکی زۆرەوە ئەو کارەی دەکرد. جارێکیان لە بیرمە ئەو پرسیاری لێکردم کە ئاخۆ دەتوانم ئوتوویەکی لە ژووری هوتێلەکە بۆ بیینمەوە چونکە چاکەتەکەی چرچن ببوو. ئەو تێبینی لە سەر

چۆنایەتی قوماشی قاتەکەی خۆی و هی خەلکیتر هەبوو. ئەو زۆر بە باشی قاتە شیکەکەی لەبیر ماوە کە پاشا پێش ئەوەی ماندێلا بچێ بۆ زانکۆی فۆرت هێر، بۆی بە درووست کردن دابوو.

بەڵام ئەو همیشە توانای کڕینی ئەو قاتانەی نەبوون کە پێی خۆش بوو بیانپۆشێ. لە سەرەتاکانی ئەو کاتەی کە لە ژوسانسبورگ دەژیا، لە ماوەی ٥ ساڵ دا تەنیا قاتێکی هەبوو، کە لە کۆتایی دا پینەکان لە ئەسڵی قاتەکە زۆرتر بوون. ئەو ئێستاش لە بیری ماوە کە چەندە لە پۆشینیان شەرمەزار دەبوو. چەند ساڵ دواتر کە وەک پارێزەرێکی لاو هەندێک سەرکەوتنی وەدەست هێنا، یەکەم کار کە کردی دیتنەوەی بەرگدروویەک بوو. پارێزەری داهاتووی ماندێلا، جۆرج بیزۆس، وەبیری دێ کە کاتێک کە لەلای بەرگدروویەکە چاوی بە ماندێلا کەوتووە، یەکەم پیاوی ڕەشپێست بووە کە بۆ ئەندازە گرتن چووبێتە لای بەرگدروو. ماندێلا هەمیشە هەستێکی سروشتیی بۆ مۆدە هەبوو و ئەو کاتی وەک کەسێکی زۆر نایاب سەیر دەکرا. ئەو تەنیا لەبەر ئەوە جلوبەرگی باشی لەبەر نەدەکرد کە کەیفی پێ دەکرد بەڵکو لەو سەردەمی دا، سپی پێستەکان بە گوێرەی جلوبەرگی ڕەش پێستەکان ئەوانیان هەڵدەسەنگاند و ئەو نەیدەویست وەک کرێکارێکی ئاسایی سەیر بکرێ بەڵکو وەک پیاوێکی پرۆفێشناڵ.

ئەکتەرەکان دەزانن کە کاتێک کە دەچن بۆ تاقیکاریی ڕۆڵێک، بە پۆشینی جلوبەرگی شایستەی ڕۆڵەکە هیوادارن ڕۆڵەکەیان پی بدرێ. هەر وەک نواندنی نەترسیی دەتوانێ ببێتە بوێریی ڕاستەقینە، پۆشینی جلوبەرگی کەسێک کە دەمانهەوێ ڕۆڵی بنوێنین، ئێمە لە بوون بەو کەسە نزیکتر دەکاتەوە. بە درێژایی ژیانی، ماندێلا هەمیشە وێدەچوو ئەو ڕۆڵەی ببینێ. کاتێک کە خوێندکار بوو دەیهەویست وەک کەسێکی دەقیق و ڕێکوپێک بێتە بەرچاو.

کاتێک کە پارێزەرێکی لاو بوو، قاتی بەدرووومان دراوی دەپۆشی تا کارتێکەریی لەسەر دادوەر و مشتەرییەکانی هەبێ. کاتێک کە ڕووی کردە ژیانی نهێنی، ئەو جلوبەرگی کرێکاریی دەپۆشی و ڕیشی هێشتبۆوە. کاتێک کە ئەو بۆ یەکەم جار بوو بە سەرۆک کۆمار، قاتی کۆنەپارێزی ڕەشی دەپۆشی. دواتر، کاتێک کە ئەفریقای باشوور سەقامگیر بوو، وازی لە قاتی شێوازی ئوروپایی هێنا و کراسی ئاوریشمی خاوەن نەخش و نیگاری ئەفریقایی لەبەر دەکرد. ئەوان بوونە مۆرکی جلوبەرگی ناوبراو، خەڵک پێیانی دەگوت "کراسی ماندێلا". ئەو ئاشقی ئەو کراسانەیە و کۆمۆدێکی جلوبەرگی پڕی لەو کراسانەهەیە. جگە لە کەیفخۆشیی بە ڕەنگی زیندوو، ئەو کراسانە نوێنگەی دەسەڵاتێکی نوێن، ئەفریقایی، ڕەسەن و باوەڕ بەخۆ. کراسەکان هەڵوێستێکن: چیتر ڕیبەرێکی ئەفریقایی

پێویست ناکا جلوبەرگی مودێل خۆرئاوایی بپۆشی تا بە جیددی وەرگیرێ.



بە لەبەر چاو گرتنی گرینگیی سەمبۆلیکی ڕوخسار، شتیکی سەیر نییە کە یەکێک لە یەکەم شەڕەکانی ماندێلا لە دوورگەی ڕۆبێن، لەسەر جلوبەرگ بوو. بە پێی یاسا، زیندانییە ڕەشپێستەکان دەبوو شۆرت (قوڵە پانتۆڵ) لە پێ بکەن و بەندییە هیندی و ڕەنگیییەکان (ئەوانی دووڕەگە بوون)، دەیانتوانی پانتۆڵی درێژ بپۆشن. ئەو پێی وابوو کە ناچار کردنی بە پۆشینی شۆرت وەک "باخەوانێک" سووکایەتیی کردنە، بۆیە وەک هەرکام لە شەڕەکانی کە لە دوورگەکە کردنی بە توونـدی دژی ئەو بڕیارە وێستا. چەند ساڵ دواتر کاتێک کە خۆی بۆ یەکەم چاوپێکەوتن لەگەڵ پی دەبلیو بۆتا ئامادە دەکرد، ماندێلا پێی وابوو کە نابێ لە کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور یونیفۆرمی بەندیخانەی لەبەردا بێ، چونکە ئەوە تووشی دۆخێکی نایەکسانی دەکا. کەوابوو بەڕیوەبەرایەتیی بەندیخانە قاتێکی پێکهاتوو لە سێ بەشیان بۆ بە درووست کردن دا کە بۆخۆی بە وردی بڕیاری لەسەریان دابوو. ئەو بڕوای وابوو کە ئەم کارە بۆ یەکسان بوون لەگەڵ بۆتا شتێکی پێویستە.

کاتێک کە ئێمە بەیەکەوە سەفەرمان دەکرد، هەمیشە دەمهەویست بزانم ئەو ڕۆژی دواتر چی لەبەر دەکا تا بتوانم بە شێوەی شیاو جلوبەرگ بپۆشم. من دەمزانی کە ئەو شتە بۆ ئەو گرینگە. هەندێک جار دەرگای ژوورەکەیم دەکردەوە تا ئەو شتە بزانم، ئەویش ئەغڵەب دەیگوت، "ئا ریچارد، دەمهەوێ بزانم تۆ چی لەبەر دەکەی." ئەو گاڵتەی نەدەکرد. زۆرجاران بۆچوونی خۆی لەسەر قات یا کراواتێکی من باس دەکرد و هەندێک جار کە پێی وابوو من جلوبەرگی شایستەم بۆ ڕێوڕەسمێک لەبەردا نییە، نارەزایەتی دەردەبڕی.

هەڵبەت ئەوەی کە ماندێلا باڵابەرز، باریک و خۆش ئەندامە زۆر یارمەتیدەرە. ئەو باڵایەکی گەلێک جوانی هەیە.

تۆ هەرگیز نایبینی کە چەمابێتەوە و سەری هەمیشە بەرز ڕادەگرێ و دەڕوانێتە پێشەوە. لە دوورگەی ڕۆبێن، ئەو هەمیشە وریای شێوەی ڕاوەستان و ڕۆیشتنی خۆی بوو. دەیزانی کە پێویستە ببیندرێ کە دژی دەسەڵاتداران دەوەستێتەوە، بە کردەوە و بە جەستە، تەنانەت کاتێک کە بە نهێنی وتووێژی لەگەڵیان دەکرد. ئەو دەیزانی کە خەڵک لاسایی ئەویان دەکردەوە، ئەگەر ئەو باوەڕ بەخۆ و نەبەز بێ، ئەوانیش بە هەمان شێوە دەبن.

زۆر پێش ئەوەی کە غاردان ببێتە مۆدە، ئەو خولیای وەرزش کردنی هەبوو. ئەو گشت بەیانییان لە پەنجاکانی زایینی لە ژۆهانسبۆرگ غاری دەدا. بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ خۆ نواندن: ئەو زۆر شانازی بە شووش و باریکیی خۆیەوە دەکا.

زۆر وریایە کە چی دەخوا و زۆرجار گاڵتە بە هاوتەمەنەکانی خۆیەوە دەکا کە چەوری دەوری ورگیان هەیە. کاتێک کە بەیەکەوە بووین، زۆرجار تێبینی لەسەر خەڵک دەدا کە کامیان باش ماون یا نا. جارێکیان لە ترانسکەی پیاسەمان دەکرد کە تووشی چەند ژنی هاوتەمەنی خۆی لە گوندێکی نزیکی ئەوێ بووین. ئەوان باسی ئەوەیان کرد کە ماندێلا چەند لاو دەهاتە بەرچاو و ئەو گەلێک پێی کەیف خۆش بوو. ئەوان باش نەمابوون.


ئەو گوتی: "ژیانی لادێ گەلێک دژوارە و هەژاریی مرۆڤ پیر دەکا. سەرسوڕهێنەرە کە ژیانی بەندیخانە بە خواردنی کەم و جووڵەی جەستەیی، یارمەتیدەری ژیانی درێژ و لاو مانەوەیە ." بە ڕاستی، بەرنامەی بەندیخانە، بە کاری جەستەیی ڕۆژانە، ڕێژیمی خۆراکیی ساکار پێکهاتوو لە دانەوێڵە و سەوزیی و خەوتنی سەری شەوێ و لەخەو هەستانی بەرەبەیانییان، وەک بەرنامەی بەراوەژوو کردنەوەی پرۆسەی پیربوون دەچێ. والتێر سیسولو زۆر جار بە گاڵتە دەی گوت ژیانی دەرەوەی بەندیخانە سترێسی لە هی بەندیخانە زۆرترە، و لەو کاتەوە کە لە بەندیخانە هاتۆتە دەر بە باشی نەخەوتووە. ماندێلا زۆر جار باسی بەرنامەی وەرزشی بەیانییان لە بەندیخانەی دەکرد بۆم کە پێکهاتبوو لە غاردان بۆ ماوەی ٤٥ خولەک و ٢٠٠ جار شنو کردن و ١٠٠ جار شنوکردن لەسەر قامکی دەست. ڕۆژێکیان، لەناکاو لەسەر عەرز خۆی درێژ کرد و دوو جار لەسەر قامکە دەستانی شنوی کرد و دوایە دەستەکانی تەکاندن و بە ڕەزامەندییەوە زەردەخەنەی کرد.

ماندێلا لە ئاستێکی زۆر بەرزتر لە ئەوەی کە کام قات لەبەر بکا، نیگەرانی شێوەی دەرکەوتنی بوو. ئەو لە هێزی



سەرچاوە Serchawe

دیمەن گەیشتبوو. ماندێلا زۆر پێش ئینتەرنێت و کانالی ٢٤ کاتژمێریی هەواڵ، بە وردی بیری لە کاردانەوەی ئاکارەکانی لەسەر دەنگدەرانی یا میدیا و چۆنیەتی وەرگیرانی سیاسەتەکانی حیزبەکەی لە سەر شانۆی جیهانیی دەکردەوە. ئەو جارێکیان پێی گوتم: "شێوەی دەرکەوتنەکان ڕاستییەکان درووست دەکەن." ئەو لە هێزی سەمبۆلەکان گەیشتبوو و کە ئەوان زۆر جار لە ناوەڕۆکەکان گرینگترن. هەرچۆنێک بێ، ئەو لەبەر ئەوە بوو بە ڕێبەری نەتەوەکەی چونکە سەمبول و ناوەڕۆکی یەکخستن. ئەو شۆڕشگێڕی ئاریستۆکرات بوو، زیندانییە بێ تووڕەییەکە. لە سەرەتا دا، ئەو سەرۆکە قۆز و خاوەن کاریزمایە بوو کە لە سیاسەت و دەوڵەت دەگەیشت. وەک والتێر سیسولو بۆی باسی یەکەم چاوپێکەوتنی لە گەڵ ماندێلا لە ١٩٤١ کردم:"ئێمە دەمانهەویست جووڵانەوەیەکی جەماوەریی بین، کە ڕۆژێکیان ڕێبەری جەماوەریی هات بۆ شوێنی کارەکەم."




ماندێلا نابیغەی ئەو شتە بوو کە کۆمەڵناسەکان ناویان ناوە "بەڕێوبەرایەتی بەرداشت." بەڵێ، ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەست بە خەباتی چەکداریی بکا، بەڵام ئەو پێشی وابوو کە هەندێک تەقینەوەی سەمبۆلیک جووڵانەوەی دژی ئاپارتاید لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە. بەڵێ، ئەو دەیهەویست بۆخۆی لە دادگایی ڕیڤۆنیا داکۆکیی لە خۆی بکا، بەڵام ئیعتیرافی بە گوناهەکەی کرد

چونکە پێی وابوو کە ئەو لە ڕوانگەی دونیای دەرەوە قارەمانانەتر دێتە بەر چاو. نا، ئەو پێی وا نەبوو کە زیندانبانە سپی پێستەکان لەگەڵی بە بەزەیی بوون، بەڵام ئەو دەیهەویست بە خەڵکی سپی پێست نیشان بدا کە تووڕە یا تۆڵەئەستێن نییە.

ئەو هەمیشە ئامادەکارییەکی زۆری لە بارەی چۆنیەتی دەرکەوتنی سیاسەتێک یا کردارێک دەکرد. هیچ وردەکارییەک لە ڕوانگەی ئەوەوە کەم بەها نەبوو. ئەو ئافیشی هەڵمەتی هەڵبژاردنی بە سەرنجەوە هەڵدەسەنگاندن و بیری لەوە دەکردەوە کە لە گەڵ کێ تۆقە بکا. من زۆر جار لەپەنای لە سەر کورسی پشتەوەی ئوتۆمبیلەکەی چاوەڕوان دەبووم تا ئەو لە هەلێکی شیاو دا بچێتە ناو ڕێوڕەسمێک. هەرکاتێک لە فڕۆکەیەک دەهاتە دەر یا دەچوو ژوورێک، وریای شێوەی دەرکەوتن و کاتی شیاو بۆ ڕاکێشانی زۆرترین ئاستی سەرنج بۆ لای خۆی بوو.

ئەو هەروەها تێدەگەیشت کە دیتران لە کاتی دەستپێشخەریدا، دەسەڵات دەبەخشێ. لە هەر ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا، ئەو هەمیشە یەکەم کەس بوو کە هەستێتە سەر پێ و چەپڵە لێدا، هەمیشە یەکەم کەس بوو کە لەگەڵ ئەکتەرەکان تۆقە بکا، هەمیشە یەکەم کەس بوو کە پیرۆزبایی لە براوەکە بکا. ئەو سڵاو لەخەڵک دەکا، ئەو لەلایەن ئەوانەوە سڵاوی لی ناکرێ. هیچ ڕێوڕەسمێک نییە کە ئەو تیایدا قسە نەکا قەیناکا چەندە بچووک یا نافەرمیی بێ. تۆ ناتوانی پێش بە ڕاوستان و ڕەخنە گرتنی ئەو بگری. ئەو هەمیشە خانەخوێیە نەک میوان. کاتێک کە بۆ یەکەم جار لەگەڵ مەلەکەی ئینگلیس لە لەندەن دەرکەوت، وا وێدەچوو کە ئەو سەخاوەتی شاهانە بە پیرەدایکێکی خانەنشین کراو دەبەخشێ.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کە هەمیشە هەولێ داوە نیشانی بدا ئەوەیە کە پارتیبازی (واستە کاری) ناکا، کە ئەو لەسەرووی هەرچی پێشداوەرییەوەیە. لە کۆتایی حەوتووەکان، کاربەدەستان ئیزنیان بە زیندانییە سیاسییەکان دەدا بچنە مەیدانی تۆپی پێ و چاو لە کێبڕکێی تۆپی پێ لە نێوان زیندانییەکان بکەن. کاتێک کە ئەو بەرەو گۆرەپانی تۆپی پێ دەچوو، هەمیشە داوای لە هیندییەک یا کەسێکی دووڕەگە دەکرد لەگەڵی بڕوا تا نیشان بدا کە ئەو ئەرواي بە پۆلێن کردنی خەڵک بە پێی ڕەگەز نییە. تەنانەت لەو کاتی دا، زۆر پێش ئەوەی ببێتە سەرۆک کۆمار، کاتێک خەڵک لێیان دەپرسی کام یانەی لە لا پەسەندترینە، ئەو خۆی لە وڵام دانەوە دەبوارد.




سەرچاوە
Serchawe

ئەو دەیگوت: "من قەت لە نێوان ئەستێرەکان و یانەکان هەڵنابژێرم. ئەوە بۆ ڕێبەرێک شتێکی هەڵەیە. من خۆ لە دانانی هەر ئەستێرەیەک لە بان ئەویتر دەپارێزم چونکە ئەوە دەبێتە هۆی لەکیس چوونی پشتیوانیی بۆ ئەوانی دیکە. لە بەندیخانە، من دەمگوت پشتیوانی گشتیانم، من پشتیوانی باشترینەکەیانم."

بەهەمان شێوە، ئەو گەلێک ئاواتی دەخواست کە وەک مرۆڤێکی خەڵکیی دەرکەوێ. لە ڕێوڕەسم و میوانداررییەکان، ئەو هەمیشە دەچوو بۆ چێشتخانە تا لە گەڵ ستافی ئەوێ تۆقە بکا. لە فڕۆکەخانە، هەوڵی دەدا تۆقە لەگەڵ ستافی فڕۆکەخانە بکا. هەرچەند کە بە تێکەڵاویی لەگەڵ خەڵکی ناسیاو و بەناوبانگ دڵخۆش دەبوو، قەت نەیدەویست وەک کەسێکی ئێلیتیست (لایەنگری باڵادەستان) بناسرێ. ئەو هەمیشە خوازیار بوو کە خەڵک بزانێ کە ئەو خۆشیی و ئەرکەکانی ڕێبەریی قبوڵ کردووە و گشت لایەک دەستیان پێی ڕادەگا.

ماندێلا مرۆڤێکی خاوەن دیسیپلینی لە ڕادە بەدەرە، بەڵام لەهەمان کاتدا دەیهەوێ ئەو بیرۆکەیە بەرەو پێبدا کە ئەو مرۆڤێکی بە دیسیپلینە. لە سەرەتای هاوکارییەکەماندا، من لە بەیانییەکی ڕۆژی شەممە لە شوێنی کارەکەی قەرارم لەگەڵی هەبوو. کاتێک من پێش کاتژمێر حەوت گەیشتمێ، ئەو لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو و تەلەفۆنی دەکرد. دیار بوو ئەو کەسەی پشت هێڵی تەلەفۆنی لە خەو هەڵساندبوو، وێدەچوو ئەو گوتبێتی "تۆ قەت ناخەوی؟" ئەویش گوتی، "ئاە، من پیاوێکی پیرم، و تەنیا دەتوانم شەوی دوو کاتژمێر بخەوم." کاتێک لە تەلەفۆن کردن تەواو بوو، پرسیارم لێی کرد کە ئاخۆ ئەوە ڕاستە؟ ئەو بە پێکەنینەوە گوتی، "نا، من هەشت کاتژمێر دەخەوم."



هەر وەک لینکۆلن کە کەڵکی لە گشت دەرفەتێک بۆ وێنە گرتنی خۆی وەر دەگرت، ماندێلا ئاگادارە کە ئەم وێنەیەی بە رووی دەرەوە نیشانی دەدەی کاریگەرییەکی لەڕاددەبەدەری لەسەر بۆچوونی خەڵک بەرامبەر بە تۆ هەیە. لە سەردەمی لاوەتییەوە، ئەو حەزی لە وێنە گرتن لە خۆی هەبووە. دوای سەرهەڵدانی شارویل ئەو لە کاتی سووتاندنی پاسپۆرتەکەی وێنەی لێ گیرا، ئەو لەناو و دەرەوەی ڕینگی بۆکس بە سینگی ڕووتەوە وێنەی گرت، لە کاتی دادگایی خیانەت بە جلوبەرگی ئەفریقایی وێنەی لێ گیرا، ئەو تەنانەت لە دوورگەی ڕۆبێنیش وێنەی لێ گیران. زۆر پێش بلۆگ و ماڵپەڕەکانی سۆشیال مێدیا، ماندێلا تێگەیشتبوو کە وێنەکان دەمێننەوە و هێزی ئەوان لە یارمەتیدان یا زیان پێگەیاندنی تۆ بنبڕ ناکرێ. هەموو ژیانی، ئەو وێنەی خۆی ئامادە دەکرد. ئەو یارمەتی بە ڕێکخستنی ئەو کەسانە دەکرد کە دەیویست سەمبۆلی ئەو بن و خۆی لەو کەسانە دەبوارد کە وێنەیەکیان لێ درووست دەکرد کە خۆی خوازیاری نەبوو.

کاتێک کە تۆ چاو لە وێنەیەکی کۆنی ماندێلا دەکەی، شتێکی دەگمەن، تەنانەت تاقانە، لەناو پیاوەکانی ئەفریقایی هاوجیلی ئەودا دەبینی: بزەیەکی درەوشاوە. بزەی ماندێلا یەکێک لە درەوشاوەترینەکانی جیهانە. ئەو گەرمایی ژیریی، دەسەڵات و بەخشندەیی، تێگەیشتن و لێبووردەیی دەبەخشێ. ئەوە یەکێک لە یەکەم شتەکان بوو کە والتێر سیسولو لەبارەی پیاوە لاوەکەی ترانسکەی هەستی پێکرد. و ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئەفریقاییەکان قەرار بوو خۆ بەزلنەزان و گوێڕایەڵ بن، کە بزەی کەسێکی فەرمیی نیشانەی جیددی نەبوونی ئەو بوو. زەردەخەنە کردنەکان شتێکی مۆدێرن بوون. زەردەخەنەی ماندێلا نیشاندەری باوەڕبەخۆبوون بوو. ئەو دەیگوت کە ماندێلا شەڕکەریکی دڵخۆشە نەک کەسێکی تۆڵە ئەستێن.

ماندێلا زوو تێگەیشت کە بزەکەی بەشێک لە هێزی ئەو بوو. لەو چەند ساڵانەی کە من لەگەڵی بووم لە سەدان دەرفەت، کاتێک کە ئەو خۆی بۆ وێنە گرتن ئامادە دەکرد، تێگەیشتبووم کە بزەکەی دیاریکراو و بێخەوش بوو. وەک ئەکتەرێکی مەزن، ئەو بە لووتکەی گەیاند، چاو لە وێنەکانی بکە، یەک لە دوای یەک بزەکانی تەواو وەک یەکن. ئەوە ماسکی ناوبراو بوو.

لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە ١٩٩٤، بزەی ئەو، هەڵمەتەکە بوو. وێنەی ماندێلا بە زەردەخەنەوە لە هەموو شوێنێک بوو، لەسەر بیلبۆردەکان، لە شارێیەکان، بە چرابەرقەکانەوە، لە قاوەخانەکان و لەسەر داشقەی

میوەفرۆشەکان. ئەوە بە دەنگدەرە ڕەش پێستەکانی دەگوت کە ئەو قارەمانی ئێوە دەبێ و بە دەنگدەرە سپی‌پێستەکانی دەگوت کە ئەو پارێزەری ئێوە دەبێ. ئەو زەردەخەنەیەی ماندێلا ئەو پەندەی پێشینان بوو "تێگەیشتن لە هەمووان، لێبوردن لە هەمووانە". ئەوە پرۆژاکی (حەبی ئارامبەخش) سیاسی بۆ دەنگدەرانی نیگەران بوو.


لە کۆتایی دا، ئەوە گرینگترین پەیامێک بوو کە ئەو دەیهەویست دوای هاتنە دەر لە بەندیخانە بیگەیەنێ: کە ئەو مرۆڤێکی بێ کینەیە. ئەرکی گرینگی ئەو دوای هەڵبژێرانی لە یەکەم هەڵبژاردنی دێموکراتیکی سەرکۆماریی لە ئەفریقای باشوور، ئەوە دەبێ کە ببێتە باوکی وڵاتەکەی، کە ئەو وڵاتە فرەڕەگەزەی کە زەندەقی لە شەڕ چووە بکات بە یەک نەتەوە. لە یەکەم ساتەکانی هاتنە دەرەوەی لە بەندیخانە تا کۆتایی سەرۆک کۆمارییەکەی و دواتریش، مەبەستی ئەو ئەوە بوو کە بە خەڵک بسەلمێنێ کە خاوەنی هیچ هەستێکی ناڕەزایەتی نییە. لە یەکەم چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیی کە لەوێ دا باسی سەخاوەتی زیندانبانەکانی کرد تا سەدان جاری دیکە کە دەیگوت، "ڕابردوو لەبیر بکە،" پەیامی سەرەکیی کە ئەو دەیهەویست بیگەیەنێ ئەوە بوو کە وەک باوکی بنەماڵە دەیهەویست ببووری و لە بیر بکا. ئەو لەگەڵ هەندێک لە زیندانبانە سپی پێستەکانی دەرکەوت، لە ناویان دا جەیمز گرێگۆری، کە بۆ ماوەی چارەگێک ناوبانگی دەرکرد چونکە ئیددیعای کرد کە هەڤاڵی ماندێلایە. ماندێلا سەردانێکی فەرمیی بێوەژنی سەرۆک وەزیران هێندریک ڤەرووِرد، باوکی ئاپارتایدی کرد. ئەو کۆنستاند ڤیلیوێن، ژەنڕاڵە دەستە ڕاستییەکەی پێشوو کە دەگوترا پیلانی کودەتای بە دژی ماندێلا داڕشتبوو، لە ئامێز گرت. گشت ئەوانە لە خزمەت بیرۆکەی ئەو: کە ڕابردووی ناشتووە، ئێستا باوکی نەتەوەیەکی پەلکە زێڕینە، کە ئەو دەڕوانێتە داهاتوو، نەوەک ڕابردوو. ئەو دەیزانی بە دەربڕینی تووڕەییەکەی دەسەڵاتی کەم دەبێتەوە، بەڵام شاردنەوەی، دەسەڵاتی زیاتر دەکا.

بەڵام گشت ئەوانە شانۆ بوون. ماندێلا وەک تاک زۆر لەوەی بەسەری هاتبوو دڵگران بوو. ئەو دەیزانی کە باشترین ساڵەکانی ژیانی لە پشت میلەکانی بەندیخانەدا تێپەڕ کردووە. ئەو تێگەیشبوو کە ڕوانگەی پاسەوانەکانی بەندیخانە و ڕێبەرانی دەوڵەت ڕەزیلانە و بەرتەسک بوون. ئەو گوێی نەدەدا گرێگۆری کە پێی وابوو مرۆڤێکی کەم دەسەڵاتە و دەیزانی کە لە پەیوەندییەکەیان کەڵک وەردەگرێ. ئەو زۆر بە توندی لە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوسەرەکەی وینی لە ماوەی دەیان ساڵ دڵگران بوو. ئەو زۆر لەوە تووڕە بوو کە چۆن هەندێک لە ڕکابەرە

سیاسییەکانی هەندێک جار هەوڵیان دابوو ژێرپێی بنکۆڵ بکەن. ئەو پێی وابوو کە ژیانی هاوسەریی و بنەماڵەکەی قوربانیی خەبات لە دژی سەرکوت و پێشداوەریی کردووە. بەڵام دەیزانی کە نابێ خەڵک هەرگیز پشتی پەردە ببینن و ئەو هەرگیز نابێ هەستی ڕاستەقینەی خۆی نیشان بدا. ئێمە ئێستا لە سەدرەمێکی گەلێک جیاواز لە هی ماندێلا دا دەژین، بەڵام ئەو پێی وایە کە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ هەستی خۆی ئاشکرا بکا. بەڵێ، هەستەکان لەوانەیە ڕەسەن بن، و ڕەسەن بوون بەهایەکی مودێڕنە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ ڕەسەن بێ بە بێ ئەوەی کە لەخۆڕا ئاشکرای بکا. لێرە دایە کە دیسیپلینە نایابەکەی دەر دەکەوێ. بۆیە زەردەخەنەکە ماسکی ئەو بوو، کە گشت ژان و دڵگرانییەک بشارێتەوە، بە هەمان ئەندازە کە دەیشاردەوە، ئاشکراشی دەکرد.

لە کۆتایی دا، زەردەخەنەکەی سەمبۆلی ئەوە بوو کە ماندێلا چۆن خۆی درووست کردووە. لە گشت قۆناخێک دا ئەو بڕیاری دەدا کە کێ بێ، لە پێشدا ڕووخسارەکەی و پاشان ڕاستییەکەی درووست دەکرد. ئەو دەبووە ئەو کەسەی کە بۆخۆی دەیهەویست.

## پرەنسیپێکی سەرەکییت هەبێ - ئەوانی دیکە هەموویان تاکتیکن




نێلسۆن ماندێلا پیاوی تاقە پرەنسیپێکە: مافی یەکسان بۆ هەمووان، بە بێ لەبەر چاو گرتنی ڕەگەز، چین، یا جنس. تەقریبەن هەموو شتێکی دیکە تاکتیکن.

دەزانم ئەوە زێدەڕۆییە، بەڵام تا ڕاددەیەک کەم خەڵک شکی ئەوە دەکەن کە ماندێلا هێندە پراگماتیستە و تا گەیشتن بە ئامانجەکەی حازرە سازش بکا، ستراتێژییەکەی بگۆڕێ، بگونجێنێ و بیپاڵێوێ. نزیکەی گشت ئامرازێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە ڕەوایە. لە هەشتاکان و نەوەدەکان لە ئەفریقای باشوور، ئەوە بە مانای یەک شت بوو: نەهێشتنی ئاپارتاید و گەیشتن بە دێموکراسی غەیرە ڕەگەزیی کە لەوێدا یەک کەس یەک دەنگی هەبێ. تەنیا ئەوە و بەس.

بە ماندێلایان گوتووە پێغەمبەر، فریشتە، قارەمان. ئەو تەنیا شتێک کە نییە ئایدیالیستێکی ساویلکەیە. ئەو ئایدیالیستێکی پراگماتیستە، تەنانەت کەسێکی خاوەن ڕەوشتە، بەڵام لە کۆتاییدا، ئەو دەیهەوێ کارەکان بە ئەنجام بگەیەنێ.

جار لە دوای جار لە ماوەی ئەو کاتەدا کە بەیەکەوە بووین، ماندێلا جیاوازیی لە نێوان پرەنسیپەکان و تاکتیکەکاندا داناوە. (یا پرەنسیپەکان و ستراتێژی، ئەو بە نۆبە کەڵکی لە وشەی تاکتیکەکان و ستراتێژی

وەردەگرت). ئەو ڕوانگەیە لە کاتی مانەوەی لە بەندیخانەدا درووست بوو، ئەو پیاوەی کە لەسەرەتا دا چووە زیندان، وەک ئەو پیاوەی کە لە زیندان هاتە دەر خاوەن ستراتیژی و تاکتیک نەبوو. بەڵام بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە ئەو خەباتگێڕی ئازادی بوو، خەباتی لە دژی بەرهەڵستکارێکدا دەکرد کە تەقریبەن هیچ پرەنسیپێکی نەبوو، و لە ماوەی دەیان ساڵ مانەوە لە بەندیخانەدا، ئەو بووە لێهاتووترین ستراتیژیست و تاکتیک کار.

تۆ بە گوێڕاگرتن لە وتارەکانی لەناو جەماوەردا ئەو شتانە نازانی. ئەو باسی پرەنسیپی پاکی وەک ئازادی، دیموکراسی دەکا و کاتێک ئەو شتانە باس دەکا شێوەی درکاندنی تەقریبەن وەک هی هەر کەسێکی دیکەیە. ئەو دەزانێ کە ڕێبەرێک کە بیهەوێ ئاڵوگۆڕ پێک بێنێ باسی سندووقی دەنگدان، دەنگدان و تاکتیکان ناکا بەڵکو باسی پرەنسیپەکان و بیرۆکەکان دەکا. بەڵام کاتێک کە گوێت لە ماندێلا دەبێ کە باسی سیاسەت دەکا، ئەو لە ئاستی ئاکادێمیک دەدوێ، وەک کەسێک کە هەر کاندیدایەکی سەرۆک کۆماری بیهەوێ وەک ڕاوێژکار دایمەزرێنێ.

فێر بوونی تاکتیک بۆ ئەو زۆر گران تەواو بوو و ئەو نەتەنیا فێری تاکتیکان بوو بەڵکو فێری هونەری شاردنەوەشیان بوو.

ماندێلا وەک مرۆڤێکی باوەڕبەخۆ و بەهێز گەورە بوو. ئەوە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە ئەفریقای باشوور شتێکی ئاسایی نەبوو. کۆلۆنیالیزم و پاشان ئاپارتاید وا درووست کرابوون کە ڕەش پێستەکانی ئەفریقای باشوور بخەسێنن. ئەو لە منداڵییەوە ڕەوشتی ئاریستۆکراتیی (ئەشرافیی) هەبوو. بەشێک لەوان لە دی ئێن ئەیەکەی دایە، بەڵام بەشێکی بەرچاوی لە شێوەی پێگەیاندنی لە دەربارێ ئەفریقاییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو لە دونیایەکی خێڵەکیی سەدەی نۆزدەهەم کە زۆر دەگمەن سپی پێستێکی لێ دەردەکەوت گەورە بوو، ئەو لە بەراورد لەگەڵ ڕەش پێستە هاوتەمەنەکانی خۆیدا کەمتر دەردی هەڵاواردنی چێشتبوو. سپی پێستەکان دوورتر لەوەی بوون کە تێکەڵاوییان لە ژیانی ڕۆژانەی ئەودا هەبێ، ئەو تا کاتی خویندنگەی شەووڕۆژیی لەگەڵ سپی پێستێک تۆقەی نەکردبوو. دونیای ئەو جیاواز و نابەرابەر بوو، بەڵام سەرەڕای نەهامەتییەکانی، ئەو جیاییە ڕێگای پێ دەدا کە جۆرێک گەورە بێ کە تووشی ژەهری ڕەگەز پەرستی و چاوەڕوانیی نزم نەبێ. باوەڕ بەخۆبوونەکەی کلیلی سەرکەوتنی بوو و یەکێک لە هۆیەکانی کە ئەی ئێن سی ئەوی وەک ڕێبەری جەماوەریی دیاریکرد.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوە تەنیا کاتێک کە گەورەتر بوو و چوو بۆ خوێندنگەی شەووڕۆژیی و جیاوازیی چینایەتی و ڕەگەزیی بە کردەوە دیت، و بە تایبەتی کاتێک کە چوو بۆ ژۆهانسبورگ، کە لەوێ وەک کوڕە سەرۆکێک ڕەفتاری لەگەڵدا نەدەکرا بەڵکو وەک کوڕە هەژار و نەزانێکی دێهاتی، بەتەواوی لە جیاوازیی نێوان ڕەش پێست و سپی پێست تێگەیشت. کاتێک کە بۆخۆی ڕەگەز پەرستی و بێڕێزیی بەچاوی خۆی دیت، ئەوی تووڕە کرد، لەوە تووڕە بوو کە نێلسۆن ماندێلا بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێ، تووڕە لەوەی کە هەموو کەس بەم شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرا، هێندە تووڕە کە ئەو گشت دەرفەتەکانی خۆشگوزەرانیی لە ژیانی دا لەبیر بکا بۆ ئەوەی کە دژی ڕەگەزپەرستی خەبات بکا. ئەوە هەستی باوەڕ بە خۆ بوون و ڕێز لە خۆگرتن بوو کە ئەوی هێندە تووڕە کرد. کاتێک کە خەڵکی ڕێز لەخۆ نەگر ڕێزیان لێ نەگیردرێ، ئەوە تەنیا هەستی ئەوان دەسەلمێنێ. کاتێک خەڵکی ڕێز لە خۆ گر بەهەمان شێوە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێ، ئەوان هەست دەکەن سووکایەتییان پێکراوە. ماندێلا بە توندی هەستی بە بێڕێزیی دەکرد. وەک مرۆڤ ماندێلا کەسێک بوو کە درەنگ تووڕە دەبوو، بەڵام کاتێک کە تووڕە دەبوو، لە ڕاددەبەدەر لاسار دەبوو. لەو بارەوە، لاساریی ئەو نیو سەدەی خایاند. ئەگەر چی ئەو بە توندی دژی ئەو چەمکەیە کە سیاسەت بە گشتی تاکییە، سیاسەتی ئەو ڕیشەی لە هەست بە سووکایەتی پێکرانی بێ پسانەوە وەک ڕەش پێستێکی ئەفریقای باشوور دابوو.



بە پشتیوانیی پارێزەرەکەی، واتە شا جۆنگینتابا، نێلسۆن ماندێلا لە فۆرت هێر، تەنیا زانکۆی ڕەش پێستان لە ئەفریقای باشوور وەرگیرا. ئەوێ خوێندنگەیەکی بچووک بۆ نوخبەکان بوو کە حەوشەیەکی بچووک لەگەڵ بینای ویکتۆریایی هەبوون کە دەوروبەرەکەی زەویوزار بوو. کاتێک کە ماندێلا لەوێ بوو ئەوێ تەنیا نزیکەی ١٥٠ خوێندکاری هەبوو و تەنیا شوێنی پێگەیاندنی ڕیبەرە نەریتییەکانی هۆزەکان نەبوو بەڵکو شوێنی پێگەیاندنی

شۆڕشگێڕی داهاتووی وەک ماندێلاش بوو. خوێندکارەکان زۆربەیان لاوی وەک ماندێلا، لە بنەماڵە ئەشرافییە دەستڕۆیشتووەکانی ئەفریقا، یا خوێندکارە ڕەش پێستە فرە زیرەکەکانی قوتابخانەی میسیۆنێرییەکان بوون. ئەوان هەموو زۆر بە تەربیەت بوون، قاتیان لەبەر دەکرد، و یاساکان بە وردی بەڕێوە دەچوون. بەڕێوبەری زانکۆکە ئالێکساندەر کێر بوو، سکۆتلەندییەکی وشک و زانا کە بەرامبەر بە کوڕەکان سەختگیر بوو بەڵام شانازی بەو شتەوە دەکرد کە زانکۆکە نوێنەرایەتیی دەکرد. برازای ماندێلا لە بنەماڵەی پاشایەتیی تێمبوو، کەی دی ماتانزیما، لە چینی باڵای مامناوەندیی بوو: کەسێکی بالابەرزی خاوەن شانازیی کە نەک هەر لە ماندێلا بەتەمەنتر بوو بەڵکو لە پێش ئەوەوە بوو کە ببێتە سەرۆک. ماندێلا دەیپەرست.

ماندێلا لە فۆرت هێر زۆر خۆشەویست بوو: زیرەک، خاوەن کەسایەتی، وەرزشوان، دادپەروەر. لە دووهەم ساڵی خوێندندا، ماندێلا لە ناڕەزایەتییەکدا بەشدار بوو کە لە بارەی شتێکی دیکە جگە لە پێشداوەریی بوو: خواردن. خوێندکارەکان لە چۆنایەتی خواردنەکە ناڕازیی بوون و بڕیاریان دا کە هەڵبژاردنی خوێندکاران بایکۆت بکەن.

بەڵام هەندێک لە خوێندکارەکان دەنگیان دا، و ماندێلا وەک ئەندامی بەڕیوەبەرایەتی هەڵبژێرا. ئەو پێی ناخۆش بوو. ئەو لە لایەن زۆرینەوە هەڵنەبژێرابوو و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئاکامەکە ڕەوا نییە. ئەو ڕووداوەکەی ئاوا بۆ گێڕامەوە کە دوکتور کێر پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە ماندێلا و ئەوانی دیکە کە هەڵبژێراون دەبێ لە کۆڕی بەرێوەبەرییدا خزمەت بکەن و ئولتیماتومی بە ماندێلا دا: یا لە کۆڕی بەڕیوەبەرییدا خزمەت بکە یا فۆرت هێر بەجێ بێڵە. "من ترسا بووم و چووم بۆ لای کەی دی و بۆیم باس کرد، ئەو گوتی جیاوازیی نییە. ئەوە مەسەلەی پرەنسیپە. بڕۆ و پێی بڵێ کە تۆ لە کۆڕەکەدا خزمەت ناکەی. بۆیە من چووم بۆ لای کێر، من لە کەی دی زۆرتر لە کێر دەترسام." کێر پێی گوت کە ئەو دەبێ هەڵبژێرێ. ماندێلا پرەنسیپەکەی خۆی پاراست و زانکۆی جێهێشت.

ماندێلا ئەمەی بە بزە و پێکەنینەوە دەگێڕاوە. ئەو پێکەنینی بەو لاوە لاسارە دەهات کە ڕێگایەکی هەڵبژارد کە ماندێلای ئێستا هەرگیز هەڵی نەدەبژارد و ئامۆژگاریی هیچ کەسی تریش ناکا ئەو کارە بکا. ئەو پیاوە لاوە دەستی لە سوودی خوێندنێک هەڵگرت کە دەیتوانی ئەوی لە خەبات دژی هەلاواردن بەهێزتر بکا. گشت پرەنسیپێک یەکسان نین. تۆ دەبێ سوودە ڕێژەییەکەی هەڵسەنگێنی. لێرە پرەنسیپەکە کەم بایخ و قوربانیی دانەکە گەلێک بەرچاو بوو. تێچووەکە زۆر زیاتر لە قازانجەکەی بوو.




سەرچاوە
Serchawe

بە شێوەیەک ئەو بڕیارە هێنایە سەر ڕێبازێک کە ئەو بە درێژایی ژیانی دژی دەسەڵات خەباتی کرد. کاتێک کە ئەو گەڕایەوە ماکیزیوێنی، نەیدەوێرا بۆ پاشا بگێڕێتەوە کە چی بەسەر هاتووە. کاتێک کە بۆی گێڕاوە، پاشا لە بەسەرهاتی ماندێلا هەم سەری سوڕ ما و هەم تووڕەش بوو. ماوەیەکی کورت دوای ئەو ڕووداوە ماندێلا و ئامۆزاکەی جاستین بۆ ژوهانسبورگ ڕایان کرد.

*****

یەکەم ساڵەکانی ماندێلا لە ژوهانسبورگ وەک ڕۆمانێکی پڕ چەرمەسەریی دەچوو: شەوانە وەک پاسەوان لە کانگایەک کاری دەکرد کە لێی دەرکرا، لە چەند شوێنی وەک کەلاوە دا ژیا کە کارەبایان نەبوو، لە لایەن خاوەن ماڵەکانەوە وەک لاتێکی خوێڕی سەیر دەکرا. ئەوە تەنیا دوای ئاشنا بوون لەگەڵ هەڤاڵی هەمیشەیی و ڕێپیشاندەری، والتێر سیسولو، بوو کە لە سەرلێشێواوی ڕزگاری بوو. بە یارمەتی والتێر ئەو بووە کارمەندی بیرۆیەکی پارێزەریی بچووک لە ژوهانسبورگ کە خاوەنەکەی جوولەکە بوو، یەکێک لە دەگمەن کۆمپانیاکان کە یاریدەدەری ئەفریقایی دادەمەزراند. بۆ ماندێلا، یاسا وەک ڕێگایەکی دەربازبوون بوو، ئامرازێکی لێوەشاوە کە لە دونیادا بەرەو هەڵکشان بوو، و ئەو دەستی بە خوێندنی یاسا لە زانکۆی ویتواتێرسترەند کرد. ئەو بە بزەیەکەوە پرۆفێسۆری یاسای ئەوێی وەبیر دێتەوە کە گوتبووی خەڵکی غەیرە سپی پێست ئەوەندە زیرەک نین کە بتوانن ببنە پارێزەر.




هەرچەند کە خوێندنی یاسا پێی گوتبوو کە دادپەروەریی کوێرە، بەڕاستی، پەیکەرێکی کوێری دادپەروەریی لە دەرەوەی ئەو دادگایەی کە زۆربەی پەروەندەکان لەوێ دادگاییان بۆ دەکرا دانرابوو، ئەو بەڵگەی یەکجار زۆری لە دژی ئەو ئیددیعایە دیتن. ئەو دۆسیەی وای دیتن کە دادوەرەکان پۆلێنی ڕەگەزیی مشتەریەکانیان بە ئاستی شۆڕ

بوونەوەی شانیان یا ئەوەی کە ئاخۆ پێنووسێک لەناو قژەکانیان دەوەستێ دیاریی دەکرد. ئەو پەروەندەی وەهای بردنە دادگا کە لەوێ وەڵامدەرانی سپی تەنیا لەبەر ڕەنگی پێستیان ئازاد دەکران و وەڵامدەرانی ڕەش پێست بە هۆی ڕەنگی پێستەکەیان مەحکوم دەکران. ئەو هەروەها لەوێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دیتی چۆن دەوڵەت کەڵکی لە یاسا بۆ سەرکوت کردنی ئەی ئێن سی و ئازادیی جموجۆڵ وەر دەگرت. ئەو لە یادداشتە ڕۆژانەکەی دا نووسی، "بە کردەوە، یاسا شتێک نییە جگە لە هێزی ڕێکخراو لە خزمەت چینی دەسەڵاتدار بۆ دانانی ڕێسای کۆمەڵگا بەشێوەیەک کە لەبەرژەوەندی ئەوان دابێ." ئەو بە گومانەوە گەیشتە ئەم ئاکامە کە یاسا پرەنسیپی نەگۆڕی ئەخلاقی بۆ دادا پەروەریی یەکسان نییە، کە ئەو سەردەمێک باوەڕی دەکرد، ئەمە تاکتیکێکە کە بۆ ئامانجی سیاسی کەڵکی لێوەردەگیرێت.

سەرەتاکانی ئەندامەتی ماندێلا لە ناو یەکیەتی لاوانی ئەی ئێن سی، پڕ لە ناکۆکیی لە نێوان پرەنسیپەکان و تاکتیکەکاندا بوو. ئەو سەرەتا دژی ئەندامەتی غەیرە ڕەشپێستەکان لەناو ئەی ئێن سی بە پێی پرەنسیپ بوو،

دوایە بۆچوونی گۆڕی. دوایە دژی هاتنی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست بۆ ناو ئەی ئێن سی بوو، کە ئەو بۆچوونەشی گۆڕی. لە هەر کام لەو حاڵەتانەدا، پراگماتیسم بەسەر پرەنسیپ دا زاڵ بوو. لەهەر کام لەم حاڵەتانەدا، بڕیاردەر ئەمە بوو کە ئاخۆ کام ڕێباز لە کۆتاییدا دەبێتە بەهێزتر بوونی ئەی ئێن سی.

بەرچاوترین نموونەی سەرکەوتنی ستراتێژی بەسەر پرەنسیپەکاندا ئەوە بوو کە ماندێلا و ئەی ئێن سی کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژیی وەک بەشێک لە خەباتی ڕزگاریخوازییان هەڵبژارد. لە کاتی پێکهاتنی ئەی ئێن سی لە ١٩١٢وە، دەربڕینی ناڕەزایەتیی هێمنانە ئەرکی سەرەکیی بوو. دەیان ساڵ، ڕێبەرانی ئەی ئێن سی لەژێر کاریگەریی قووڵی گاندی دابوون و دژی توندوتیژیی بوون، بەردی بناخەی ڕێکخراوەکەیان بوو.

بەڵام لە بەرمبەر کەڵک وەرگرتنی بەردەوامی توندووتیژی لە لایەن دەوڵەت بەرامبەر بە ناڕەزایەتییەکانی ڕەش پێستەکان، ماندێلا تەحەمولی بەرامبەر هێمنانە بوون نەما. ئەو پێی وابوو کە بە تیروکەوان چۆتە شەڕ دژی تفەنگ. لە کۆتایی دا، لە ١٩٦١ ماندێلا بە سەفەر چوو بۆ ناتال بۆ وتوویژ لەبارەی گۆڕینی ڕێباز لەگەڵ سەرۆک ئالبەرت لوتولی، کە ئەو کات سەرۆکی ئەی ئێن سی بوو و ساڵی پێشتر بەهۆی خەباتی هێمنانە دژی ئاپارتاید



سەرچاوە
Serchawe

خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی بردبۆوە. ماندێلا ڕێزی لە ڕاددەبەدەری بۆ "سەرۆک"، وەک ئەو بانگی دەکرد، هەبوو. من لێم پرسی وەڵامی لوتولی بۆ داوای گۆڕینی ستراتێژی چی بوو؟

" هەڵبەت ئەو دژی ئەم بڕیارە بوو چونکە ئەو وەک پرەنسیپ باوەڕی بە بەکارنەهێنانی توندوتیژیی هەبوو، لە کاتێک دا کە من و ئەوانی دیکە باوەڕمان بە بەکارنەهێنانی توندوتیژیی وەک ستراتژی هەبوو، کە دەکرا هەر کاتێک هەلومەرج بخوازێ بگۆڕدرێ. ئەوە جیاوازیی نێوان ئێمە بوو."

ئەندامە هیندییەکانی ناو ئەی ئێن سی بە توندی دژی وەلانانی بەکارنەهێنانی توندوتیژیی بوون. ماندێلا وەبیری دێ کە جەی ئێن سینگ، خاباتگێڕی مەزن، دژی ئەم ئاڵوگۆڕە بوو." جەی ئێن بە سۆزێکی مەزنەوە دووپاتی دەکردەوە، ' نا، بەکارنەهێنانی توندوتیژیی ئێمەی تووشی شکست نەکردووە، ئەوە ئێمەین کە لە بەکارنەهێنانی توندوتیژیی تووشی شکست بووین.' و ئەم شوعارانە دەتوانن زۆر بەهێز بن." بەڵام بۆ ئەو، ئۆپۆزیسیۆن بوون ببووە شوعار، نەوەک پرەنسیپ. ئەو بە شێوەی لاسارانەی خۆی گەیشبوو ئەم ئاکامە کە تەنیا جووڵانەوەیەکی پڕ توندوتیژیی پارتیزانی دەتوانێ ئاپارتاید بڕوخێنێ. ماندێلا پێی گوتم:" ئەوە دۆخی هەنووکەییە کە دیاریی دەکا ئاخۆ تۆ شێوازی هێمنانە یا توندوتیژیی هەڵدەبژێری. و ئەوە بە تەواوەتی بەستراوەتەوە بە هەلومەرج."


هەلومەرج و پرەنسیپەکان ستراتێژی دیاریی دەکەن. ماندێلا قەت گاندی نەبووە و نییە، مرۆڤێک کە هۆگرییەکەی بۆ بەکار نەهێنانی توندوتیژیی پرەنسیپی ژیانی بوو و لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە سەرکەوتنێک کە لە ڕێگای توندوتیژیی وەدەست بێ بایخی نییە. بەڵێ، ماندێلا بەکار نەهێنانی توندوتیژی پێ باشتر بوو، و وەک تاکڕقی لە هەر جۆرە توندوتیژییەک دەبۆوە، بەڵام سیاسەتی بەکارنەهێنانی توندوتیژی پرەنسیپێکی سەرەکیی بنکۆڵ دەکرد کە نەدەبوو قەت لە بیری بکا.

ماندێلا هەمیشە شانازیی بەو بڕوانامە ئاکادێمیانە دەکرد کە زیندانییە سیاسییەکانی دوورگەی ڕۆبێن لە ڕێگای نامەگۆڕینەوە وەدەستیان هێنابوون. لە ساڵەکانی دوایی دا، زۆر لە زیندانییە سیاسییەکان وەک زانکۆ باسی دوورگەکەیان دەکرد. دوورگەی ڕۆبێن زانکۆی ماندێلاش بوو، بەڵام ئەوە خوێندنێکی ئاکادێمیک نەبوو. لەوێ فێر

بوو کە ڕاستیخواز بێ، نەک لە دونیای خەیاڵاتدا بژی، پرەنسیپەکان لە ژێر ڕووناکایی هەلومەرجی مەیدانییدا هەڵسەنگێنێ. لە بەندیخانە دا، ئەو و هەڤاڵانی، کاتژمێر، ڕۆژ، مانگ و ساڵانی زۆریان بۆ گفتوگۆ لەبارەی شتی تیۆریک تەرخان کرد: سەرمایەداریی و سۆسیالیزم، خێڵەکی بوون لە بەرامبەر مۆدێرنیزم، تەنانەت ئەوەی کە ئاخۆ پلێینگ بوونەوەرێکی ڕەسەنی ویشکارۆی ئەفریقایە، و ماندێلا بە گوڕوتینەوە لەو باسانەدا بەشداریی دەکرد.

بەڵام کاتێک کە لە بەندیخانە هاتە دەر، گشت تیۆرییەکانی وەلا نا. ئەو زوو تێگەیشت کە سۆسیالیزم خەباتی ئەو بۆ دیموکراسی و پێکەوە ژیانی ڕەگەزەکان بنکۆڵ دەکا، و خێڵەکیی بوون بۆ ئەو بە سوودە. ئەو لەگەڵ سەرۆکە سەرمایەدارە سپی پێستەکان و سەرۆک هۆزە ڕەش پێستەکان ئاشت بووە. کاتێک کە وەدیهێنانی ئامانجی دامەزراندنی دیموکڕاسی دەستوریی لە ئەفریقای باشوور جێبەجێ کرد، ئاسەوارەکانی قبووڵ کرد: دابین کردنی پێکەوەژیانی ڕەگەزەکان. هەموو شتێکی تر لە خوارووی ئەم ئامانجە سەرەکییەوە بوون. کاتێک هەلومەرج گۆڕا، تۆ دەبێ ستراتێژی و بۆچوونی خۆت بگۆڕی. ئەمە بێ باوەڕیی نییە بەڵکو پراگماتیسمە.

## چاکەی خەڵکیتر ببینە



هەندێک پێی دەڵێن خاڵی کوێر، بەشیکی دیکە دەڵێن ساویلکەیی، بەڵام ماندێلا هەموو کەس بە خاوەن ڕەوشت دەزانێ تا پێچەوانەکەی بۆ نە سەلمابێ. ئەو بەو گریمانەیە دەست پێدەکا کە تۆ بە نییەتی باش لەگەڵیدا

هەڵسوکەوت دەکەی. ئەو پێی وایە تەنیا بە نواندنی بوێریی دەتوانی کاری بوێرانە بکەی، دیتنی چاکەی خەڵک وا دەکا کە ئەوان لایەنە باشترەکانیان ئاشکرا بکەن.

ئەمە سەرسوڕ هێنەرە کە مرۆڤێک کە لە زۆربەی تەمەنی دا هێندە خراپەی لەگەڵدا کرا، بتوانێ چاکە لەخەڵکیتردا ببینێ. لە ڕاستیدا، هەندێک جار قسە کردن لەگەڵێدا پیاوی تووڕە دەکرد چونکە ئەو هیچ وشەیەکی خراپی لەبارەی هیچ کەس دا نەدەگوت. ئەو تەنانەت هیچ وشەیەکی ناشایستی لەبارەی ئەو کەسەی کە بەتەمای لە سێدارە دانی بوو نەدەگوت. جارێکیان لەبارەی جان فۆرستر، سەرۆک کۆماری نازیستی ئەفریقای باشوور کە ئاپارتایدی توندتر کردبوو و لەوە پەشیمان بوو کە ماندێلا و هەڤاڵەکانی لە سێدارە نەدابوو، پرسیارم لێ کرد. ماندێلا بە ڕووڕاستییەکی تەواوەوە گوتی: " ئەو کابرایەکی باش بوو، گرینگترین شت ئەوە بوو کە ئەو زۆر بە ئەدەب بوو. ئەو کە باسی ئێمەی دەکرد کەڵکی لە وشەی بە ئەدەبانە وەردەگرت."

ئەمە وەک ئەو شتە دەچێ کە تۆ ستایشی سەددام حوسین بکەی چونکە بەرامبەر بە ئاژەڵان میهرەبان بووە. بەڵام ئەوە بەو هۆیەوە نییە کە ماندێلا لایەنە خراپەکانی جان فۆرستر نابینێ، بەڵکو ئەوەیە کە ئەو نایهەوێ کە تەنیا ئەو لایەنانە ببینێ. ئەو دەزانێ کە هێچ کەس بە تەواوی باش یا خراپ نییە. ڕۆژێکیان ئێمە لەبارەی زیندانییەکدا قسەمان دەکرد کە لە دوورگەی ڕۆبێن دژبەری ماندێلا بوو و لیستەیەکی لە سکاڵاکانی دژی ماندێلا نووسیبو. کاتێک لەبارەی ئەو کابرایەدا لێم پرسی، ماندێلا باسی دوژمنکارییەکانی ئەو پیاوەی نەکرد بەڵام گوتی، "ئەوەی من لێیم ئەستاند توانایی کارکردنی سەخت بوو ..."

ئەوەی من لێیم ئەستاند. ماندێلا لە شتە پۆزەتیف و بنیاتنەرەکان دەگەڕێ. ئەو ئەوبەری شتە نەرێنییەکان دەبینێ. ئەو بە دوو هۆ ئەم کارە دەکا: چونکە بە شێوەیەکی غەریزی چاکەی خەڵک دەبینێ، چونکە وەک ڕۆشنبیرێک باوەڕی وایە کە دیتنی چاکەی خەڵک لەوانەیە بەکردەوە ئەوان باشتر بکا. کاتێک کە تۆ چاوەڕوانیی زۆرترت لە خەڵکی هەبێ، جا ئەمانە هاوکارت بن یا ئەندامی بنەماڵەت، ئەوان ئەغڵەب زۆرتر هەوڵ دەدەن. یا ئەگەر ئەم کارەش نەکەن لانی کەم هەست بە گوناهباریی دەکەن.

خراپترین شت کە لەبارەی کەسێک دا بیڵێ ئەوەیە کە ئەوان کار بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن. جارێکیان لەبیرمە

کە ئەو بە تەلەفۆن لەگەڵ سەرنووسەری یەکێک لە مەزنترین گۆڤارەکانی ئەفریقای باشوور قسەی دەکرد. سەرنووسەرەکە بە تەما بوو لە بارەی وتووێژەکانەوە شتێک بنووسێ و ماندێلا داوای لێکرد کە بڵاوی نەکاتەوە چونکە شتەکە هەستیار بوو. پاشان، ماندێلا دڵنیای کردمەوە کە سەرنووسەرەکە شتەکە بڵاو ناکاتەوە. بەڵام ڕۆژی دواتر، بابەتەکە مانشێتی لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکە بوو. من پێم نیشان دا و ئەو بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی، " دەزانی، ئەو خەڵکە کاری خۆی دەکا، بێ ئەوەی مەبەستێکی تایبەتی لە پشت بێ. ئەوان ئەو کارە بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیان دەکەن. کەوابوو من لێی توورە نیم." سەرنووسەرەکە فریوی نەدابوو، ئەو تەنیا بۆ بەرەژەوندیی خۆی ئەم کارەی کردبوو. پێویست نەدەکرا بە دڵی بگری. و ماندێلا ئەو کارەی نەکرد.

*****

بە شێوەیەکی سەیر، بەندیخانە ڕوانگەی ماندێلای لەبارەی سروشتی مرۆڤ بەرفراوان کرد نەوک بەرتەسکی بکا. لە کاتێکدا کە بەندیخانە زۆر کەسی ڤین لەدڵ کرد، ماندێلای کردەوە. لە یەکەم ساڵەکان لە دوورگەی ڕۆبێن، کاتێک کە زیندانییەکان بە شێوەیەکی ڕۆتینی لێیان دەدرا و هێرشیان دەکرا سەر، کاتێک کە تەقریبەن هیچ پەیوەندییەک لەگەڵ دونیای دەرەوە نەبوو و ئەم توونددوتیژیانە ڕانەدەگەیەنران، سەرۆکی دوورگەکە سەرهەنگ پیت بادێنهۆرست بوو، پیاوێک کە بە دڕندەیی بێ بەزەییانە ناوبانگی دەرکردبوو. بادێنهۆرست وەک خراپترین نموونەی سەرۆک زیندانی کۆنەپارێزی ئەفریقای باشوور دەناسرا، پیاوێک کە پێی وابوو زیندانییە ڕەش پێستەکان کەمێک لە ئاژەڵان سەرووتر بوون و دەبوو بە هەمان شێوە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێ. ئەو پێی وابوو کە زیندانییە سیاسییەکان تێرۆریستن و ماندێلا تێرۆریستی ژمارە یەکە. ماندێلا زۆر جار لەگەڵی تووشی ناکۆکیی دەبوو بەڵام نەیدەتوانی بیگۆڕێ.



لە سەرەتای حەفتاکان، تاقمێک دادوەر سەردانی دوورگەکەیان کرد، و ماندێلا لەلایەن هاو بەندییەکانییەوە داوای لێکرا سکالاکانیان پێشکەش بکا. ماندێلا پێی گوتم، "تەنیا یەک هەڵمەتمان کرابوو سەر، جارێکی دیکەش لە خەڵکی ئێمەیان دابوو." کاتێک کە دادوەرەکان گەیشتنێ، کە دەرکەوت بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد و لە کاربەدەستانی زیندان دڵفراوانتر بوون، گوتیان کە بادێنهۆرست لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار نابێ بۆ ئەوەی کە ماندێلا بتوانێ قسەکانی بە ئازادی بکا. ماندێلا وەڵامی دانەوە کە وا باشە بادێنهۆرست بەشدار بێ و ئەو [لە بوونی ناوبراو لە کۆبوونەوەکە دا] ناترسێ. لە کۆبوونەوەکەدا، ماندێلا باسی هێرشێکی ئەم دواییانەی کرد. بادێنهۆرست قسەکەی لێ بڕی و پرسیاری کرد کە ئاخۆ ئەو هێرشەکەی بە چاوی خۆی بینیوە؟" ماندێلا وەڵامی دایەوە کە نەیبینیوە. لەم کاتەدا بادێنهۆرست قامکی بەرەو ماندێلا ڕاداشت و گوتی، "وریا بە، باسی شتی وا مەکە کە بۆخۆت نەتدیتوون دەنا تووشی گێچەڵی جیددی دەبی." هەموو بێدەنگ بوون، لێرە بوو ماندێلا ڕووی لە دادوەرەکان کرد و لەسەر خۆ گوتی، "ئێوە دەبینن کە ئێمە چ جۆر ئەفسەرێکی بڕیاردەرمان هەن. ئەگەر ئەو لە حزووری ئێوە دا هەڕەشە بکا، بیر بکەنەوە کاتێک کە ئێوە لێرە نین چی دەکا؟"

ماندێلا ئەوەی بۆ نیشاندانی خراپترین لایەنی بادێنهۆرست دەگێڕاوە. بەلام ئەو دوایە خێرا دەچۆ سەر بەسەرهاتی دواتر لە بارەی ئەو کاتەی کە بادێنهۆرست دوورگەکەی جێهێشت. ماندێلا بانگ کرابوو تا چاوی بە جەی سی ستێین، بەپرسی گشتیی بەندیخانەکان بکەوێ کە بەسەردان هاتبوو. ستێین لەگەڵ بادێنهۆرست بوو کاتێک کە لێی پرسی ئاخۆ هیچ سکالایەکی هەیە. ماندێلا، بە ئانقەست، بە شێوەی پارێزەران، دەستی بە خوێندنەوەی لیستی سکالاکانی زیندانییەکان کرد. ئەو هیچکات شەرمی لە باس کردنی مەسەلەی خۆی یا هەڤاڵەکانی لە لای کاربەدەستان نەدەکرد. کاتێک کە تەواو بوو، ستێین پێی گوت کە ئەو هەندێک هەواڵی بۆ ماندێلا پێن: سەرهەنگ بادێنهۆرست لە دوورگەی ڕۆبێن ڕادەگوێزرێت. ماندێلا وەبیری دێ کە بادێنهۆرست ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵدا کرد.

"بادێنهۆرست شتێکی لەو مایەدا پێ گوتم، ' من هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە دەخوازم.' ئەو ئەم شتەی بە شێوەیەکی ئینسانیی گوت، و من کەمێک ئەم شێوە دەربڕینە نەرم و تێگەیشتووانەم بەلاوە سەیر بوو. دەبی بڵێم ئەوە بۆمن وەک سورپرایزێک وابوو. من سوپاسم کرد و بۆ ماوەیەکی درێژ دواتر بیرم لەوە دەکردەوە. ئەوەی ئەم شتە پێمی سەلماند ئەوە بوو کە ئەو مرۆڤانە نائینسان نەبوون، بەلام نامرۆڤایەتی بەسەریان دا سەپابوو. ئەوان وەک ئاژەڵێکی دڕندە ڕەفتاریان دەکرد و بۆ ئەو شێوە ئاکارە خەڵات دەکران. ئەوان بەتەمای بەرەوپێش چوون لە بواری

پێشەییەوە بوون. ئەو ڕۆژی، من تێگەیشتم کە بادێنهۆرست ئەو مرۆڤە نەبوو کە خۆی نیشان دەدا بەڵام مرۆڤێکی باشتر لە شێوەی ڕەفتارەکەی بوو."

ئەو تێگەیشتنە ناوەرۆکی بۆچوونی ماندێلایە لەبارەی ئەو شتەی کە ئێمە دەکاتە مرۆڤ. ئەو مرۆڤێکی باشتر لە شێوەی ڕەفتاری بوو. ئەنگیزەکانی بە ئەندازەی ئاکارەکانی بێ بەزەییانە نەبوون. هیچ کەس بە پێشداوەرییەوە یا ڕەگەزپەرست لە دایک نەبووە. بە بۆچوونی ئەو، هیچ مرۆڤێک لە دەروون دا بەدخواز نییە. بەدخوازیی شتێکە کە بە هۆی هەلومەرج، ژینگە یا پەروەردەوە بەسەر مرۆڤ دا دەسەپێ یا فێر دەکرێ. ئەوە شتێکی زگماکی نییە. ئاپارتاید مرۆڤی بەدخواز کرد، بەدخوازیی ئاپارتایدی درووست نەکرد.

لە کاتێکدا کە هاوکارەکانی پاسەوانەکان و زیندانبانەکانیان وەک نوێنگەی بێ بەزەیی سیستەمی ئاپارتاید سەیر دەکرد، ماندێلا هەوڵی دەدا کە شتێکی باش و شەرافەتمندانە لەواندا ببینێتەوە. لە کۆتایی دا ئەو ئەوانی وەک قوربانیانی سیستەمەکە و ئەنجامدەرانی سەیر دەکرد. ئەو زۆر جار پێی دەگوتم، ئەوان مرۆڤی ساکار و نەخوێندەوار بوون کە لە منداڵییەوە تێکەڵی سیستەمێکی ناعادلانە و ڕەگەزپەرست ببوون. نزیکەی گشتیان لە بنەماڵەی هەژار بوون بە پەروەردەیەک کە زۆر جیاوازیی لە گەڵ هی زیندانییەکان نەبوو. وەک پارێزەرێکی خوێندەوار کە سەفەرێکی بە دەوری ئەفریقادا کردبوو، ماندێلا لە پاسەوانەکان زۆرتر دونیای دیتبوو. ئەوانیش لە ژێر سیستەمی ئاپارتاید ئازاریان چێشتبوو، ئەگەر چی بە هەمان شێوەی ماندێلا و هاوکارەکانیان نەبوو.

ماندێلا هەمان ڕوانگەی لەبارەی قەشە ئاندرێ شێفێر دا هەبوو کە یەکشەممانە خوتبەی بۆ زیندانییەکان دەخوێندەوە. شێفێر خوتبەی لە بارەی عەزابی جەهەننەم بۆ دەخوێندنەوە و سەر بە کلیسای پرۆتێستانی هۆلەند بوو و پێی وابوو، دەیزانی، کە جیا کردنەوەی ڕەگەزەکان بە ئەمری خودا بووە. ماندێلا وەبیری دێ کە "ئەو زۆر سووکایەتیکەر و بەدڕەوشت بوو." شێفێر ماندێلا و هەڤاڵەکانی وەک تاوانکاری ئاسایی سەیر دەکرد کە هەوڵ دەدەن سیستەمێکی دادپەروەر و لە ڕوانگەی ئایینییەوە ڕێگا پێدراو بڕووخێنن.

ماندێلا وەبیری دێ کە ئەو دەیگوت:" ئێوە وا بیردەکەنەوە کە خەباتگێڕی ئازادین، دەبێ لە کاتی دەستبەسەر کرانتان دا ئێوە سەرخۆشی داگگا (ماریجوانا) و ئارەق بووبن. ئێوە هەر کات موشکیلەیەک دێتە پێش وەڵامێکی

ساکارتان هەیە، ئێوە دەڵێن نگابێلونگو [خەتای سپی پێستەکانە].



زیندانییەکانی دیکە پێیان وابوو قەشە شێفێر غەیری قابیلی تەحەممولە و هەرچی لەدەستیان هاتبا دەیان کرد تا چاویان پێی نەکەوێ. بەڵام ماندێلا ئەوی وەک ئالنگاری سەیر دەکرد. لە ڕوانگەی ئەوەوە باوەڕی ئایینی هەر وەک ئاپارتاید بەسەر خەڵکیدا سەپێنراون، هۆگریی قەشەکە تەنیا ڕەنگدانەوەی شێوەی پەروەردە کرانی بوو. ماندێلا دەیڕوانییە ئەودیوی گازندەکانی و لە پشت لاف لێدانەکانی دا مرۆڤێکی دەدیت. جا، لە کاتێکدا کە قەشەکە هەوڵی دەدا ئەوان وەرگێڕێتە سەر ئایینی خۆی، ئەو دەستی بە وەرگێڕانی قەشەکە کرد.

ماندێلا بۆی گێڕامەوە:" ئێمە کارمان لەسەر کرد، من دەمهەویست ئەو خوتبەمان بۆ بخوێنێتەوە. ئێمە هەمیشە هەوڵمان دەدا خەڵک بۆ لای ڕێبازی خۆمان ڕاکێشین. وردە وردە بۆمان باس کرد کە ئێمە کێین، بۆ ئێمە لە بەندیخانە بووین، چ هەڵوێستێکمان هەیە." بە گوتەی ماندێلا، شێفێر میهرەبانتر بوو و لانی کەم تێگەیشت ئەوان بۆچی خەبات دەکەن. ئەو قەت باوەڕی بە ڕێبازەکەیان نەهێنا، بەڵام چیتر دوژمنیان نەبوو. ماندێلا ئەوی بۆ لای خۆیّ ڕاکێشابوو.

هەڤاڵەکانی ماندێلا خۆشیان لە بۆچوونی جار بە جار نەرم و نیانی ئەو لە بارەی پاسەوانەکاندا دەهات، بەڵام بەیەکەوە ڕەخنەیان لێدەگرت کە زۆر متمانەیان پێدەکا، زۆر حەز دەکا چاکەی لە هی وا دا ببینێ کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەگەری چاک بوونی نییە. ئەوان دەیانگوت بۆ هەوڵ بدەی دوژمنی خۆت بناسی، دەبێ تەنیا شکستیان بدەی. هەندێکیان دەیانگوت ماندێلا ساویلکەیە، کە خۆشباوەڕییەکەی شێوەیەک لە لاوازیی ڕۆشنبیرییە. ئەوان

سکالآیان لەوە دەکرد کە زۆر خوازیاری میهرەبانییە، زۆر حەز دەکا وەڵامی هەر پاسەوانێک بداتەوە کە بەئەدەب دەیدوێنێ. ئەوان ئەوشتەیان وەک خولیای ماندێلا بۆ کەسایەتی لێکدەداوە. لەناو هەڤاڵەکانی ماندێلا دا ئی واشی تێدابوون کە لەوەش خراپتریان پێدەگوت: ئەوان باسی کەمایەسی کەسایەتی ماندێلایان نەدەکرد بەڵکو ماندێلایان بە خۆبەدەستەوەدان بەرامبەر بە دوژمن تاوانبار دەکرد.

ماندێلا ئاگاداری ئەو ڕەخنانە بوو، بەڵام ئەو وشیارانە هەوڵی نواندنی بەخشندەیی زۆرتری دەدا. ئەو تەنانەت هەمان هەستی بەرامبەر بە ڕەخنە گرانی هەبوو. بە ڕەفتاری ڕێزدارانە، تەنانەت بەرامبەر بەو خەڵکەی کە لەوانەیە شایانی نەبن، ئەو پێی وایە دەتوانێ کاریگەریی لەسەریان هەبێ کە ڕێزدارتر لەوە هەڵسوکەوت بکەن کە عادەتیانە. هەندێکجار ئەوە دەرکەوتبوو کە تاکتیکێکی باش بێ، بە تایبەتی دوای ئازاد بوونی لە بەندیخانە، کاتێک کە ئاکاری ئاواڵە و خاوەن متمانەی ناوبراو وای دەنواند کە ئەو مرۆڤێک بێ لە سەرووی ڤین لەدڵیی. کاتێک کە داوای لە ئەفریقای باشوور کرد کە "ڕابردوو لە بیر بکەن"، زۆربەیان پێیان وابوو کە ئەو لەبیری کردووە. ئەوە کاریگەریی دووقاتی هەبوو: ئەوە بووە هۆی متمانەی زیاتری سپیپێستەکان بە ماندێلا و وای کرد کە ئەوانیش بەرامبەر بەو خەڵکەی کە تا ئەم دواییانە سەرکوتیان دەکردن بەخشندەتر بن.

*****

بۆ ماندێلا، متمانە کردن بە خەڵک بەرهەمی هەیە، بەڵام ئەو ئیعتراف بەوە دەکا کە ئەو متمانەی بە خەڵکێک کردووە کە هەست پێدەکا خیانەتیان لێ کردووە. کەسێک کە ئەو لەهەموو کەسی دیکە لە متمانە پێکردنی پەشیمان بۆتەوە ئێف دەبلیو دێکلەرک، ئەو پیاوەی کە لە بەندیخانە ئازادی کرد و ئەو پیاوەی کە لە کۆتایی دا لەگەڵی خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی وەرگرت، بوو. وەک ماندێلا لەبیری ماوە، لەسەرەتا دا، دێکلەرک بە "خاوەن ڕەوشتی زۆر باش" هەلسوکەوتی لەگەڵدا کرد، کە هەمیشە ڕێگایەک بۆ خۆ نزیککردنەوە لە ماندێلا بووە. ماندێلا پێی دەگوت " پیاوێکی بەشەڕەف،" دەستەواژەیەک کە ماندێلا لە ترۆپکی دانوستانەکاندا لێی پاشگەز بۆوە.

ماندێلا پێش ئازاد کرانی و هەڵگرتنی بەربەست لەسەر ئەی ئێن سی، سێ جار چاوی بە دێکلەرک کەوتبوو. لەسەرەتادا ئەو پێی وابوو کە دێکلەرک سەرۆکێکی جیاوازی حیزبی نەتەوەییە. ئەو بە وشەی وەک "بوێر" باسی دەکرد کە پرۆسەی چاکسازیی دەست پێکردبوو. کاتێک کە ماندێلا بۆ یەکەم جار لە شوێنی حەسانەوەی سەرۆک

کۆمار لە کەیپ تاون چاوی بە دێکلەرک کەوت، هێشتا لە بەندیخانەی ڤیکتۆر ڤەرستێر زیندانیی بوو. ئەو پیرۆزبایی لە دێکلەرک بۆ هەڵبژێران وەک سەرۆک کۆمار کرد، و پاشان لەگەڵی باسی پێشنیاری سیاسەتێک لە بارەی "مافی گروپەکان"ی کرد کە لە ڕوانگەی ماندێلاوە وەک ئەوە دەچوو کە" ئاپارتاید بە دەرگای دواوەدا بێنیەوە". بە گوتەی ماندێلا، دێکلەرک پێی گوت ئەگەر ماندێلا ڕەزامەندیی لەسەری نەبێ ئەویش دەستی لێ هەڵدەگرێ. ماندێلا پێی گوتم " ئەوە زۆر کاریگەر بوو لە سەرەم." بە شێوەیەک، دێکلەرک هەمان ستراتێژیی بەرامبەر ماندێلا گرتە بەر کە ئەو لەگەڵ پاسەوانەکانی بەندیخانە و سەرۆک کۆمارەکانی پێش دێکلەرک کەڵکی لێ وەردەگرت. ئەو لەگەڵ ماندێلا زۆر بە ئەدەب و گوێڕایەڵانە ڕەفتاری دەکرد، وەک ئەوەی کە هەردووکیان یەک سرووشتیان هەبێ.



من لەچەند چاوپێکەوتنیاندا بەشدار بووم و دێکلەرک بە ڕووخۆشیی و فەرمیی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ماندێلا دەکرد. ئەو بە دەنگێکی باریتۆنەوە بانگی دەکرد ئاغای ماندێلا. دێکلەرک کە جگەرە کێشێکی مەزن بوو، هەوڵی دەدا لە کن ماندێلا جگەرە نەکێشێ، چونکە ماندێلا ڕقی لە دووکەڵی جگەرە دەبۆوە. ماندێلا نەیدەزانی ڕەفتاری دێکلەرک بەشێکە لە ستراتێژییەکەی بۆ چەک کردنی ئەو. ئەو بۆخۆشی هەمان خاڵی کوێری هەبوو کە لەلای خەڵکی دیکە دەیدیت.

بەڵام دوای ئازاد بوونی ماندێلا، کاتێک کە دانووستانەکان لەبارەی هەڵبژاردن و یاسای بنەڕەتی نوێ جیددی ببوون، ڕوانگەی ماندێلا لە بارەی دێکلەرک گۆڕا. ماندێلا پیی وابوو کە دەوڵەت پشتیوانیی لە ئەوەی کە ئەو بە " هێزی سێهەم" ی ناو دەبرد، ڕێکخراوێکی شێوە چەکداریی کە کەڵکی لە توندوتیژیی وەردەگرت و هەوڵی

هەڵیساندنی شەڕی ناوخۆی دەدا، دەکرد. ماندێلا لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دێکلەرک ئەو شتەی دەزانێ و خۆی لێ گێل دەکا، هەر چەند دێکلەرک ئەوەی ڕەت دەکردەوە. ئەو دوو پیاوە بە نهێنی و بە ئاشکرا دەمەقاڵەیەن بوو و ماندێلا بۆی دەرکەوت کە دێکلەرک مرۆڤێکی ساختەچی و دووڕوویە.

دێکلەرک بووە هۆی یەکێک لە تەنیا تووڕەییە ئاشکراکانی ماندێلا لە بەر چاوی بیروڕای گشتیی. دێسامبری ۱۹۹۱ بوو و هەردووکیان قەرار بوو لە ڕێوڕەسمێکی گشتیدا باسی بەرەوپێشچوونی وتووێژە مێژوویەکەیان لە بارەی یەکەم یاسای بنەڕەتیی دێموکڕاتیک لە ئەفریقای باشوور بکەن. وتوێژەکان گەلێک بۆ ئەوەی کە ئەفریقای باشوور بتوانێ هەڵبژاردنی "یەک کەس، یەک دەنگ" لە ١٩٩٤ بەڕیوە بەرێ، گرینگ بوون. ماندێلا بۆی گێڕامەوە کە دێکلەرک وەک تاک هات بۆلام و داوای کرد کە دوای من قسە بکا. ماندێلا ڕەزامەندیی نیشان دا. ماندێلا وەک یەکەم کەس قسەی کرد و هەڵوێستێکی نەرم و نیانی گرتە بەر و باسی هیواکانی خۆی لە بارەی وتووێژەکان لە بارەی یاسای بنەڕەتیی کرد. بەڵام کاتێک کە دێکلەرک قسەی کرد باس لە چڵی زەیتون نەبوو. لە جیاتان ئەو ماندێلا و ئەی ئێن سی بە پشتیوانیی لە تاقمی چەکداری نهێنی تۆمەتبار کرد کە ببوونە هۆی توندوتیژی لە وڵات. ئەو ماندێلای، کە زۆر جار لە دیدارە تاکە کەسییەکاندا نیگەرانیی خۆی بە دێکلەرک لە بارەی هێزی سێهەم ڕاگەیاندبوو، بە دووڕوو وەسف کرد. ماندێلا گشت وشەکانی دێلکەرکی پێ درۆ بوون. کاتێک کە قسەکانی دێکلەرک تەواو بوون قەرار بوو کۆنفرانسەکە کۆتایی پێبێ بەڵام ماندێلا لە پشت مێزەکەی هەستا و لە پێش کامێرای تەلەفزیۆن کە ڕاستەوخۆ بەرنامەکەیان بڵاو دەکردەوە، چوو بۆ پشت سەکۆی قسە کردن. دەموچاوی تووڕەییان لێدەباری. لە کاتی قسە کردن دا چاوی لە دێکلەرک نەدەکرد.

" تەنانەت وەک سەرۆکی ڕێژیمێکی ناڕەوا و کەمینە، ئەو دەبێ هەندێک ستانداردی ئەخلاقی ڕەچاو بکا ... ئەگەر پیاوێک بتوانی بێتە کۆنفڕانسێکی لەم چەشنە و ئەمجۆرە سیاسەتە بەڕیوە بەرێ، کەم کەس دەتوانن مامەڵە لەگەڵ مرۆڤێکی ئەوتۆ دا بکەن."

ئەمە تووڕەترین حاڵەتی بوو کە چاوم پێکەوتبوو و وێدەچوو کە ئەو کەڵکی لە تەواوی دیسیپلینی خۆی وەرگرتبێ تا بتوانێ بەسەر خۆی دا زاڵ بێ. ئەم دوو مرۆڤە ڕێککەوتنێکی مێرخاسانەی دووقۆڵییان کردبوو و ئەو هەستی دەکرد کە گەورەیی نواندوە و ڕەزامەندیی دەربڕیوە کە لە کۆنفرانسەکەدا دێکلەرک دوای ئەو قسە بکا. ئێستا



سەرچاوە
Serchawe

هەستی دەکرد کە خیانەتی پێکراوە، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەو ڕێز بۆ ڕەوشت بەرزیی و خۆش ڕەفتاریی دوولایەنە دادەنێ.

چەند ساڵ دواتر من گفتوگۆیەکم لەگەڵ ماندێلا لە بارەی دێکلەرکدا هەبوو و وێدەچوو کە برینەکان سارێژ بوونەوە. ئەو گوتی دێکلەرک ئەم کارەی تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆی و لایەنگرەکانی کردووە، بەڵام ئەو لەوەش نائومێد بووە کە دێکلەرک نەیتوانیوە لە سەرووی بەرژەوەندییەکەیەوە هەڵسوکەوت بکا. ئەو ئیعترافی کرد کە لێکدانەوەی هەڵەی لەسەری هەبووە، بەڵام لە متمانە کردن پێی هەڵە نەبووە. دێکلەرک هاوبەشێکی پێویست لە ڕێگای گەیشتن بە ئازادی بوو، و ماندێلا هیچ قازانجێک لە حاشا کردن لەوەی کە ئەو پیاوێکی بەشەرەف بووە ناکا. هەرچی بێ کەس نازانێ ئاخۆ ئەو بۆ کارێک پێویستی بە دێکلەرک دەبێ یا نا، کەوابوو بۆ ئەوی لە خۆی دوور بخاتەوە؟


ماندێلا چاکەی لە خەڵکی دیکەدا دەبینێ چونکە ئەوە هەم لە سروشتی ئەو دایە و هەمیش لە بەرژەوەندیی ئەو دا. هەندێک جار ئەوە بۆتە هۆی زەرەرمەند بوونی بەڵام ئەو هەمیشە حازرە ئەو ڕیسکە بکا. ئەوە ڕیسکە. ئێمە بیر لە ڕیسک وەک بوێریی فیزیکی دەکەینەوە، وەک هەڵگەڕان بە هەورازێکی مەترسیداردا، یا بڕیار دان لەسەر شتێکی کە ئاکامەکەی نادیارە، وەک دانانی پارە لەسەر وەبەرهێنانێک کە لێی دڵنیا نین. بەڵام ماندێلا باوەڕی بە ڕیسکی هەستە. ئەو بە متمانە کردن بە خەڵکی دیکە دەچێتە سەر لقێک و خۆی قابیلی زیان پێگەیاندن دەکا. ئێمە هەندێک جار ئەو کارە بە متمانە کردن بە خەڵکێک کە باش نایانناسین دەکەین. سەرەڕای ئەوە ئێمە زۆر دەگمەن ڕیسک کردن لەگەڵ هەوڵ بۆ دیتنی ویژدان، ڕاستوێژیی و چاکە لە خەڵکی دیکەدا لە ژیانی ڕۆژانەمان وەک یەک سەیر دەکەین.

جارێکیان ماندێلا بە منی گوت، "خەڵک هەست پێدەکەن کە من زۆر چاکە لە خەڵکیدا دەبینم. ئەوە ڕەخنەیەکە کە دەبێ تەحەمولی بکەم و من هەوڵم داوە خۆی لەگەڵدا بگونجێنم چونکە ڕاست بێ یا نا، ئەوە شتێکە کە من پێموایە سوودی هەیە. ئەوە شتێکی باشە کە گومان بکەی، لەسەر ئەو بناخەیە هەڵسوکەت لەگەڵ خەڵک بکەی کە ئەوان مرۆڤی بەشەرەف و خاوەن کەسایەتین، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی کەسایەتی و شەرەف، ئەگەر تۆ وەها لەگەڵ ئەو کەسانە ڕەفتار بکەی کە کاریان لەگەڵدا دەکەی، من لەسەر ئەو بڕوایەم."



سەرچاوە
Serchawe

## دوژمنی خۆت بناسە



لە پەنجاکانی زایینی ماندێلا ڕۆژانە پارێزەرێکی گەڕۆک بوو و شەوانە بۆکسۆری ئاماتۆر. ئەو تەقریبەن هەموو ڕۆژێک لە هۆڵێکی وەرزشیی ساکار لە ئۆرلاندۆ وەرزشی دەکرد. ئەو میترێک و نەوەد سانت بەرز، پان و پۆڕ و شل و شەوێڵ بوو، قەت شانسی بوون بە پاڵەوانی کێشی قورسی نەبوو. بەڵام خاوەنی دیسیپلینی لە ڕادده بەدەر بوو و حەزی زۆرتر لە ڕاهێنان، تەناف بازی و غاردان بوو تا بەشداریی لە کێبڕکێ. ڕاهێنەرە بەجۆشەکەی، سکیپەر مۆلۆستی، فیری کرد کە بۆ سەرکەوتنی بۆکۆسۆرێک ، ئەو نەتەنیا دەبێ زیرەک و بەهێز بێ، بەڵکو دەبێ دژبەرەکەشی بناسێ. ئەوە بەو مانایە بوو کە دەبێ بزانێ دژبەرەکەی پاش مستێکی چەپ چ دەکا یا دوای ئەوەی کە مستێکی لێ دەدرا بۆ لای ڕاست دەڕۆا یا بۆ لای چەپ.

ماندێلا تێگەیشت کە ئەو دەبێ لە گۆڕەپانی سیاسیش دا ئەو کارە بکا. بۆ زاڵ بوون بەسەر دژبەرێکی سیاسی

خاوەن بڕیار، ئەو پێویست بوو لێی تێبگا و لاوازییەکانی ببینێتەوە. ماندێلا لایەنە لاوازەکە بوو، کە وابوو پێویست بوو هێزی دژبەرەکەی لە دژی خۆی بەکار بێنێ.

لە ١٩٦٢، کاتێک کە تەمەنی ٤٤ ساڵ بوو، نێزەی نەتەوە (ناسراو بە ئێم کەی)، باڵی سەربازیی ئەی ئێن سی دامەزراند. ئەو یەکەم فەرماندەی گشتیی ئێم کەی بوو. کاتێک ئێم کەی دەستی بە تەقاندنەوەی هەندێک لە ئامانجە سەربازییەکان کرد، ماندێلا دەستی بە ژیانی نهێنی کرد و قاچاخ بوو، یەکێک لە داواکراوترین پیاوەکانی ئەفریقای باشوور، کەسێکی پڕ ڕەمزوڕاز کە ڕۆژنامەکانی سپی پێستەکان نازناوی گوڵەمیخەکی ڕەشیان بۆ هەڵبژارد. ئەو ڕیشێکی کورتی هێشتەوە و جلوبەرگی کۆنی لەبەر دەکرد، لەکاتێکدا کە بە ئوتۆمبێل دەگەڕا شەپکەیەکی گوشادی لەسەر دەکرد بۆ ئەوەی کە خەڵک پێیان وابێ کە شۆفیرە یا باخەوانە. ئەو خۆی فێری شەڕکەریی کرد، کتێبی سون تزو "هونەری جەنگ" و هەر چەشنە نووسراوەی ڕێنوێنییەکەری سەربازیی کە دەستی کەوتبا دەیخوێندەوە.

ئەو هەروەها دەستی بە خوێندنەوەی نووسراوەی ڕێنوێنیکەر لە چەشنێکی دیکە کرد: کتێبی جۆراجۆر لە بارەی ڕێزمانی ئافریکان (زمانی سپی پێستەکانی ئەفریقای باشوور).

هەڤاڵەکانی تێدەگەیشتن بۆچی هونەری جەنگ دەخوێنێتەوە بەڵام لەوە تێنەدەگەیشتن بۆچی هونەری شێعری ئافریکانی دەخوێندەوە. ئەوان ماندێلایان بەوە قەڵس دەکرد کە فێری زمانی سەرکوتکەران دەبێ. بەڵام ماندێلا دەیزانی کە ئەو ناتوانێ بەسەر دوژمنێکدا سەرکەوێ کە لێی تێناگا، و ئەگەر نەتوانێ بە زمانی ئەو قسە بکا ناتوانێ لێی تێبگا. دەقاودەق. ئەو بیری لە داهاتووش دەکردەوە: ئەگەر ڕێگا چارەیەکی ئاشتییانە بۆ قەیرانەکە نەدۆزرێتەوە کە بە شێوەیەک ئافریکانەکانیش (سپی پێستەکانی ئەفریقای باشوور) بگرێتەوە، ئەفریقای باشوور ڕزگاری نابێ. تەنانەت وەک سەرۆکی ئێم کەیش ئەو بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئافریکانەکان فڕێداتە ناو دەریا، لە کۆتایی دا دەبێ خۆ گونجاندن و وتووێژ بکرێ.

کاتێک کە لێم پرسی بۆ دەستی بە خوێندنی زمانی ئافریکان کرد، وەڵامێکی زۆر ڕاشکاوانەی دامەوە. "باشە، ئەوە شتێکی ئاشکرایە، چونکە وەک کەسێکی فەرمیی، دەبێ دوو زمانە سەرکییەکەی وڵاتەکەت بزانی، و ئافریکان

زمـانێکی گـرینگە کە زۆربەی سـپی پێسـتەکان و دووڕەگەکـانی وڵات قسـەی پێـدەکەن، و ئەوە کەمایەسـییە کە نەیزانـی." ئەو پشـوویەکی دا، پاشـان درێـژەی دا: " کاتێـک کە تـۆ بە ئافریکـان قسـە دەکەی، دەزانـی کە تـۆ ڕاستەوخۆ دەچیە ناو دڵیانەوە."

تۆ ڕاستەوخۆ دەچیە ناو دڵیانەوە. ئەوە زایەڵەی شتێکی دیکە بوو کە ئەو لەبارەی هونەری ڕازیکرەن گوتبوی: " بۆ مێشکیان قسە مەکە، بۆ دڵیان قسە بکە." ئەوە لەبارەی زۆر لایەنی ژیانی ئێمەدا ڕاستە، جا چ لە کاتی هەوڵدان بۆ ڕازی کردنی هاوکارێک کە لە ڕوانگەی ئێمە تێبگا، ڕاکێشانی دەنگی کەسێک، یا ڕاکێشانی مشتەری بێ. ئەگەر تۆ بتهەوێ شتەکە بفرۆشی، قسە بۆ دڵ بکە. ماندێلا ئەو کارەی لەگەڵ لایەنگرانی خۆی و هەروەها ئافریکانەکان دەکـرد. بەڵام لە پەیوەنـدیی لەگەڵ ئافریکانەکـان، زۆر دژوارتـر بـوو. مانـدێلا دەیزانـی کە ڕەگەزپەرستی شـتێکی عەقڵانـی نییە و ئەو نـاتوانێ تەنیـا بە شـێوەی عەقڵانـی باسـی بکـا. ئەوە پێویسـت بـوو کە سپی پێسـتەکان دێموکراسـی و بیـرۆکەی فرەڕەگەزیـی نەتەوەکەیـان تەنیـا لە بـواری عەقڵانـی قبـوڵ نەکەن بەڵکـو لە بـواری هەستیشەوە. تەنیا ئەوکات ئەو دەگەیشتە ئەم ئاشتبوونەوەیە کە ئەو بەڕاستی خوازیاری بـوو. ئەو هەمیشـە تکـای لە عەقڵی خەڵـک دەکرد، بەڵام دەیزانـی کە سـەرکەوتنی کۆتـایی کاتێـک دەستەبەر دەبێ کە بتوانێ دڵـی ئەوان وەدەست بێنێ.




داواکراوانی دادگای ڕیڤۆنیا

لە ١٩٦٢، نزیکەی ساڵ و نیوێک پاش ژیانی نهێنی، و تەنیـا چەنـد مانگ دوای دەستپێکردن بە خوێنـدنی زمانی ئافریکـان، مانـدێلا لە کـاتی پەڕینەوە لە سـنووری بوتسـوانا بـۆ ئەفریقـای باشـوور دەستبەسـەر کـرا. کاتێک کە

دەستبەسەر کرا، بە تاوانی خیانەت داداگایی کرا کە ئەگەری لەسێدارە درانی هەبوو. زۆر کەس پێیان وابوو کە لە دادگای بەناوبانگی ریڤۆنیا، کە نزیکەی ساڵێکی پێچوو، بۆ دوایین جار نێلسۆن ماندێلا دەبینن یا شتێکی لێ دەبیستن. لە یەکەم ڕۆژەکانی دادگاییەکە، ماندێلا وەبیری دێ کە لەگەڵ "یەکێک لە پاسەوانە میهرەبانەکانی ئافریکان"، لەبارەی پەروەندەکەیدا قسەی کرد.

"ئەو لێی پرسیم، ' ماندێلا، پێتوایە دادوەر لەسەر ئەو پەروەندەیە چیتان لێدەکا؟' و من گوتم، ' پێموابێ لە سێدارەمان دەدا.' لە ڕاستیدا مەبەستم ئەوە نەبوو. تەنیا هەندێک پشتیوانیی و دڵسوزیی ئەوم گەرەک بوو. پێموابوو ئەو دەڵێ، من باوەڕ ناکەم قەت ئەو کارە بکا.' بەڵام ئەو هەڵوێستەیەکی کرد، جیددی بوو و چاوی لەسەر هەڵگرتم و ڕوانییە خوارەوە و گوتی، ' پێموایە تۆ ڕاست دەکەی، ئەوان لە سێدارەتان دەدەن.' "

ئەوە تێگەیشتن لە ناو دڵی دوژمنەکەی بوو. ئافریکانەکان زۆر ڕاستەوخۆ و ڕووڕاست بوون، فێڵباز و لەبنەوەبڕ نەبوون. ئەو دەیتوانی هەستی بۆت ببزوێ یا نا، بەڵام ئەو پێی دەگوتی چی لە مێشکی دایە.

لە کۆتایی دا دادوەرەکەی، ئەو و هەڤاڵەکانی بە زیندانی تا هەتایی مەحکوم کرد. شەوی حوکم درانەکە ئەو و هاوداواکراوە ڕەشەکانییان لە پشتی پیکاپێک هاویشتن و پاشان بە فڕۆکەیەک بەرێیان کردن بۆ کەیپ تاون، و بردیانن بۆ دوورگەی ڕۆبێن. ئەوە لەوێ بوو، لە یەکەم ساڵەکان لە دوورگەکە بوو کە ماندێلا بە جیددی دەستی بە خوێندنی زمانی دادوەرەکەی و زیندانبانەکانی کرد. ئەو لە ڕێگای نامەگۆڕینەوە دەستی بە خولی ئافریکان کرد و کتێبی ڕێنووسی ئافریکان لەو دەگمەن شتانە بوون کە لە سەردەمی سەختی یەکم ساڵەکانی بەندیخانە دا ڕێگایان پێدا بەدەستی بگەن. (داخوازییەکەی بۆ نوسخەیەکی کتێبی شەڕ و ئاشتی تۆلستۆی ڕەت کرایەوە چونکە کاربەدەستان پێیان وابوو ئەو کتێبە ڕێنمای سەربازییە). ئەو کەڵکی لە گشت دەرفەتێک وەردەگرت تا لەگەڵ پاسەوانەکان بە ئافریکان قسە بکا.

زۆر لە هەڤاڵەکانی لێی تێنەدەگەیشتن، لە ڕوانگەی ئەوانەوە، ماندێلا بە قسە کردن بە زمانی سەرکوتکەران، ڕێزی خۆی بۆ ئەوان نیشان دەدا. و لە کاتێکدا کە هاوبەندییەکانی کەیفیان بە هەوڵەکانی نەدەهات، پاسەوانەکان پێیان خۆش بوو. ئینگلیسی قسەکردنی ئەوان باش نەبوو و بەشێکی زۆر لە زیندانییەکانی دیکە یا

زمانی ئافریکانیان نەدەزانی یا خۆیان لە قسە کردن بەو زمانە دەبوارد. ئامادەیی ماندێلا بۆ ئاخاوتن لەگەڵیان بە زمانی ئافریکان زوو گەیشتە ئاکام. زۆری پێنەچوو کە پاسەوانەکان شەوانە دەهاتنە بەر پەنجەرەکەی و داوای ڕاوێژیان لێدەکرد.

ئەو پێی گوتم، "بێ خۆ هەڵنانەوە، ئەوان ئەغڵەب لە کۆتایی حەوتووەکان و لە ئێواران دا بۆ قسە کردن لەگەڵم دەهاتن. هەندێکیان بەڕاستی مرۆڤی باش بوون و بێ پەروا باسی ڕوانگەی خۆیان لە بارەی شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵماندا قسەیان دەکرد."

بەشێک بە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ دڵیان ئەدوا، هەندێک لە دوژمنەکانی کردبووە هاوپەیمانی خۆی. بۆ ئەو، پاسەوانەکان جیهانێکی بچووک لە خەڵکی ئافریکان بەگشتیی بوون، و ئەگەر ئەو بتوانێ ئەو مرۆڤە کەم خوێندەوار و خاوەن پێشداوەرییانە بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، دەتوانێ هەموو خەڵکەکە بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

ماندێلا دەیزانی کە نەتەنیا پێویستە کە زمانەکەیان فێر بێ، بەڵکو پێویستە لە کولتورەکەشیان تێبگا. کەوابوو دەستی کرد بە فێربوونی شێعری ئافریکان و لێکۆڵینەوەی قووڵی لەبارەی مێژووی ئافریکانەکان کرد. ئەو دەیزانی کە ئافریکانەکان نە تەنیا شانازییان بە مێژوویەکەناوە، بەڵکو بە توانایی سەربازیشیانەوە دەکرد. ئەوان ڕێزیان لە ناوی ژەنراڵە بۆیرەکان دەگرت کە لەگەڵ لەشکری ئیمپراتوری بریتانیا لە ماوەی شەڕی ئینگلیس و بۆیرەکان، لە سەردەمێک دا کە بریتانیاییەکان مەزنترین هێزی سەربازیی جیهان بوون، جەنگابوون. ئەو ناوی ژەنراڵە بەناوبانگەکانی بۆیر و داستانەکانی ئازایەتییەکانیان فێربوو. خوێندنەوەی مێژووی سەربازیی ئافریکانەکان شتێکی لە بارەی شێوەی شەڕکردنی ئەوان فێر کرد: کە چەندە زیرەک و فێڵباز بوون، چەندە بە بڕیار و خوێنڕێژ بوون. دەیان ساڵ دواتر، کاتێک کە دەستی بە وتووێژ لەگەڵ ڕیبەرانی دەوڵەت کرد، ئەوان لە ئاماژە کردنی ماندێلا بە ژەنراڵە ئافریکانەکان و شەڕەکان، سەریان سوڕ دەما و سەرسام دەبوون.

لە دوورگەی ڕۆبێن، ماندێلا بە هەڤاڵەکانی دەگوت کە ئافریکانەکانیش ئەفریقاییین. ئەوان خەڵکی ئاڵمان، هولەند و وڵاتانی دیکەی ئوروپا بوون کە کۆچیان بۆ ئەفریقا کردبوو و پەیوەندییان لەگەڵ ئوروپا پچڕاندبوو. ئافریکانەکان چیتر نیشتمانیان لە شوێنی دیکە نەبوو. ئەوان ئێستا ڕەگیان لە ئەفریقا داکوتابوو، هەر وەک داری



سەرچاوە
Serchawe

سەخت و جوانی جاکاراندا، کە لە ئوروپاوە هاتبوو و زۆر دەمێک بوو ببووە سەمبولی کولتوری ئەفریقا.



ماندێلا دەیزانی کە وێکچوونی قووڵ لە نێوان ئەفریقاییەکان و ئافریکانەکاندا هەبوو. هەردووکیان هەستی گومانداریی ئازاری دەدان. هەردووکیان لە لایەن بریتانیاییەکانەوە سەرکوت کرابوون. ئافریکانەکان سووکایەتییەکی زۆریان لە لایەن بریتانیاییە ئیمپێریالیستەکانەوە پێکرابوو، وەک هاووڵاتی وەحشی پلە دوو، تەنیا پلەیەک لە سەرووی ئەریقاییەکانەوە سەیر دەکران. ئەوانیش هەستیان دەکرد بێگانەی بێزراو بوون. وەک گەل، ئەوان سکاڵایەکی هاوبەشیان هەبوو، کە زۆر لە گەڵ هی ڕەشپێستەکانی ئەفریقایی لە ژێر ئاپارتاید دا جیاواز نییە.

ئەگەرچی ماندێلا قەت لەگەڵ پاسەوانەکانی دوورگەی ڕۆبێن نەبوو بە دۆستی نزیک، بەڵام پاش چەند ساڵ ڕێز و پێزانینی زۆرتریان بەرامبەر ماندێلا و هاوبەندییەکانی نیشان دەدا. چەند ساڵ دواتر، کاتێک کە ماندێلا بۆ بەندیخانەی پۆلسمور گواسترایەوە، ئازادیی زۆرتر و ژووری تایبەتیی پێدرا، بەڵام بەرپرسی ئەوێ خراپتر بوو. سەرگورد فریتز ڤان سیتەرت عادەتی بە هەڵسوکەوت لەگەڵ تاوانکاری ئاسایی گرتبوو، نەوەکو زیندانی سیاسی و لەویش کەمتر بەناوبانگترین زیندانی سیاسی جیهان. ئەو زیندانییەکانی ئازار دەدا و بە هیچ شێوەیەک پێی خۆش نەبوو کە ماندێلا مامەڵەی تایبەتی لەگەڵدا بکرێ.

سەرەڕای ئەوە، ماندێلا پێی وابوو گشت کەسێک بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، و دەستی بە لێکۆڵینەوە لەبارەی ڤان سیتەرت کرد. ئەو بۆی دەرکەوت کە ڤان سیتەرت ئاشقی ڕاگبییە. ڕاگبی سپۆرتی نەتەوەیی ئافریکانەکان،

تەقریبەن بۆیان وەک ئایینی نەتەوەیی بوو. ئەوان شانازییان پێوە دەکرد و هەستیان دەکرد جیاوازن. ئەوان شانازییان بە یانەی سپرینگبوکس، یانەی نەتەوەییانەوە دەکرد، زۆرینەی یاریکەرەکان ئافریکانی زل و بەهێز کە یونیفۆرمی تایبەتیی سەوز و زەردیان لەبەر دەکرد، بوون. وەرزشەکە وەک ئاوێنەی هۆزەکە بوو: بێبەزەیی، خێرا، چڕوپڕ و بێ جلوبەرگ و کڵاوی پارێزەر.

لەبەر ئەو هۆیانە، خەباتگێڕە ڕەشپێستەکان ڕقیان لەو سپۆرتە دەبۆوە و پێیان وابوو کە سەمبولی دڕندەیی ئافریکانەکانە. ڕەشپێستە ئەفریقاییەکان بە پێی نەریت پشتگیرییان لە یانەی هەر وڵاتێک دەکرد کە دژی سپرینگبوکس کایەیان کردبا (وەک پەندی پێشینیان کە دەڵێ، دوژمنی دوژمنی من دۆستی منە)، پێیان وابوو شکستی یانەی نەتەوەیی، سەرکەوتنە دژی ئاپارتاید.

بەڵام ئێستا ماندێلا ڕاگبی وەک ئامرازێک بۆ کاریگەریی لەسەر سەرگورد ڤان سیتەرت سەیر دەکرد. ڤان سیتەرت مانگی جارێک دەهات بۆ سەردانی ماندێلا، و بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ چاوپێکەوتنەکە، ماندێلا دەستی کرد بە خوێندنەوەی لاپەڕەکانی وەرزشی و جەختی لەسەر ئاکامی ڕاگبی کردەوە، ناوی یاریکەرەکان و لێهاتووییەکەنیان فێر بوو. سەرەتا ڤان سیتەرت لەگەڵ ماندێلا سارد بوو، و بڕیاری دابوو هیچ خزمەتێک بە ماندێلا نەکا.

پاسەوانی ماندێلا لە پۆلسموت، کریستۆ برەند، وەبیری دێ کە چۆن ماندێلا بە ئافریکان دەستی کرد بە دواندنی ڤان سیتەرت و باسی ڕاگبی کرد. وەک برەند باس دەکا، زۆری پێنەچوو کە ئەوە کارتێکەریی لەسەر شێوەی دوژمنانەی ڤان ستیلەرت کرد، و دەستی کرد بە گۆڕینەوەی باس و خواس لە گەڵ زیندانییەکان لە بارەی ڕاگبی.

کاتێک کە ماندێلا گوازرایەوە بۆ زیندانی ڤیکتۆر فەرستەر لە ١٩٨٨، نە تەنیا زمانی ئافریکانەکەی باشتر ببوو بەڵکو شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەتی و ئاشپەزێکشی، سیتوان یەکەم جەک سوارت، هەبوو. سوارت پیاوێکی باڵا بەرزی شل و شەوێڵ بوو کە سمێڵێکی ماش و برنجی هەبوو. ئەو ڕۆژی سێ ژەمی بۆ ماندێلا دروست دەکرد و ماندێلا زۆر هۆگری بوو. ماندێلا دەیگوت، "ئەو ژەمی زۆر خۆشی دروست دەکردن" و بەو شێوەیە وەسفی دەکرد ئەو کابرایەکی زۆر پێشکەوتووخواز بوو، گوێی نەدەدا ڕەگەز." ماندێلا وەبیری دێ کە چۆن لەسەر قاپ شۆردن دەمە قاڵەیان دەکرد، ماندێلا پێداگر بوو کە بیان شۆرێ، بەڵام سوارت دەیگوت ئەمە ئیشی ئەوە. سەرەڕای ئەوە ماندێلا

دەیشۆردن.

من چووم چاوم بە سوارت کەوت، کە دوای ئازاد بوونی ماندێلا بوو بە ئاشپەزی گشت زیندانەکە. ئەو کابرایەکی مرچومۆن بوو، بەڵام دیار بوو هۆگرییەکی زۆری بۆ ماندێلا هەیە. ئەو دوو مرۆڤە لە زۆر بواردا وەک یەک بوون: بەئانقەست، وریا و بە پارێز. کاتێک لێم پرسی بە کام زمان بە یەکەوە قسەتان دەکرد، سوارت زەردەخەنەی کرد. ئەو گوتی " من بە ئینگلیسی قسەم دەکرد و ئەو بە ئافریکان." پرسیارم لێکرد بۆ؟ "من ئەو کارەم دەکرد تا ئینگلیسییەکەم باشتر بکەم و ئەو بۆ ئەوەی کە ئافریکانەکەی باشتر بکا." ئافریکانی ماندێلا چۆن بوو؟ دووبارە بزەی کرد." باش، ئەو لەسەرخۆ قسەی دەکردن." ماندێلا ئافریکانی بە دیققەت و فەرمیی قسە دەکرد، ئەو پێی وابوو دیققەت شێوەیەک لە ڕێزگرتنە.



من لە بەشی سێهەمدا باسم کرد کە ماندێلایان لە بەندیخانە ڕا برد تا چاوی بە پی دەبلیو بۆتا، سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور بکەوێ. تەنانەت پێش ئەوەی کە بزانێ چاوپێکەوتنەکە دیاریکراوە، ماندێلا خۆی بۆ ئامادە کرد. ئەو تا ئەو جێیەی دەیتوانی شتی لەبارەی بۆتا فێر بوو. ئەو بە دیققەت پلانی دادەڕشت کە چی بڵێ و چەند حەوتوو ڕاهێنانی بۆ فێربوونی دێڕەکان کرد. وەک ئەکتەرێکی مەزن ڕاهێنانی دەکرد و دەیهەویست ڕۆڵ بینینەکەی سرووشتی بنوێنێ.

سەرەڕای ئامادەکارییەکان، ماندێلا لە ڕاددەبەدەر پەشۆکابوو. ئەو هۆشیار کرابۆوە کە بۆتا تووڕە و تۆسنە، و ئامادەی شەڕە. ئەوە قومارێک بوو کە مایەکەی نەیدەتوانی مەزنتر بێ. ئەی ئێن سی ٧٠ ساڵ بوو دامەزرابوو،

بەڵام ئەوە یەکەمجار بوو کە یەکێک لە ڕێبەرەکانی چاوی بە سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور بکەوێ. ئەو چاوپێکەوتنە دەیتوانی شانۆ بۆ دیموکراسی غەیرە ڕەگەزیی یاخود شەڕی خوێناوی ناوخۆ ئامادە بکا. ئەگەر پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەبینیبا، دەیتوانی ببێتە هۆی وەلانانی ماندێلا لە لایەن هاوڕێ سیاسییەکانیەوە.

یەکێک لە ڕۆژەکانی دیدارەکە، ماندێلا زۆر زوو لەخەو هەستا و چەند کاتژمێر پێش ڕۆیشتن ئامادە بوو. ئەویان برد بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی سەرۆک کۆمار، توینهویس لە کەیپ تاون، و سەرۆکی هەواڵگریی و وەزیری داد، کۆبی کۆئیێتسی بۆ ژووری نانخواردن ڕێنوێنیی کرد. کۆئیێتسی کراواتی بۆ ماندێلا بەست (ماندێلا لە بەندیخانە لەبیری چووبۆوە چۆن کراوات ببەستێ) و ئەژنۆی دادا تا قەیتانی کەوشەکانی ماندێلا قایم بکا.

ماندێلا گێڕایەوە: "کە چوومە ژوور، زۆر پەشۆکا بووم، سەرۆک کۆمار بە دەرگای خۆیدا هاتە ژوورەوە. ئێمە هاوکات گەیشتینێ، وادیار بوو ئەو کاتناسیی منی تاقی دەکردەوە. بۆتا لێو بەخەندە بوو و دەستی بۆ لای من ڕاداشت." ماندێلا بە باوەڕبەخۆییەوە چووە پێش و دەستی بۆ تۆقە درێژ کرد، بە ئافریکان سڵاوی لە بۆتا کرد. بۆتا وەڵامی داوە و پرسیاری لێکرد ئاخۆ دەخوازێ چایەک بخواتەوە و چای بۆ تێکرد. لە کاتی چا خواردنەوەدا ماندێلا بۆ بۆتای باس کرد کە ئەو زانیاریی لەسەر مێژووی ئافریکان بە شێوەی گشتیی و لە بارەی شەڕێ ئینگلیس و بۆیر بەتایبەتی هەیە. ئەو ناوی ژەنراڵە بەناوبانگەکانی بۆیری هێنا. باسی هەندێک لە شەڕە بەناوبانگەکانی کرد. شتێکی ئاشکرا بوو کە بۆتا گەلێک پێی کەیف خۆش بوو.

کاتێک کە بۆتای ئارام کردەوە، ماندێلا زانیاریی خۆی لە بارەی مێژووی ئافریکانەکان بە باس لەسەر شتی جیددی و ناخۆش بەکار هێنا. لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانیی، ئەفریقای باشوور لە لایەن حیزبی ئیگلیسی زمانی یونایتەد پارتی بەڕێوە دەچوو، نەوەک حیزبی نەیشنال پارتی کە بە ئافریکان دەدوا. کاتێک دەوڵەت شەڕی دژی ئاڵمان ڕاگەیاند، ئافریکانەکان بە توندی دژی وەستانەوە. ڕێبەرانی ئافریکان بە توندی دژی بریتانیا بوون و بڕیاریان دابوو نەبنە هاوپەیمانی بریتانیا بەڵکو لایەنی دوژمنی بریتانیا، واتە ئاڵمان بگرن. ماندێلا بە درووستی بە بۆتای گوت، "ئەوان ڕووبەڕێکی بەربڵاویان لە پارێزگای فری ستەیت داگیر کرد، سامانێکی زۆریان لەناو برد، و سێ سەد کەسیان کوشت. سەرەڕای ئەوە، ڕێبەری سەرهەڵدانەکەیان کەمتر لە ٦ مانگ دواتر لە زیندان ئازاد کرد."

مەبەستی ماندێلا لێرە تەنیا ئەوە نەبوو کە بە بۆتا نیشان بدا کە ئەو خوێندکاری مێژووی ئافریکانە، بەڵکو وێکچوونی نێوان سەرهەڵدان دژی بریتانیا و خەباتی ئەی ئێن سی دژی ئاپارتاید نێشان بدا. بەڵام ئەو هەروەها بە شێوەیەکی زیرەکانە ئاماژەی بەوە کردبوو کە دەوڵەت بەرهەڵستکارەکانی لە ماوەی شەش مانگ دوای دەستبەسەر کرانیان ئازاد کردبوو، بەڵام ئەو و هاوکارەکانی ٢٠ ساڵ بوو لە بەندیخانەدا بوون. کاتێک کە ماندێلا داوای لە بۆتا کرد کە والتێر سیسولو ئازاد بکا، شتێک کە بۆتا بە فەرمیی ڕەتی کردبۆوە، سەرۆک کۆمار دەستبەجی ڕەزامەندیی نیشان دا.

ئافریکانەکان ڕووڕاستن و ڕێزیان بۆ ڕووڕاستی خەڵکی دیکە هەیە. ماندێلا هەم ڕووڕاست بوو و هەم بەئەدەب، تێکەڵاوێک کە بۆتا لێی تێدەگەیشت، چونکە ئەو بۆخۆی دەقاودەق بەو شێوە بوو.



کاتێک کە ماندێلا بووە سەرۆک کۆمار، ڕاگبی جارێکی دیکە هاتەوە ناو ژیانی. یەکەم کاری ماندێلا ئەوە بوو کە ببێتە باوکی میللەت، باوکێک کە سپی و ڕەش لە دەوری ڕۆئیایەک یەک بخا. بە گوێرەی هەندێک لە ڕەخنەگرەکانی، جاری وا هەبوو کە ئەو کاتی زۆرتری بۆ کەم کردنەوەی نیگەرانییەکانی سپی پێستەکان تەرخان دەکرد تا سووک کردنی مەینەتباریی ڕەش پێستەکان. بەڵام ئەو دەیزانی کە جووڵانەوەیەکی بەهێزی دژی شۆڕش لە ناو بەرەی ڕاستڕەوی ئافریکانەکان دا هەیە، و ئەو لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە لە جیات سەرکوت کردنیان، ئەوان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. و ئەگەر ئەو نەیتوانیبا ڕاستە توندئاژۆکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، لانی کەم دەیتوانی کە ئافریکانە میانڕەوەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، دەنا ئەگەری ئەوە هەبوو کە ئەوان هەووەسی پشتگیریی لە

تووندئاژۆکان بکەن.

کاتێک کە هەڕەشەکان لە دژی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ڕەگەزەکان لە هەموو کات مەزنتر بوو، لە ١٩٩٤ و ١٩٩٥، ماندێلا کەڵکی لە تاکتیکێکی سەیر وەرگرت: ئەو ڕووی لە وەرزش وەک ئامرازێک بۆ سارێژ کردنی نەتەوەکەی کرد. لەمێژساڵ بوو کە ئەی ئێن سی هەر شتێکی لە دەستی هاتبوو بۆ بایکۆت کرانی سپرینگبوکس، یانەی نەتەوەیی ڕاگبی لە کایە ناونەتەوەییەکان، ئەنجام دابوو و لەو کارە دا سەرکەوتبوو. ئێستا ماندێلا هەوڵی دەدا کە ئەو بایکۆتە نەمێنێ و دەوری سەرەکیی لە هێنانی کاپی جیهانیی ڕاگبی بۆ ئەفریقای باشوور گێڕا. ئەو بیری لەوە دەکردەوە کە ڕاگبی دەتوانێ ئامرازێکی مەزن بۆ یەکخستن نەک بۆ لێکدابڕان بێ. ئەو هەنگاوێکی دڵڕفێنیی بۆ ڕاکێشانی دامودەزگاکانی ڕاگبی دەستپێکرد. لەگەڵ کاپیتانی یانەی سپرینگبوکس، فرانسوا پینار کە نزیکەی دوو میتر بەرز بوو، بووە هاوڕێ و ئەویش تەسلیمی کاریزمای ماندێلا بوو. ئەو چەند جار سەردانی یانەکەی کرد، کە پێکهاتبوون لە ئافریکانی مرچوومۆن کە لە باشترین حاڵەت دا سیاسی بوون و بەرامبەر بە ڕێبەرێکی ڕەش پێست و سیاسەتی ڕەشەکان بە گومان بوون. ڕۆژێک پێش ئەوەی کە سپرینگبوکس بەرامبەر بە قارەمانی دەورەی پێشوو، ئوسترالیا، لە مای ١٩٩٥، کایە بکا، ماندێلا بەرەو کەمپی ڕاهێنانەکانیان فڕی تا پێیان بڵێ کە ئەوان بۆ وڵات و نەتەوەکەیان بە گشتی کایە دەکەن و سپی و ڕەش، پشتیوانیانن. ئەو شەپکەی سپرینگبوکسی لەسەر کرد. هەر وەک سەرۆکی یانەکە دواتر بە ڕۆژنامەوان جان کارلینی گوت، " ئەو دڵی ئەوانی بردبۆتەوە."

لە یەکێک لە بەناوبانگترین ژێستەکانی بۆ ئاشتبوونەوە، ماندێلا لە فینالێ ڕاگبی لە ژوهانسپورگ لە ستادیۆمی ئەلیس پارک، ساڵی ١٩٩٥، بلوزی سپرینگبوکسی لەبەر کرد و شەپکەکەیانی نایە سەر. کاتێک کە پێش دەستپێکی کێبڕکێیەکە چوو و سڵاوی لە کاپیتانی یانەکە کرد، تەماشاوانەکان کە زۆربەی هەرە زۆریان سپی پێست بوون هاواریان کرد، "نێلسۆن، نێلسۆن!" ئەوە یەکێک لە ورووژێنەرترین ساتەوەختەکان لە مێژووی وەرزش و سیاسەت دابوو. تۆکیۆ سێکسوەیل، کە لە دوورگەی ڕۆبێن لەگەڵ ماندێلا زیندانیی بوو بە کارلینی گوت، " ئەوە ساتەوەختێک بوو کە من لە هەموو کات ڕوونتر تێگەیشتم کە خەباتی ڕزگاریدەرانە هێندە بۆ ئازاد کردنی ڕەشەکان لە کۆیلەتی نەبوو، بەڵکو بۆ ڕزگار کردنی سپی پێستەکان لە ترس بوو."

لە کۆتایی دا، بۆ ماندێلا، ناسینی دوژمن تەنیا هەنگاوێکی تاکتیکی نەبوو بەڵکو هەنگاوێک بۆ هەست پێکردن

بوو. ماندێلا قەت وەک ئەکتەرە کۆمێدیەنەکە، پۆگۆ بە وتە بەناوبانگەکەی کە گوتی، " ئێمە چاومان بە دوژمن کەوتووە و ئەویش خۆمانین." قسە ناکا. بەڵام ئەو هێندە سوور بوو لەسەر خولیای ڕاکێشانیان بۆ لای خۆی کە ئەو شتە جۆرێک لە وەفاداریی بۆ ئەویان درووست کرد. ئافریکانەکان هەوڵەکانی ماندێلایان بۆ ئەو مەبەستە دیت، ئەو پتر لە نیوەی ڕێگاکەی بۆ دیداری ئەوان پێوابوو، لە حاڵێکدا کە پێویستی نەدەکرد جووڵە بکا. لە کۆتایی دا، ئافریکانەکان لەو شتە تێگەیشتن و متمانەیان پێکرد. ئەو دڵی ئەوانی بردەوە.

بە وتەی ماندێلا، کاتێک کە تۆ بەرامبەر بە دوژمنت سەرکەوتی، لە سینگت مەدە کە تۆ براوەی. کاتی مەزنترین سەرکەوتنت کاتێکە کە تۆ دەبێ بەخشندەترین بی. بە هیچ شێوەیەک سووکایەتییان پێ مەکە. لە ڕاستیدا دەبێ ئێزنیان پێبدەی ئابڕوویان بکڕنەوە. ماندێلا ئەوەشی زیاد کرد، بەو شێوەیە تۆ دوژمنی خۆتت کردۆتە دۆستی خۆت.

## ڕکابەرەکانت لە خۆت نزیک ڕاگرە



لە کاتێکدا کە ماندێلا زۆر بایخی بە دۆستەکانی نەدەدا، ئەو قەت بەو شێوەیە لەگەڵ ڕکابەرەکانی نە دەجووڵاوە. لە کاتێکدا کە سەروشوێنی هاوکارەکانی لێ ون دەبوو، قەت لە شوێن پێ هەڵگرتنی دژبەرەکانی نەدەوێستا. تۆ دەتوانی متمانە بە هەڤاڵەکانت بکەی بەو مانایە کە ئەوان پشتگیریت دەکەن، و دەبێ بە شێوەیەک متمانە بە

دوژمنەکانت بکەی کە ئەوان هەمیشە دژی تۆ دەوەستێنەوە. بەڵام ڕکابەرە دۆستانەکانت، ئەو کەسانەن کە تۆ دەبێ هەمیشە ئاگاداری هەڵسوکەوتیان بی. ماندێلا هەمیشە ئەو کارەی دەکرد.

ئەو ئەم کارەی بە نهێنی دەکرد. ئەو بۆ سیخوڕی لەسەر نەیارانی کەڵکی لە دەزگای هەواڵگری یا پشکێنەری سیڤیل وەرنەدەگرت. ئەو دەیزانی باشترین کار بۆ ئەو مەبەستە چاودێریی لە دوورەوە نا بەڵکو لە نزیکەوەیە. لە ڕاستیدا، کاتێک کە بەیەکەوە لە ژوورێک بان، زۆر جار بانگی ڕکابەرەکەی دەکرد کە بێت و لە پەنای دانیشێ، وا باشتر بوو کە وریای بێ.

پووچەڵکردنەوەی پیلانی دژبەرەکانی نموونەیەک بوو بۆ ئەوەی کە ماندێلا چەندە بە وردی ئامادەکاریی دەکرد. هەندێک جار ئێمە هەوڵ دەدەین چاوەڕوانی شتی چاوەڕوان نەکراو بین، بۆ ئەوەی کە خۆمان بۆ هەر پێشهاتێک ئامادە بکەین. لە ڕوانگەی ماندێلاوە ئێمە پێویستە کارێکی باشتر بۆ چاوەڕوان کردنی شتی چاوەڕوانکراو بکەین، کە ئێمە ئەغڵەب خۆمان بۆ ئەو شتانە ئامادە ناکەین کە دەزانین لەوانەیە بقەومێن. بۆ ماندێلا، یەکێک لەو شتانە ڕکابەرێک بوو کە دەیتوانی بە چالشی بکێشێ.

ماندێلا تەقریبەن هەمیشە لە هەر شوێنێک با لە ناوەندی سەرنج دابوو و ئەویش پێی خۆش بوو. قیافەی وەک هی ئەو پیاوانەی سەر سکە دەچێ، سەربەرز، باوەڕبەخۆ، چەنەگەی بەرز بۆوە. کاتێک لە مەجلیسێک دادەنیشت چاوی لە چاوی ئامادەبووانەوە دەبڕی بۆ ئەوەی بۆ لای خۆی ڕایانکێشێ. بەڵام ئەو کاتانەی چرای بەهێزی میدیا لەسەری نەبوو، دەتتوانی ببینی کە دەڕوانێتە خەڵک و هەڵیان دەسەنگێنێ. چاوی لەسەر دۆستەکانی نەبوو، بەڵکو لەسەر ئەو کەسانەی کە بە بڕوای ئەو ڕکابەری بوون یا ئەگەری ئەوە هەبوو ببنە ڕکابەری. ئەو دەیڕوانییە شێوازی ئەوان، شێوەی ئاخاوتنیان و تەنانەت شێوەی تۆقە کردنیان. جارێکیان پێی گوتم کە یەکێک لە ئەندامانی کابینەکەی لە کاتی تۆقە کردن چاو لە چاوانی ناکا و ئەوە نیشانەیەکی باش نییە.

ماندێلا، بە پێچەوانەی زۆرێک لە سیاسەتوان و ڕێبەران، زێدەڕۆیی لەبارەی وەفاداریی نەدەکرد. ئەو چاوڕوانیی دەکرد و کاتێک کەسێک وەفاداریی نیشان نەدابا بێ هیوا دەبوو، بەڵام دەیزانی کە وەفاداریی لە سیاسەت و ژیاندا بەستراوەتەوە بە هەلومەرج. شتێک بە ناوی وەفاداریی ڕەها بوونی نییە. وەفاداریی تا ڕاددەیەکی زۆر بۆ



سەرچاوە
Serchawe

بەرژەوەندی خۆتە، و ئەو دەیهەویست ڕکابەرەکانی وابیر بکەنەوە کە وەفاداریی بە ئەو لە بەرژەوەندیی خۆیان دایە، یا لانیکەم، ڕێگای کەمتریان بۆ بێوەفایی پێ بدا.

سەرەڕای ئەو وریاییە، ماندێلا هەمیشە لەبارەی دادوەریی لەبارەی خەسڵەتی خەڵک باش نەبوو. حەزی ئەو بۆ دیتنی چاکە لەهەموو کەس دا بەو مانایە بوو کە ئەو هەندێک جار لایەنە ڕەشەکانی کەسایەتی ئەوانی نەدەدیت. ئەو هەروەها زوو دەکەوتە ژێر کاریگەریی پێهەڵداگوتن، شانوشەوکەت و سامان. بەڵام ئەو بە هەمان شێوە لە ناسینەوەی هەڵەی مرۆڤەکان زیرەک بوو، و هەمیشە لەو کەسانە دەگەڕا کە بڕیارەکانیان لەخۆوە و لە ژێر کاریگەریی هەست ئەنجام دەدا، لە جیاتی بیر لێکردنەوە، ڕەنگ بێ لەبەر ئەوە بوو کە بۆخۆی لە سەردەمی لاوەتیدا بە هەمان شێوە بوو. نێلسۆن ماندێلای لاو هەڕەشە بوو بۆ ڕێبەرایەتی ئەی ئێن سی. کەوابوو بۆ خۆی وریای ئەو جۆرە کەسانە بوو و دەیزانی کە ئەوان دەیانتوانی هەڕەشە لە دەسەڵاتی بکەن و پلانەکانی پووچەڵ بکەنەوە.

لە ڕاستییدا، گرژییەکان لە نێوان بەرەی کۆن و نوێی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا دوابەدوای هاتنە دەری ماندێلا لە بەندیخانە سەریان هەڵدا. ئەو دەیزانی کە دوو بەرە هەبوون: توندڕەوەکان و ئاشتیخوازەکان. جیاوازییەکە پەیوەست بە جیلەکانەوە بوو، ڕێبەرە لاوەکان لە بەراورد لەگەڵ سەردەمی ماندێلا، شەڕانیتر بوون و خوازیاری بەرەوڕوو بوونەوە. یەکێک لەو ڕیبەرە لاوانە بانتو هۆلۆمیسا بوو، ئەو ژەنراڵەی کە لە ١٩٧٨ کودەتای سەربازیی ئەنجام دابوو و دەسەڵاتی لە ترانسکەی بەدەستەوە گرتبوو. هۆلۆمیسا لە کۆتاییەکانی سی ساڵەیی دا بوو، بەڵام لاوتری دەنواند و ئاژاوەگێڕێک بوو خاوەنی زەردەخەنەیەکی دڵڕفێن و قاقایەکی تیژ. لە ڕوانگەی منەوە ئەو تێکەڵاوێک بوو لە ڕیبەری نەریتیی و شۆڕشگێڕ، بەرزەفڕ و زوو تووڕە دەبوو، لە ژێر کاریگەریی چەپڕەوەکان کە پێیان وابوو ماندێلا زۆر حەز بە سازان دەکا و زۆر بڕوای بە دەوڵەتە. ماندێلا پێی وابوو کە هۆلۆمیسا ئەگەری کەوتنە ژێر کاریگەریی خراپی زۆر بوو.

کاتێک کە ئێمە لە ترانسکەی بووین، ماندێلا دەیهەویست هەمیشە هۆلۆمیسای لێ نزیک بێ. ئەو دەیپرسی " بانتو لە کوێیە؟ ژەنراڵ لە کوێیە؟" کاتێک کە هۆلۆمیسا دەهاتە ژووری دانیشتنی ماندێلا، ئەو دەستی لە کورسییەکی پەنای خۆی دەدا و دەیگوت، " ئاە، ژەنراڵ وەرە لە پەنام دانیشە." ئەو دەستی هۆلۆمیسای دەگرت، نەریتێک کە

لەناو پیاوانی ئەفریقایی دا باو بوو بەڵام ماندێلا کەمتر ڕەچاوی دەکرد. ئەو لە شوێنی گشتیدا وەک کوڕێ خۆی لەگەڵ هۆلۆمیسا، و زۆر باشتر لە کوڕەکانی خۆی، ڕەفتاری دەکرد. لەگەڵ ئەوان زۆر سارد بوو.

کاتێک کە بەیەکەوە دەبووین، ماندێلا دەیگوت هۆلۆمیسا وەک تۆپێکی بێ کونترۆڵ وایە و دەبێ لە ژێر چاودێریی دابێ. و ئەوە شتێک بوو کە ماندێلا دەیکرد. ئەو لە ترانسکەی هیچ جووڵەیەکی بە بێ بانگهێشت کردنی هۆلۆمیسا نەدەکرد. هۆلۆمیسا زۆری بەکەیفێ بوو. ئامانجی ماندێلا ئەوە بوو کە هۆلۆمیسا هەست بە گرینگ بوون بکا و وابزانێ کەسێکی چاوپۆشیی لێنەکراوە، و بەکردەوە هۆلۆمیسا کاتێک کە ماندێلا دەستی دەگرت یا خود لە ئامێزی دەگرت گەلێکی پێ خۆش بوو و شانازیی پێوە دەکرد. ئەو زۆر جار لێی دەپرسیم، " پیرە پیاوەکە کەیف خۆشە؟" و کاتێک کە دەمگوت بەڵێ لە خۆشییان دەدرەوشاوە. هەر وەک ئێمە لە جیاتی ئەوەی کە بۆخۆمان کارێک بکەین بە داوای یارمەتی لە خەڵکی دیکە هاوسۆزیی ئەوان بۆخۆمان زیاد دەکەین، ماندێلاش هاوسۆزیی بۆخۆی لە لای هۆلۆمیسا بەوە زیاد دەکرد، کاتێک کە وای نیشان دەدا بەوی وابەستەیە. لە ئاکامدا، هۆلۆمیسا، هەستی بە وەفاداریی بە پیرە پیاوەکە دەکرد.



هەڵسوکەوتی ماندێلا بەرامبەر بە کریس هانی لەبەر هەمان هۆ دەقاودەق بەو شێوە بوو. پێش کوژرانی، هانی یەکێک لە خۆشەویستترین ڕێبەرە لاوەکان بوو لە ئەفریقای باشوور چونکە جەنگاوەر و نەترس بوو. بە میلیۆنان ڕەش پێشت لە ئەفریقای باشوور هەبوون کە بۆ ئەوان تۆڵە ئەستاندن لە سازش کردن سەرنجڕاکێشتر بوو، کە نەیاندەویست وەک ماندێلا کە داوای لەبیر کردنی ڕابردووی دەکرد، ئەو کارە بکەن. ماندێلا داوای لێدەکردن کە لاچاوەکەی تریان ڕاگرن (وتەیەکی عیسای مەسیح کە دەڵێ ئەگەر یەکێک زللەیەکی لێدان لەجیات تۆڵە کردنەوە،

لاچاوەکەی تری بۆ ڕاگرن. و.)، بە سەبر بن و لێبوردەیی نیشان بدەن. ئەوە بۆ هەموو کەس ئاسان نییە، لانی کەم بۆ میلیۆنان خەڵکی هەژار کە چەندین جیل بوو نیری کۆیلەتییان لە ملدا بوو.

ماندێلا هەمان تووڕەیی و بێ سەبریی لە هانی دا بەدی دەکرد کە خۆی وەک ڕێبەرێکی لاو هەیبوو، و لەوە نیگەران بوو. لەجیاتی هانی لەخۆی دوور بکاتەوە، لە خۆی نزیک کردەوە. کاتێک ئێمە لە ژۆهانسبورگ بووین، ماندێلا هەمیشە داوای لە یاریدەدەرەکانی دەکرد کە هانیش لەگەڵ کۆبوونەوەکان و سەفەرکانی بێ، بەتایبەتی لە کاتی ڕێوڕەسمەکان. ئەو هانی لەخۆی نزیک ڕادەگرت و دەستی دەگرت، هەر وەک چۆن ئەو کارەی لەگەڵ هۆلۆمیسا دەکرد. ئەوە بەشێکی بەو هۆیە بوو کە چاودێریی بکا، بەڵام بەشێکی شانۆیەکی سیاسی زیرەکانە بوو، هەر وەک بەڕیوەبەرێکی بەساڵاچووی هۆلیوود ئەکتەرێکی لاو لەلای خۆی ڕادەگرێ تا خۆی گرینگ و سەردەمیانە نیشان بدا.

لەبیرمە جارێکیان لە ژۆهانسبورگ کاتێک کە ماندێلا وتارێکی پێشکەش دەکرد لە پەنای هانی دانیشتبووم. ماندێلا بەسەرهاتێکی گێڕاوە لە بارەی ئەو مەسەلە کە چۆن چۆتە لای هەندێک لە "ئاسیاوترین سەرمایەدارەکانی" ئەفریقای باشوور، وێدەچوو ئەو زۆر شانازیی بەوەوە بکا کە ئەو دەتوانێ دەستی پێیان ڕا بگا، و بۆ ئەی ئێن سی داوای پارەی لێکردبوون. ئەو بە گوێگرەکانی گوت کە پێی گوتوون " بێ چەک (چەکی پارە) لێرە ناچێتە دەرەوە "، و ئەوەی زیاد کرد، "من نا ئومێد نەکرام". ئەوە بەسەرهاتێک بوو کە ماندێلا ئەو سەردەمی زۆر جار باسی دەکرد، و لە کاتێکدا کە مەبەستی ئەوە بوو کە نیشان بدا کە سەرمایەدارەکان هەوڵیان دەدا یارمەتی خەبات بکەن، کاردانەوەی گوێگرەکان ئەوە بوو کە ماندێلا بە زەحمەت خستنە سەر سەرمایەدارەکان وێدەچوو بە زۆر پارەیان لێ بستێنێ.

من خۆم بۆ لای هانی شۆڕ کردەوە و پێم گوت، وێدەچێ ئەو بەسەرهاتە لەلای گوێگرەکانەوە بە باشی وەرنەگیرا. ئەو لەگەڵمدا هاوڕا بوو، ئەویش بە هەمان شێوەی تێگەیشتبوو. من گوتم " ڕەنگبێ وا باش بێ پێی بڵێی." ئەو زەردەخەنەیەکی کرد و چاوی لێم کرد و گوتی، " بۆ تۆ پێی ناڵێی؟" هانی لەوە دوودڵ بوو کە شتێک بە ماندێلا بڵێ کە ورەی پێ دابەزێ، ئەو وەک کوڕێکی دەچوو کە ئەوەندە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی باوکییەوە کە نایهەوێ ڕووبەڕووی بوەستێتەوە. بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە بوو کە ماندێلای نیگەران دەکرد، ئەو زۆرتر لەگەڵ ئەو کەسانە ڕاحەت بوو کە بەرەوڕووی دەبوونەوە نەوەکو ئەوانەی کە هەستەکانیان لەوی دەشاردەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی کە هانی و هۆلۆمیسا تیایدا هاوبەش بوون ئەوە نەبوو کە چالاکانە بەرامبەر بە ماندێلا بێ وەفا بن، بەڵکو ئەوان "کاڵ و کرچ" بوون، و بڕیارەکانیان بە پێی "خوێن" بوو نەوەک مێشک. ماندێلا ئەو کاڵوکرچییەی وەک نیشانەی گوماندارێی دەدیت. لە ڕوانگەی ئەوەوە، ئەو پیاوانە کەمایەسی باوەڕبەخۆبوونیان هەبوو. ئەو جۆرە پیاوانە پێشبینی نەکراو و مەترسییدار بوون و بۆ پشت پێبەستن نەدەبوون. لە ڕوانگەی ماندێلاوە پەیمان شکێنیی چالاکانە هەبوو و هەروەها پێشبینیی نەکراوییش هەبوو. ئەو دوو شتە یەک نین بەڵام خاڵی هاوبەشیان هەیە، بۆ پیاوێکی بەهەست ئەگەری ئەوە زۆرترە کە ببێتە مرۆڤێکی بێوەفا، لە هەڵسەنگاندن داهەڵە بکا. هیچ قەرەبوویەک بۆ گوماندارێی نییە، مرۆڤ تەنیا دەبێ هۆشیار بێ.

*****

تەنیا جووتە کەسێک کە ماندێلا بەشێوەیەک بێ ڕێزیی پێدەکردن کە نیشانی دەدا دڵی لێیان هێشاوە و لێیان تووڕەیە ئێف دەبلیو دیکلەرک و ڕێبەری زولوو مانگۆسوتو بوتێلێزی بوو. لە کاتێکدا کە دیکلەرک دەکەوتە بەرەی دوژمن کە دەکرا ببێتە هاوپەیمان، بوتێلێزی هاوپەیمانێکی ساختەیی بوو کە دەیتوانی ببێتە دوژمن. ئەو ڕکابەرێکی ڕاستەقینەی ماندێلا بۆ ڕێبەرایەتی ئەفریقای باشوور بوو، ڕکابەرێک کە بە بۆچوونی ماندێلا بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی ئامادە بوو وڵات تووشی شەڕی ناوخۆ بکا.

ویستی ماندێلا بۆ دیتنی چاکە لە گشت کەسێک دا بوتولێزی نەدەگرتەوە. من قەت گوێم لێی نەبوو ستایشی سەرۆکی زولوو بکا. ئەو پێی وابوو کە بوتێلێزی پێشبینی نەکراو بوو و بۆ متمانە پێکردن نەدەبوو. ئەو سکاڵای دەکرد کە بوتێلێزی ڕووبەڕوو وتووێژی سازش کردنی لەگەڵدا دەکا، تۆقەی لەگەڵدا دەکا و بە نهێنی پەیمان شکێنیی دەکا.

جارێکیان، لە کۆنفراسێکی فرەلایەنەدا لە ١٩٩١، لەوسەری هۆڵەکە چاوی بە بوتێلێزی کەوت لەگەڵ پاشای لاوی زولوو. ماندێلا چوو بۆلایان تا لەگەڵ پاشای زولوو تۆقە بکا، بەڵام بە وتەی ماندێلا، پاشا لە ژێر کاریگەریی بوتێلێزی دا خۆی لە تۆقە کردن بوارد. ماندێلا بە زەردەخەنەیەکەوە بۆی گێڕامەوە، " وا دیارە پەشیمان ببۆوە چونکە دواتر نێردراوێکی ناردە لام و وەڵامی دابوو کە پاشا لەگەڵ خەڵکی ئاسایی تۆقە ناکا. پاشان من چاوم بە پاشا کەوت کە لەگەڵ دیکلەرک تۆقە دەکا. پێموایە ئەو تەنیا لەگەڵ خەڵکی ئاسایی ڕەش پێشت تۆقە ناکا."

به لەبەرچاو گرتنی ئەو هەڵوێستەی ماندێلا لەبارەی بوتێلێزی، هەندێک کەس لە دیاریکردنی ناوبراو وەک وەزیری ناوخۆ لە یەکەم کابینەی ماندێلادا سەریان سوڕ ما. بەڵام هەر وەک بۆخۆی بۆی شی کردمەوە، ئەو تەنیا لەبەر ئەوەی کە پێی وابوو ڕێبەری زولوو هێندە مەترسیدارە، ئەو پێویست بوو "لە ژێر چاودێریی خۆیدا ڕایگرێ." و بۆ ئەو کارە کوێ لە کابینەی خۆی باشترە؟ ئەگەر چی ماندێلا هەمیشە ئەکتەرێکی مەزن نەبوو، لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی دیاریکردنی بوتێلێزی دا، ئەو وای نواند وەکو ڕێبەری زولوو سیاسەتوانێکی ڕاستەقینە بێ.

ماندێلا دەیزانی کە هیچ ڕێکارێکی بێخەوش بۆ پێشگرتن بە هێرشی دژبەران نییە. بەڵام لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە بە هێنانی ڕکابەرەکان بۆ ژێر باڵی خۆی، وایان لێ بکا کە لانیکەم دووجار بیر لەو شتە بکەنەوە. و بەو جۆرە، هێندە نزیک بێ کە بتوانێ چاوەڕوانی هەر ئەگەرێک بکا.

## فێر بە کەنگێ بڵێی نا



نێلسۆن ماندێلا پیاوی ڕەنگبێ یەکان نەبوو. لەوانەیە ئەو بێدەنگ بێ. لەوانەیە دوورەپەرێز بێ. لەوانەیە هەندێک جار خۆی بخافڵێنێ، شتی وەدوا بخا و خۆت لێ بە دوور بگرێ. بەڵام لە کۆتاییدا، ئەو شتێکت پێ نالێ تەنیا لەبەر ئەوەی کە تۆ پێت خۆش بێ بیبیستی.

ئەگەرچی ئەو غەریزەی نزیک بە نائاسایی بۆ ڕازییکردن هەیە، ئەگەرچی ئەو ڕقی لە نائومێد کردنی خەڵکە، نێلسۆن ماندێلا لە گوتنی نا زۆر لێهاتوویە. هەندێک جار دەڵێ "ڕێگام بدە بیری لێ بکەمەوە"، بەڵام کاتێک کە دەزانێ کە وەڵامەکە نایە دەڵی نا. ئەوە هێندە ئاسان نییە کە دێتە بەرچاو. ئێمە لەبیرمان دەچێ کە 'نا'، ڕستەیەکی تەواوە.

ئەو پێی خۆش نییە بیڵێ، تۆ دەیبینی کە تێدەکۆشێ بە شێوەیەکی بەئەدەبانە بیڵێ. بەڵام دەزانێ کە نەگوتنی نا لە ئێستادا دەتوانێ لە داهاتوو چەند هێندە دژوار بێ. وا باشترە کەسێک لە سەرەتادا بێ ئومێد بکەی. ئەو شتەکەی لەبەرچاوان شیرین ناکا و نایخاتە ئەستۆی کەسێکی دیکەوە. کاتێک کە دەڵی نا، دەیهەوێ ئاشکرا و کۆتایی پێهێنەر بێ. ئەو نایهەوێ ئومێدی ساختە بدا و دەرگاکە بە نیوە ئاواڵەیی بێڵێتەوە.

وێنەیەکی بەناوبانگی ماندێلا و والتێر سیسولو لە دوورگەی ڕۆبێن هەیە کە لەوێنەکەدا ماندێلا ڕووی لە والتێر وەرگێڕاوە، بەڵام بە قامک ئاماژە دەکا. بەو شێوەیە ئەو دەڵێ نا، ئەو نیگای وەردەسوڕێنێ بۆ چرکەیەک تا شتەکە شی بکاتەوە، پاشان چاو لە چاوانت دەکا و دەڵێ، " بەداخەوە، بەڵام وەڵامەکە نایە."

لە ماوەی ژیانی سیاسیدا ئەو چەند جار نای مەزن و ئاشکرای گوتوون. کاتێک کە لاو بوو، نەیهێشت کۆمۆنیستەکان بێنە ناو ڕیزەکانی یەکیەتی لاوانی ئەی ئێن سی. ئەو خۆی لە شاردنەوەی ئاکارە شۆڕشگێڕییەکانی لە ماوەی دادگایی ریڤۆنیا پاراست. کاتێک کە بۆی دەرکەوت کە دێکلەرک دەیهەوێ دەسەڵاتی سپی پێستەکان بەسەر دەوڵەتدا بپارێزێ بە ئاشکرا گوتی نا. لە گشت ئەو مەسەلانەدا، نا نوێنگەی پرەنسیپێکی گشتیی بوو، جگە لەوە، هەموو شتێکی دیکە دەیتوانی بەڵی بێ یا دەکرا وتووێژی لەسەر بکرێ. و دەیزانی کە هەمیشە دەیتوانی بۆچوونی خۆی بگۆڕێ.

من زۆر جار کەسێک بووم کە ماندێلا پێی دەگوتم نا. زۆرجار کاتێک لێم دەپرسی ئاخۆ بۆم هەیە لەگەڵیدا بچم بۆ کۆبوونەوەیەک، سەفەرێک یا میوانداریەک. من ڕاستەوخۆ لێم دەپرسی، و هەندێک جار ئەو بە ئاسانی دەیگوت باشە، وەرە لەگەڵم. ئەگەر وەڵامەکە نا بایە، ئەو هەرگیز وەڵامی ناڕوونی نەدەدامەوە. قەت نەیدەگوت، "لێت مەعلوم دەکەمەوە" یا " پێویستە ئەم یا ئەو شتە بپرسم." ئەو خێرا و بە ئاشکرا دەیگوت، " ریچارد، ئەوە فکرێکی

باش نییە،" یا " بەداخەوە، بەڵام مومکین نییە." هەرگیز بۆ 'نا' یەکانی بیانووی نەدەهێناوە و هەستی ساختەی نیشان نەدەدا. ئەو هەرگیز نەیدەگوت: "باشە ئەگەر لەبەر فلان کەس نەبا، وەڵامەکەم ئەرێنی دەبوو" یا " لە کاتی ئاسایی دا، پێم خۆش دەبوو بەڵام..." بیانوو هێنانەوە تەنیا بوار بۆ مشتومڕ لەگەڵ لایەنی بەرامبەر خۆش دەکا، و ئەو بە پێی ئەزموونی دوورودرێژ بۆی دەرکەتبوو کە خەڵک لەگەڵ وەڵامێکی نەرێنی قورس و قایم باشتر لە هی ناڕوون مامەڵە دەکەن.

لە هەمان کاتدا، کاتێک کە ناچار نەبا نەیدەگوت نا. ئەو لە بارەی 'نا' یەکانییەوە خاوەن ستراتیژی بوو. بۆ نا بە فیڕۆ بدەی کاتێک کە پێویست نەبوو بڵێی نا؟ بۆچی مرچومۆن بی کاتێک کە پێویست نەکا؟ جارێکیان کە تازە لە سەفەرێک بۆ چیاکانی مۆنترۆ هاتبۆوە پێی گوتم کە سەفەرێکی پڕ دەسکەوتی هەبووە. لێم پرسی ئاخۆ چیاکانی پێخۆش بوون. پشوویەکی دا و گوتی: " لێیان بێزار نیم."

وەڵامەکە زۆر لە ماندێلا دێتەوە. بۆ گوتنی ئەوەی کە چیاکانی بە دڵی نەبوون شتێکی دەست ناکەوێ، کەوابوو بۆ ئەوەی بڵێ؟ هەندێک لە دەنگدەران چیاکانیان خۆش دەوێ، کەوابوو بۆچی لەخۆڕا ئەوان لەخۆی دوور بکاتەوە؟ بۆیە ئەو قەت یانەیەکی هەرە دڵخواز هەڵنابژێرێ. تۆ بەو کارە تەنیا هاندەرانی یانەکانی دیکە لەخۆت دوور دەکەیەوە. کاتێک پرسیارێک ڕاستەوخۆ ڕووی لەوی نەبا و ئەو پێویست نەبا وەڵام بداتەوە، زۆرجار وەڵامی نەدەداوە.

بە گشتیی، ئەو بەوە دڵخۆش دەبوو کە پێویست نەکا بڵێ نا. کاتێک کە لە کۆتایی وتووێژەکان بۆ پرۆسەی بیرەوەرییەکانی نزیک دەبووینەوە، ئەو کەوتبۆ ژێر زەختێکی بەرچاو لە لایەن هاوکارانییەوە و ڕێبەریی ئەی ئێن سی بۆ ئەوەی کە گشت کاتی خۆی بۆ دانوستانەکان تەرخان بکا، نەوەک بۆ شتی لاوەکی. ئەو پێی دەگوتم پێویستە پەلە بکەین، و لە کۆتاییەکان ڕۆژی دوو وتووێژمان دەکردن، یەکیان بەرەبەیانی زوو و ئەوی دیکە پاشنیوەڕۆیان.

ڕۆژێکیان پێمگوت دەبێ بە جیددی قسەت لەگەڵدا بکەم. دیتم کە ئەو قسە ئەوی وریا کردەوە و چاوی لە چاوانمەوە بڕی. ئێمە لە ماڵی ماندێلا لە هۆوتن لە ژووری دانیشتنە هەتاوییەکەی هەر کاممان لە سەر کورسییەک

دانیشتبووین. لە کاتێکدا کە دەستم بە قسە کردن کرد، ئەو قیافەی دانووستانی بەخۆوە گرت: بێ لایەن، فەرمیی و ناومکین کە بتوانی بیخوێنییەوە. من گوتم ئێمە وەک دوو چیاوانین کە لە ترۆپکی چیا نزیک دەبینەوە. لەوانەیە پێمان وابێ کە زۆرمان ماوە، بەڵام ئەگەر ئاوڕ بدەینەوە دەبینین کە چ مەودایەکی دوورودرێژمان بڕیوە و چەندە لە ئامانجەکەمان نزیک بووینەوە. ئەو بێ هەست سەری لەقاند. دوایە گوتم، "ئەوە پێشنیاری منە. ئێمە دە کاتژمێری دیکەش وتووێژ دەکەین، پێنجیان لەبارەی ژیانی تۆدا دوای ئازاد بوون."

هەر کە قسەکەم تەواو کرد ئەو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، تاوێک بیری کردەوە، دوایە لەسەرخۆ گوتی، " باش، زۆر باشە." ئەو سوکنایی پێداهات. دەزانم منیش ئەو هەستەم هەبوو.

یەک حەتوو دواتر، کاتێک کە هەوڵم دا یەک دوو کاتژمێر زیاتر کاتی لێ وەرگرم، ئەو قامکی لێ ڕاوشاندم و گوتی نا.

بە درێژایی ژیانی، ماندێلا ناچار بوو بڕیار بدا کە کەنگێ هەنگاو بنێ و کەنگێ نا، کەنگێ بەرەو پێش بچێ و کەنگێ دەست لە هەڵوێستەکەی هەڵگرێ. بە لەبەر چاو گرتنی ئەو هەموو کاتەی کە لە بەندیخانە بردبوویە سەر، شوێنێک کە توانایی کارتێکەریی سنووردار بوو، دەیزانی کە بەشێکی بەرچاو لە دۆخەکان بۆخۆیان جێبەجێ دەبن. هەندێک بڕیار هەن کە وەدواکەوتنیان بە سوودترە، ئەگەر پێت وابێ ئەوە درووستە، باشە، لێی نیگەران مەبە. بەڵام ئەگەر تۆ وەدوای دەخەی یا خۆی لێ دەبوێری چونکە گوتنی 'نا' ناخۆشە، باشتر وایە دەستبەجێ بیڵێی و بە ڕوونی بیڵێی. تۆ بەو کارەت پێش بە کەڵەکە بوونی موشکیلە لە داهاتوو دا دەگری.

## ئەوە گەمەیەکی درێژخایەنە



بیست و حەوت ساڵ لە زیندانیبوون فێری زۆر شتت دەکا، یەکێک لەوان پشوو درێژییە. لە سەردەمی لاوەتیدا ماندێلا بێ سەبر بوو: ئەو ئاڵوگۆڕی دەستبەجێی دەویست. بەندیخانە فێری کرد کە ئارام بێتەوە، و پێی سەلماند کە پەلە کردن زۆر جار دەبێتە هۆی هەڵە و هەڵسەنگاندنی چەوت. لە سەرووی هەموو شتێک، ئەو فێر بوو چۆن دڵخۆش کردن وەدوا بخات، گشت ژیانی ئەو نوێنگەی ئەو تایبەتمەندییەیە.

زۆربەی ئێمە فێری پێچەوانەی ئەوە بووین. چوونکە کولتوری ئێمە خوازیاری خێراییە، ئێمە بێ سەبری وەک بەهایەک سەیر دەکەین. ئێمە ڕەزامەندیی دەستبەجێمان لەگەڵ نیشاندانی هەستی خۆمان لێ تێکچووە. ئێمە هەوڵ دەدەین لە گشت دەرفەتێک دەستبەجێ کەڵک وەرگرین، بێ ئەوەی کە بیری لێ بکەینەوە و وەڵامی گشت تویتێک و کورتە پەیامێک دەدەینەوە. بەڵام ئەو دەڵێ ئێمە نابێ وەهمی بەپەلەبوونی شتێک ناچارمان بکا کە پێش ئەوەی ئامادەییمان هەبێ بڕیاری لەسەر بدەین. ئەوە ڕاستە کە هەندێک جار ئەگەر زوو بڕیار نەدەین، ئەگەری ئەوە هەیە کە دەرفەتێک لە کیس بدەین. بەڵام زۆر جاری دیکەش هەن کە ئەگەر پەلە نەکەین و پشوودرێژ بین، مامەڵەیەکی باشتر یا کارێکی باشتر دەکەین. باشتر وایە لەسەر خۆ و خاوەن بیرکردنەوە بین نەوەک تەنیا بۆ نیشاندانی بە بڕیار بوونمان، پەلە بکەین.



سەرچاوە
Serchawe

له پەیوەندیی لەگەڵ ماندێلا، ئەو دەیزانی کە مێژوو بە شەوێک درووست نابێ و هیچ کەس ناتوانێ بە دەستی خۆی بیگۆڕێ. ڕەگەزپەرستی و سەرکوت بە درێژایی هەزار ساڵ گەشەیان ساند، کۆلۆنیالیزم چەندین سەدەی پێچوو، ئاپارتاید دەیان ساڵی خایاند تا درووست بکرێ، و هیچکام لەوانە بە چەند مانگ یا چەند ساڵ لەناو ناچن. ئەو پیاوەی کە چووە بەندیخانە بۆ داهاتوویەکی خەیاڵیی بێقەرار بوو. لە ڕوانگەی ئەوەوە، ڕێبەریی بەساڵداچووی ئەی ئێن سی قەت شتێکیان بە خێرایی و پەلەی پێویست نەدەکرد. ئەوان زۆر کۆنەپارێز بوون، زۆر گرەویان لەسەر دۆخی هەنووکەیی کردبوو. لە بەندیخانە، ئەو بوو بە یەکێک لەو پیرەپیاوانە، بەڵام بۆی دەرکەوت کە هۆشیار بوون بەو مانایە نییە کە ڕادیکاڵ یا بوێر نەبی. گرینگ خێرایی بڕیارەکان نییە بەڵکو ئاراستەکەیانە. خێرا شتێک نییە کە مرۆڤێک بوێر بکا. لە ڕاستییدا، بیر لە کاردانەوەی دوورخایەن کردنەوە زۆر جار دەخوازێ کە ئامادەیی گۆڕینی ڕوانگەی وەهات هەبێ کە زۆر دەمێکە لە لات خۆشەویستن یا ڕەگی قووڵیان لە مێشکتدا داکوتاوە.

کاتێک کە لە دوورگەی ڕۆبێن بوو، زیندانییە لاوەکان زۆر جار پێیان وابوو کە بە پێی پێویست خێرا نییە و دەسەڵاتدارەکان بە توانایی تەواوەوە بە چالش ناکێشێ. لە کاتی گفتوگۆ لە سەر سیاسەتێک کە بۆ داهاتوویەکی دوور دەبوو، کاتێک کە پێی دەگوتن پەلە مەکەن، ئەوان دەیانپرسی " هەر ئێستا چییەتی؟"


ئەو پێی دەگوتن: " بڕوانن، لەوانەیە ئێوە بۆ چەند ڕۆژ، چەند مانگ و چەند ساڵ ڕاست بکەن، بەڵام ئەگەر بیر لە داهاتووی دوور بکەنەوە لە درێژ خایەن دا شتێکی گەلێک بەنرخترتان گیر دەکەوێ."

لە درێژ خایەن. ئەوە دەستەواژەیەک بوو کە زۆر جار کەڵکی لێوەردەگرت. ئەو بەو شێوە بیر دەکاتەوە، ئەو مەودایەی کە بیری ئەو بە باشترین شێوە کار دەکا. ئەو خێرا و ساکار نییە، ئەو پێی خۆشە لە فکرەکانیدا بەردەوامیی هەبێ. ئەگەر هەر کەس مەودایەکی سرووشتیی هەبێ، غاردانی کورت، مامناوەندیی و درێژمەودا، ماندێلا ڕاکەری درێژ مەودایە، بیرمەندی درێژ مەودا. و بەندیخانە ماراتۆنی ئەو بوو.

کاتێک کە بیرمان لە مەسالەیەک یا موشکیلەیەک دەکردەوە، هەندێک جار دەیگوت، " ئەوە بۆ درێژ مەودا باشترە." بەڵی، ئەو گەشبینە، بەڵام گەشبینێکی لە ڕاددە بەدەر ڕیئالیست و وریا. ئەو هەستیار نییە، و لە دژی هیوا،

هیوادار نییه. به درێژایی ساڵه ڕەشەکان، ئەو باوەڕی به موعجیزه نەبوو. موعجیزه، ئەگەر هەبان دەستکردی مرۆڤ بوون، ئاکامی کاری سەخت و دیسیپلین که یارمەتییدەر بوون بۆ بەرەوپێش بردنی شتەکان بەرەو ئەو ئاراستەیه که تۆ دەتهەوێ. تۆ ناتوانی متمانه به شانس یا دەستوەردانی خواوەندیی بکەی.

هەر که وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا دەیزانی که ئامانجی گشتیی ئەو درووست کردنی نەتەوەیەکی نوێیه. ئەوە بەو مانایه نییه که ئەو کاری به گیروگرفته ڕاستەوخۆ و بەپەلەکان نەبوو، ئەو دەیزانی که ئەگەر چارەسەری گیروگرفته دەستبەجێکان نەکا، دەرفەتی پێڕاگەیشتن به ئەوانی درێژ مەودای نابێ. بەڵام به شێوەیەکی سەرەکیی ئەو چاوی له ئامانجه درێژمەوداکانەوە بڕیبوو. و خۆی لەوە دڵنیا دەکردەوە که ئامانجه کورت و درێژمەوداکان ئاماژه به هەمان ئاراسته بکەن. ئەو زۆر جار باسی له بیرکردنەوە له " وێنەی گشتیی" دەکرد، و تەقریبەن هەمیشه بەو شێوە بیری دەکردەوە. به کردەوە، ئەوەی که دڵگرانی دەکرد موشکیله کورت مەوداکان بوون که دەبوونه ئاستەنگی سەر ڕێگا بەرەو ئامانجه درێژخایەنەکان. زۆر جار، ئەو گیروگرفته کورت مەودایانه دەبوونه هۆی درووست کردنی بیرمەندی کورت مەودا، ئەوانی که مانشێتەکانی ئەو چرکەساته و ئەو ڕۆژه ڕێنوێنیان بوون. ئەو دەیڕوانییه ئاسۆ.



کاتێک که له بەندیخانه هاته دەر، زۆر خێرا تێگەیشت که بەرەوپێشچوونێکی له ڕاددەبەدەر له تەکنەلۆژیا دا هاتۆته ئاراوە. کاتێک که چووە بەندیخانه، تەلەفزیۆن له ئەفریقای باشوور بوونی نەبوو، جا چ بگا به کەناڵی هەواڵی ٢٤ کاتژمێریی. له یەکەم کۆنفڕانسی ڕۆژنامەوانیدا، کاتێک که کامێراوانەکان میکرۆفۆنه درێژ و

تووکنەکانیان بەرەوڕوو گرت، خۆی نەوی کرد چونکە پێی وابوو چەکیان بەرەوڕوو گرتووە. ئەو لە تەلەفۆن کردن لەناو فرۆکەدا سەری سوڕ دەما و گەلێکی پێ دڵخۆش دەبوو. بەڵام بە هاتنی ئەو ئاڵوگۆڕانە خێراییەکی زۆر هاتبووە ناو ژیانی مرۆڤ، و ئەو خێراییە نوێیە خێرایی ماندێلا نەبوو. ئەو پێی وانەبوو کە پێویست بکا یا دڵخواز بێ کە بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی بچووک لە هەواڵەکاندا پەرچەکرداری هەبێ. ئەوە بۆخۆی زۆر جار موشکیلەی دروست دەکرد. ئەو دەیزانی کە هەڵەیەکی بەپەلە و کورت خایەن، کاردانەوەی درێژخایەنی دەبێ.

ماندێلا بیری لە مێژوو دەکردەوە. مێژوو، بە پێی پێناسە پرۆسەیەکی درێژخایەنە. ئەو دەیزانی دەبێ هەوڵ بدەی کاریگەرییت لەسەری هەبێ، بەڵام هەر تاکێک کاریگەرییەکی بەرچاوی نییە. ئەگەر داوای وەڵام بەو مەتەڵەی لێ بکرێ " مێژوو مرۆڤ دروست دەکا یا مرۆڤ مێژوو؟" ئەو دەڵێ مێژوو مرۆڤ دروست دەکا، کە هێزی مەزن یارمەتییدەری دروست کردنی ڕێبەری مەزنن. بەڵێ، ئەوە ڕاستە کە تاکێک دەبێ دی ئێن ئەی دروست و لێهاتوویی دروستی هەبێ، بەڵام هەل مرۆڤ دروست دەکا، چونکە تەنیا ئەو کاتە کە تاکەکە بۆ کەڵکوەرگرتن لە هەلەکە هەڵدەستێ. ئەو دەڵێ کە خۆی بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکە هەستا بەڵام دەزانێ کە خۆی درووستکەری هەلەکە نەبوو.

سیریل رامافۆسا، ڕیبەر [سەرۆکی نەقابەی کرێکارانی کانگاکان] و چالاکی نزیک لە ماندێلا لە کاتی هاتنە دەر لە بەندیخانە دەڵێ، " ئەو مرۆڤێکی مێژووییە. ئەو لە بیرکردنەوەدا زۆر لە پێش ئێمەوە بوو. ئەو بیری لە دواڕۆژ دەکردەوە. لە داهاتوودا چۆن بیر لەو کارەی کە ئێمە کردوومانە دەکەنەوە؟ مێژوو ئەوی ڕزگار کردووە. هەموو شتێک دەقاودەق بەو شێوەیە بوو کە ئەو بیری لێ دەکردەوە."

ماندێلا پێی وابوو کە ڕێبەرەکان بە پێی کۆی کارەکانیان و کۆی گشتیی ژیانیان هەڵدەسەنگێندرێن. ئەو خۆی خەڵکی بە پێی کۆی ژیان و کارەکانیان هەڵدەسەنگاند، نەوەک بەگوێرەی کاردانەوەیان بەرامبەر بە دۆخێکی تایبەتی. ئەو زۆر جار باسی ئەو ڕێبەرانەی دەکرد کە لە بەندیخانەدا هەڵسوکەوتیان باش نەبوو. " من زۆر کەس دەناسم، هەڤاڵ لە ئاستی بەرز دا کە لە بەندیخانە بوونە مایەی نائومێدی. تۆ پێویست بوو خەبات بکەی، بجەنگی، بڵێی با لەسەر ئەو مەسەلەیە بەرخۆدان بکەین. ئەوان ڕەزامەندییان نەدەدا. دەیانگوت دەتکوژن." لە کاتێکدا کە ئەو لێیان نائومێد بوو، بەڵام ئەوە لە ڕوانگەی ماندێلا کەمایەسییەکی کوشندە نەبوو چونکە تۆ دەبێ

کەسێک بە پێی کۆی ژیانی ئەو هەڵسەنگێنی. هەندێک مرۆڤ لە دەرەوەی بەندیخانە قارەمان بوون، بەڵام لە بەندیخانەدا بەو شێوەیە نەبوون، و پێچەوانەکەشی. بە گوتەی ئەو، لەو مرۆڤانەی کە لە بەندیخانەدا جیی نائومیدیی بوون، " سەرەڕای ئەو لاوازییەیان، مرۆڤی خاوەن کەسایەتی و بەشەرەفیان تێدابوون." ئەوە نموونەی سەخاوەت و ڕوانگەی درێژمەودای ئەون. هیچ کەس بە پێی باشترین ئاکاری بێخەوش، یا بە گوێرەی خراپترینیان گەندەڵ نییە. لەبارەی خۆیەوە دەزانێ کە باشەکان لە خراپەکان زۆرترن، و ئەوە شتێکە کە لە کۆتاییدا حیسابی لەسەر دەکرێ. بەڵام ئەو بڕیاری وەهای داون کە لێیان پەشیمانە. هەموو کەس کۆی ئەو ئاکارانەیە کە ئەنجامی داون.

جارێکیان پرسیارم لە ماندێلا کرد کە ئاخۆ بەختەوەرە. ناوچاوانی گرژ کرد. ئەوە پرسیارێکە کە پێی وایە هەم ڕووکەشییە و هەم داگیرکارانە، تێکەڵاوێکی خراپ. بەڵام وردە وردە دەستی بە قسە کردن کرد. باسی ئەوەی کرد کە چۆن باوکی زۆر زوو و وەک مرۆڤێکی تێکشکاو کۆچی دوایی کرد. باسی ئەوەی کرد کە چۆن دایکی کاتێک کە مرد پێی وابوو کوڕەکەی زیندانی و ڕەنگبێ تاوانکاریش بێ. یەکێک لەو شتانەی کە زۆر لێی پەشیمانە ئەوەیە کە قەت یارمەتی دایکی نەکرد کە لە خەبات تێبگا. ئەو ئاماژەی بەو چەرمەسەرییانە کرد کە کچەکانی تووشی ببوون. دوایە باسی نووسەرە مەزنەکانی یونانی کرد کە بەرهەمەکانیانی لە بەندیخانەدا خوێندبوونەوە و زۆر پێیان کەیف خۆش ببوو. ئەوان بیریان لە درێژخایەن دەکردەوە. ئەو ناوی نووسەرەکەی لەبیر نەمابوو، بەڵام باسی بەسەرهاتی کرۆسیوسی کرد کە لە پیاوێکی ئاقڵ دەپرسێ کە ئاخۆ بەختەوەرە. پیاوە ئاقڵەکە وەڵامی داوە، " پێش ئەوەی کۆتایی کەسێک بزانی بە بەختەوەری حیساب مەکە." ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو، و ئەوە شتێک بوو کە ئەوی کردبوو بە کەسێکی وەها ژیر و وریا. هەموو شتێک دەتوانێ لە برگەی کۆتایی دا بگۆڕێ و تۆ دەبێ لێبڕاو بی تا پێش بە ڕووداوی چاوەڕواننەکراو بگری.

ئەوەی ڕاستیی بێ، ماندێلا ڕەزامەندە. ئەو لە ژیانیدا تووشی تراژێدی مەزن بووە، بەڵام ئێستا کۆتایی خۆی دەزانێ، و دەزانێ کە ئەو بەو کۆتاییە وەفادار بووە و مێژوو هەڵسەنگاندنی باشی لەسەری دەبێ. وەک بەختەوەر ئەژماری بکە.

## خۆشەویستیی گرینگە




لە پەیوەندی لەگەڵ خۆشەویستییدا، ماندێلا مرۆڤێکی ڕۆمانتیکە. بەڵام کەسێکی پراگماتیست. ئەو ناچار بوو وابێ.

بەشی زۆری ژیانی، خۆشەویستیی شتێکی دوورەدەست بوو کە زۆرتر لە بیری ئەودا بوونی هەبوو تا لە ڕاستییدا. کاتێک کە وەڕاست دەگەڕا، زۆرتر سەرچاوەی ژان بوو تا دڵخۆشیی. سەرەڕای ئەوە ئەو قەت لەوە بێ هیوا نەبوو کە ڕۆژێک خۆشەویستیی دێتە ناو ژیانییەوە.

سرووشتی سەردەمی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور ڕێگەی پێنەدا کە ژیانێکی فەرمیی و لەهەمان کاتدا ژیانێکی تاکەکەسیشی هەبێ. ژیانی فەرمیی ئەو بووە هۆی کەوتنە بەندیخانە بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ، کە هیچ ژیانێکی تاکەکەسی و دڵنەواییەکی نەبوو. بەشێک لە لایەنە شەیتانییەکەی ئاپارتاید ئەوە بوو کە ڕەش پێستەکانی ئەفریقای باشووری ناچار دەکرد ژیانی کار و ژیانی بنەماڵەیی لێک جیا بکەنەوە. ئەوە بۆ ماندێلا هاتە پێش، نەوەک لەبەر ئەوە کە ئەو، وەک بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی دیکە، ناچار بوو لە شار ئیش بکا لەکاتێکدا کە

بنەماڵەکەی لە گوند دەژیان، بەڵکو ئەوە مومکین نەبوو کە خەباتکاری ڕێگای ئازادی بی و لە هەمان کاتدا بتوانی بە ئازادی بژی.

تەنانەت پێش ئەوەی کە بکەوێتە ناو بەندیخانە، ناچار بوو لە هاوسەر و مناڵەکانی بێگانە بێ. ئەگەر تۆ خەباتکارێکی ڕێگای ئازادی بی و قاچاخ بای، بنەماڵەکەت ئامانجی سەرکوتکەران بوون، ئازار و ئەزیەت کردنی ئەوان ڕێگایەکی کاریگەر بۆ بریندار کردنی تۆ بوو. کەوابوو ئەو خۆی لە هاوسەر و مناڵەکانی بە دوور دەگرت، و بە بێ دەسەڵاتیی دەیڕوانییە ئازار و ئەزیەتی ئەوان. مەینەتباریی ئەوان ببوە هۆی هێنانە ژێر پرسیاری هەر چەشنە پەیوەندییەک کە لەوانە بوو بۆ ئەوان ببێتە سەرچاوەی دڵگەرمیی. بنەماڵە ئەوی زۆرتر قابیلی زەرەر پێگەیشتن دەکرد نەوەک کەمتر. ئەو زۆر دەگمەن دەرفەتی ئەوەی هەبوو کە وەک باوکێکی ئاسایی بجووڵێتەوە. جارێکیان، کوڕە گەورەکەی لێی پرسی بۆ قەت ناتوانێ شەوێکی لەماڵێ بێ، ئەو وەڵامی داوە کە بە میلیۆنان مناڵی دیکە لە ئەفریقای باشوور پێویستییان پێیەتی. ئەوە شتێکی دڵتەزێنە کە بە کوڕی خۆتی بڵێی، و لە زۆر بوارەوە، لە ڕوانگەی ئەوەوە ئەو خۆ بەختکردنە مەزنترین ئازار بوو.

لە ماوەی ساڵەکانی ناو بەندیخانەدا، خۆشەویستیی لە شوێنێکی دیکە بوو: لە نامەکانیدا، لە بیرەوەرییەکانیدا، لە داهاتوویەکی فەڕزییدا. ئێدی دانیەلس کە لە دوورگەی ڕۆبێن چەند ساڵ لە گەڵ ماندێلا بوو، جارێکیان پێی گوتم، لە بەندیخانەدا کەس نەبوو دڵنەواییت بداتەوە. ئێدی مەبەستی لەو وتەیە هەم ئەوە بوو کە زیندانیییەکان تاقمێکی بێ هەست بوون و هەم ئەوەی کە هیچ ئافرەتێک لە دوورگەکە نەبوو. لە خوێندنەوەکانی من لە بارەی دوورگەی ڕۆبێن، تووشی هەندێک بەڵگە بووم کە باسیان لە هەندێک دەستدرێژیی سێکسی لە بەندیخانەدا دەکرد. بە لەبەر چاو گرتنی ئەوە، لە ماندێلا لە بارەی ڕۆڵی هەوەسی سێکسی لەناو بەندیخانە دا کرد پرسیارم لێکرد. وەڵامەکەی کورت بوو: " ئێمە هیچ ڕێگایەکی دەربڕینی هەوەسی سێکسیمان نەبوو." کۆرت و پوخت.

بەڵام ماندێلا خەونی خۆشەویستیی و ژیانی بنەماڵەیی لە خۆیدا زیندوو ڕاگرتبوو، تەنانەت کاتێک کە ڕاستییەکە نەزۆک بوو. لەماوەی ساڵەکانی ناو بەندیخانەدا، ئەو ئەم خەونەی لەدەروونی خۆیدا پاراستبوو، و کاتێک کە ئازاد بوو، ئاشکرا بوو کە ژیانی هاوسەرییە. تەنانەت ئەو دەمیش، وازی نەهێنا. وردەوردە، لە کاتێکدا کە تەقریبەن بێ ئومێد ببوو، دەستخۆشانەکەی وەرگرت. بەڵام ساڵانێکی یەکجار زۆری پێچوو.

ئەوە خولیای ماندێلا بۆ خۆشەویستیی رۆمانتیک بوو، نەوەک بێزاریی بەرامبەر نادادپەروەریی، کە ناچاری کردبوو ژینگەی ئاسودەی گوندیی بۆ شارێکی گەورە جێ بێڵێ. ئەوە کاتێک بوو کە پاشا جۆنگینتابا بڕیاریدا کە هاوسەری زۆرە ملی بۆ کوڕەکەی جاستیس و ماندێلا بێنێ، ئەوان پیلانی ڕاکردن بۆ ژوهانسبورگیان داڕشت. هۆیەکەی ئەوە نەبوو کە ئەو کیژە لاوانەی کە بۆیان دەستنیشان کرابوون ناشیرین بوون، بەڵام ئەوان پێیان وابوو کە دەبێ مافی هەڵبژاردنی هاوسەریان هەبێ. ئەوە تانەی ڕۆژگار بوو کە هەر ئەو خوێندنەی کە پاشا هەلەکەی بۆ ماندێلا رەخساند، وایکرد کە ماندێلا ببێتە دژی هاوسەرگیری و ژیانی بنەماڵەیی خێڵەکیی. لە خوێندنگەی شەووڕۆژیی هیڵدتاون مێتۆدیست و زانکۆی فۆرت هێر ئەو کتێبەکانی جەین ئۆستێن و شێکسپیری خوێندبوونەوە، و لەوێ بوو کە پێشوازیی لە ڕوانگەی ڕۆمانتیکی خۆرئاوایی لەبارەی خۆشەویستیی، لە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە بە کوڕێنی ئەزموونی کردبوو، کرد. باوکی چوار هاوسەری هەبوون، کە بە نۆرە دەچووە لایان. ماندێلا خۆشەویستی دەویست نەک قەرەواش.

ئەوە لە ژوهانسبورگ بوو کە یەکەم ئەزموونەکانی رۆمانتیکی پەیدا کرد. ئەو ئاشقی کچی خاوەن ماڵەکەی لە گەڕەکی ئالێکساندرا بوو. ناوی دیدی بوو. ئەو بۆی گێڕامەوە، " ئەو زۆر جوان بوو." خزمەتکاری ماڵێک بوو، یەکێک لەو دەگمەن کارانەی کە کیژێکی ڕەش پێستی شاری دەیتوانی هەیبێ، و دەزگیرانێکی دەوڵەمەندی هەبوو کە قاتی لەبەر دەکرد، کڵاوێکی بۆراسلینۆی لەسەر دەکرد و ئوتۆمبیلێکی جوانی لێدەخوڕی. ماندێلا ئاشقی ببوو بەڵام نەیدەوێرا پێی بڵێ. هەرچی بێ ئەو کەسێکی تایبەتی نەبوو: ئەو لە کەپرێکدا لە پشت مالی ئەوان دەژیا، ئینگلیسییەکەی زۆر باش نەبوو، و تەنیا قاتێک و پارەیەکی کەمی هەبوو.



جارێکیان بانگهێشت کرابوو بۆ ماڵی خاوەن ماڵەکەی، و ئەوان کەمێک مریشکیان لەپێش دانا. وەک لاوێک کە تازە لە گوندی ڕا هاتبوو، عادەتی بە بەکارهێنانی کارت و چەنگاڵ نەکردبوو، لە جیاتی ئەوەی کە بە دەستی هەڵی بگرێ یا بە کارت و چەنگاڵ بیخوا و نەزانیی خۆی ئاشکرا بکا، بڕیاری دا کە خۆی لە خواردنی مریشکەکە ببوێرێ. شانازیی بەسەر برسییەتیدا زاڵ بوو. ئەو بە هەمان شێوە لە گەڵ دیدی جووڵاوە. پێی خۆش بوو داوای لێبکا مێردی پێ بکا بەڵام نەیدەویست پێشنیار بە ژنێک بکا کە داواکەی ڕەت بکاتەوە.

کاتێک کە ماندێلا خوێندکارێکی هەژار بوو، والتێر سیسولو ئەوی بە ئامۆزایەکی ناساند، کیژەلاوێکی بێدەنگ و بەشەرم خەڵکی ترانسکەی کە ناوی ئێڤیلین مەیس بوو. ماندێلا و ئێڤیلین ژیانی هاوبەشیان پێک هێنا و خێرا بوونە خاوەنی ٤ منداڵ ( یەکیان لە تەمەنی ٩ مانگیدا مرد)، و لە خانوویەکی گەلێک بچووک دا لە سوێتۆ دەژیان.

لە نێوان کارەکەی، خوێندن و دەستپێکی ژیانی سیاسی، ئەو لە جیات هاوسەر و باوک بێ زۆرتر کەسێکی نادیار بوو. وردە وردە کە زۆرتر کاتی بۆ خەباتی ڕزگاریخوازیی تەرخان کرد لە ئێڤیلین نامۆ بوو. لە کاتێکدا کە ئەو لە ڕاکێشانی جەماوەر بەرەو خەبات سەرکەوتوو بوو، نەیتوانی هەمان کار لەگەڵ هاوسەرەکەی بکا. ئەو پێی خۆش نەبوو گوێی لە سیاسەت بێ و ڕووی لە دونیایەکی جیاواز کرد، و بوو بە ئەندامی شاهیدی یەهووا [ئاییینزایەکی کریستیان] و زۆربەی کاتی خۆی بە خوێندنەوەی ئینجیل دەبردە سەر. زۆری پێنەچوو کە لە یەکتر جیا بوونەوە.

لە سەرەتای دادگای خیانەت لە ١٩٥٦، ماندێلا ببووە پارێزەرێکی سەرکەوتوو و ناوبانگی لەناو شار دەرکردبوو. ئەو ببوە خەباتکارێکی فۆز و یەکێک لەو کەسانەی لێهاتبوو کە بۆخۆی سەردەمێک ئێرەیی پێوە دەبردن: ئەو قاتی شیکی هێڵداری لەبەر دەکرد، ئوتۆمبیلێکی گەورەی ئامریکایی لێدەخوڕی، و پێیخۆش بوو سەردانی خواردنگەکان بکا. ئەو حاشا لەوە ناکا کە لەو سەردەمدا دڵخوازی ئافرەتان بووە. جارێکیان وێنەیەکی ئەو سەردەمیم پێ نیشاندا کە قاتێکی شیکی لەبەردایە و جگەرەیەکی بەدەستەوە. پرسیارم لێکرد کە قەت جگەرەی کێشاوە.

بە بزەیەکی پەشیمانەوە گوتی "کوڕە نا، تەنیا بۆ پۆز لێدان بوو."

*****



سەرچاوە
Serchawe

بەیانییەکی زوو، ئێمە لە نزیکی ماڵی ماندێلا لە ترانسکەی پیاسەمان دەکرد، و پرسیاری لێم کرد ئاخۆ ژنم هێناوە یا نا. ئەوە شتێکی نامۆ بوو چونکە ئەو زۆر بە دەگمەن پرسیاری لە بارەی ژیانی تاکە کەسییدا لێدەکردم. من وەڵامم داوە کە ژنم نەهێناوە.

ئەو گوتی، "ئەها."

پێم گوت کە لەو دواییانەدا چاوم بە وێنەگرێکی ئەفریقای باشوور بە ناوی ماری کەوتووە کە حەزم لێیەتی. هەردووکمان بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگ بووین.

پاشان لێم پرسی، "پێش داوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ کەسێک، دەبێ بۆ چ ماوەیەک ناوبراو بناسی؟" ئەو زەردەخەنەیەکی کرد، "ڕۆژێک، ڕۆژێک بەسە."

دەبێ بەسەیری چاوم لێکردبێ چونکە دەستی کرد بە شی کردنەوە. ئەو گوتی، "تۆ دەتوانی ژنێکت لە یەکەم نیگا دا خۆش بوێ، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە خۆشەویستییەکە لەوانەیە ساڵێک یا پتر بخایەنێ." ئەوجار دەستی کرد بە پێناسە کردنی تاقمەجیاوازەکانی سەرنجڕاکێشیی. "تۆ دەتوانی ژنێک لە کۆڕێکی باس کردندا ببینی و تێگەیشتنەکەی سەرنجت ڕاکێشێ، بەڵام هەستی تۆ پێی سەرقاڵ نەبووبێ. دەتوانی ژنێک ببینی و لە بواری ڕووکەشییەوە سەرنجت ڕاکێشێ." مەبەستی لەوە حەزی فیزیکیی بوو.

ئەو گوتی، "هیچ یاسایەکی تاقانە بوونی نییە، بەڵام خۆشەیستیی گرینگترین شتە."

ڕۆژێک بەسە. ئەوە وێدەچی بۆ ماندێلا بەس بووبێ تا ئاشقی هاوسەری دووهەمی بێ. ئەو بۆی گێڕامەوە کە یەکەم جار کە چاوی بە وینی کەوت، لە ئوتۆمبێلەکەی ڕا بوو، کاتێک کە لە وێستگەی ئوتوبوس ڕاوەستابوو تا بچێ بۆ نەخۆشخانە کە لەوێ وەک پەرستار ئیشی دەکرد. ساڵی ١٩٥٧. بە بۆچوونی ماندێلا وینی زۆر جوان بوو، و ئەو نەیدەتوانی وێنەکەی لە مێشکی خۆی بسڕیتەوە. چەند ڕۆژ دواتر، وینی سەردانی شوێنی کاری ماندێلای کرد و لە بارەی پەروەندەیەکدا پرسیاری لێکرد. ئەو هەستی کرد کە موعجیزەیەک ڕوویداوە، وەک بەختێک کە لە غەیبەوە

هاتبێ.

ئەو نێلسۆن ماندیلا و وینی مادیکیزێلایەی ئەو سەردەمی زۆر لەوەی کە ئێمە دەیان ناسین جیاواز بوون. ئەو کیژێکی بێدەنگ، مرچومۆن و ساکاری ٢٢ ساڵەی گوندیی، ئەم ١٦ ساڵ لەوی بەتەمەنتر، باوکی سێ منداڵ و لە هاوسەری جیا ببۆوە، پارێزەرێکی سەرکەتوو و خەباتکارێکی جێگای ڕێز بوو. ئەو بە توندی کەوتە ژێر کاریگەریی حەزی ماندێلا و زۆر جار کە بەیەکەوە بوون بێدەنگ بوو. ئەو دەیبردە خواردنگە بۆ خواردنی نەهار (وینی تا پێش ئەوکات، قەت خواردنی هیندی نەخورادبوو و پەرداخ لە سەر پەرداخ ئاوی دەخواردەوە تا تیژایی ناو زاری نەهێڵێ)، سواری ئوتومبێلەکەی دەکرد و لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ گەشتی ئاوایی.



لە هەندێک بواردا، ئەوە ساز کردنی خۆرئاوایی بوو، بەڵام داوای مێرد پێکردنەکەی شتێکی جیاواز بوو. ڕۆژێکیان، تەنیا لێی پرسی کە پێیخۆشە جلوبەرگی بووکێنییەکەی چۆن بێ؟ ئەو پێشدا قسەی لەگەڵ بەرگدروویەک کردبوو. لە ڕاستییدا، ئەو ئیعتراف دەکا کە قەت بە فەرمیی داوای لێ نەکرد مێردی پێ بکا و ئەو زۆر جار گاڵتەی پێ دەکرد و دەیگوت قەت هەلی ئەوەی پێ نەدرا کە بڵێ بەڵێ.

لە جەژنی هاوسەرگیریی ماندێلا و وینی دا، کە ٦ ڕۆژ پێش دەستپێکردنی دادگای خیانەت لە ١٩٥٨ دەستی پێکرد، باوکی وتارێکی پێشکەش کرد کە لەویدا باسی لەوە کرد کە کچەکەی مێرد بە "زیندانییەک" دەکا، پیاوێک کە هەر ئێستا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خەبات پێکهێناوە. ئەوە نقورچێکی بە گاڵتە بوو، بەڵام نقورچێکی هەستیار بوو. بۆ بنەماڵەی بورژوازیی وینی، ماندێلا کەسێکی خاوە ڕیسک و زۆر بە دوور لەو کەسە بوو کە ئەوان ئاواتیان دەخواست

ببێتە هاوسەری کچەکەیان. بێگومان، نێلسۆن و وینی قەت ژیانێکی هاوسەریی ئاساییان نەبوو. درووست دوای ڕیوڕەسمەکە، ئەو قاچاخ بوو. لەو کاتەوە، چاوپێکەتنە جاربەجارەکانیان بە نهێنی بوون، دەبوو بە لەبەر چاو گرتنی لانی زۆری تێبینی ئەمنییەتی بە وردی و لە پێشدا پلانیان بۆ داڕێژرێت.

هەر وەک دایک و باوکی لێی دەترسان، ژیانی هاوەسەریی، ژیانی وینی بەرەو ئاراستەیەکی تەواو جیاواز برد. ماندێلا وەبیری دێ کە کاتێک کە حەزی لێ دەکرد، ئەو تەنیا خۆشەویستیی لەگەڵدا نەدەکرد بەڵکو دەیکردە کەسێکی سیاسی. ئەو لەو کارەدا زۆر سەرکەوتوو بوو. تەنانەت پێش ئەوەی کە ماندێلا بکەوێتە ناو بەندیخانە، وینی کەسێکی چالاک بوو، و لە کاتێکدا کە لە بەندیخانە بوو، ئەو بووە " دایکی نەتەوە" کە زۆر بەسۆز بوو، سەمبولی خەباتێک کە هاوسەرەکەی بۆی کەوتبوو ناو زیندان.

بە شێوەیەکی سەیر، خۆشەویستیی و بەستراوەیی ماندێلا بۆ وینی لە زیندان دا قووڵتر بوو. جیابوونەوەی ئەو لە وینی و لە دونیا، پێگەیەکی ئایدیالی بە وینی بەخشی. ئەو بە بیر کردنەوە لە یەکگرتنەوە دووبارە ئاشقی بۆوە. ئەوە شتێک بوو کە گوڕ و تێنی پێ دەبەخشی، بیری ئەوە کە ڕۆژێک یەک دەگرنەوە و کە ئەو هەوڵ دەدا ببێتە هاوسەرێک کە ئەو پێشتر نەیتوانیوە ببێ. ئەو وێنەیەکی وینی لە ژووری بەندیخانەکەی دانابوو و جارێکیان بۆی نووسی: " وێنە جوانەکەت ئێستاش نزیکەی ٦٠ سانت لە بان شانی چەپمەوەیە کاتێک کە ئەو یادداشتە دەنووسم. من گشت بەیانییەک بە پەرۆشەوە خاوێنی دەکەمەوە، چونکە بەو کارە من وا هەست دەکەم کە وەک سەردەمی پێشوو تۆ دەلاوێنمەوە. من تەنانەت لووتم لە هی تۆ دەخشێنم تا هەست بەم تەزوویە بکەم کە هەرجارەی ئەوکارەم دەکرد هەستم پێدەکرد."

ئەو چەند مانگ چاوەڕوانی دیدارەکەیانی دەکرد و کاتێک کە نەدەهات یا کاربەدەستانی بەندیخانە دیدارەکەیان هەڵدەوەشاندەوە تێک دەڕووخا. ئەو لە نامەکانیدا زۆر هەستی خۆی زیاتر دەردەبڕین تا کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە، ئەگەرچی کاربەدەستانی زیندان نامەکانیان دەخوێندنەوە و جاری وا هەبوو سانسۆڕیان دەکردن. لە ئاگوستی ١٩٧٠، لە کاتێکی دژواردا، وینی بۆخۆی لە بەندیخانە دا بوو و نەیدەزانی کێ ئاگای لە کچەکانیانە، ئەو هەستی بەژان دەکرد و بەو شیوە بۆی نووسی:

ژمارەی ئەو چارەڕەشیانەی ئێمە لە بەر نائومێدییە دڵشکێنانەکانی ١٥ مانگی ڕابردوودا بەرەوڕوویان بووینەوە وا بە ئاسانی لە بیر ناچنەوە. نوقم بوو لە ئازاردا، گشت گیانی من، بە گۆشت وپێست و ڕووحەوە، ئەوەندە لەوە بێزارم کە دەسەڵاتی یارمەتییدانی تۆم نییە لە... ئەو چەرمەسەرییانەی کە تووشیان بووی... ئەگەر بمانتوانییبا یەکتر ببینین، ئەگەر بمتوانییبا لە لات بام و باوەشم لێدابای، یا ئەگەر تەنیا هێمای تۆم لە پشت ئەو تەلدڕوویە ئەستوورەی کە ئێمەی لێک جیا کردۆتەوە دیتبا. ئازاری جەستەیی لە بەراورد لەگەڵ پێشێلکردنی ئەو هەستە ناسکانەی خۆشەویستییدا هیچ نییە.

تەنیا شتێک کە دەبووە هۆی تووڕەیی ئەو، بێ حورمەتی کردن بە هاوسەری بوو. پاسەوانەکان ئەوەیان دەزانی و جار جار نووسراوەی ڕۆژنامەکانیان دەبرِی و بۆیان لەسەر تەختی خەوەکەی جێدەهیشت کە لەواندا باسی دەستبەسەر کرانی وینی یا پەیوەندیی لەگەڵ پیاوی دیکەی تێدابوو. بۆ کاربەدەستان، وینی و بنەماڵەکەی پاژنەی ئاشیلی ئەو بوون. ماندێلا بۆی گێڕامەوە کە جارێکیان خەریک بوو هێرش بکاتە سەر پاسەوانێک کە بێڕێزیی بە وینی کردبوو. "بەرپرسێکی بەندیخانە... کە شتێکی نەشیاوی بە وینی گوت، و ئاشکرایە کە من زۆر تووڕە بووم و لە ناڕاحەتییان هەندێک جنێوم پێی دا و بەو هۆیەوە لێپرسینەویان لەگەڵمدا کرد ... نزیک بوو لە کابرای بدەم. لە ڕاستییدا لە کاتی هێرش کردنە سەری، خۆم کۆنترۆڵ کرد و لە کاتێکدا کە جنێوم پێی دەدا کەفم کردبوو. وابزانم زمانێکی زۆر ڕەقم بەکار هێنا."

ئەو داداگایی کردنانە و گیروگرفتانە لەوانەبوو بە ئاسانی ماندێلایان لە خۆشەویستیی سست کردبا و وایان کردبا خۆی بە نەبوونی ئەو ڕابێنێ. بەڵام حەز بە نزیکیی گەلێک بەهێزە، و لەگەل چوونە سەری تەمەنی ماندێلا ئەو زۆرتر ڕۆمانتیک ببوو.



سەرەڕای ئەوە ژیانی هاوسەریی لە گەڵ وینی کۆتاییەکی خۆشی نەبوو. کاتێک کە لە بەندیخانە هاتە دەر، ئەوان نەیانتوانی لەو شوێنەوە دەست پێبکەنەوە کە چەند ساڵ پێشووتر جێیان هێشتبوو. بۆ دونیای دەرەوە، وێدەچوو کە وینی هاوسەرێکی بەهێز و وەفادار بێ. بەڵام لە پشت شانۆ، ناکۆکیی مەزنیان پێکەوە هەبوون. وەک یەکێک لە یاریدەدەرانی ماندێلا بۆی گێڕامەوە، "هیچ کەس چاوەڕوان نەبوو کە وینی بیست وحەوت ساڵ وەفادار بێ. ئەویش مرۆڤە."

کەس نەیدەویست بە پیرەپیاوەکە بڵێ. بەڵام ئەو پرسیاری لە هەڤاڵەکانی کرد، و کاتێک کە کرداری وینی بۆ ڕوون بۆوە دڵی بریندار بوو. وەک یەکیک لە نزیکەکانی ماندێلا لە بارەی ئەو کات دا بۆی باس کردم، " ئەو شەرمەزاری کرد. ئەویش ئەو ژنەی خۆشدەیست. وینی پێی وابوو کە ماندێلا قەت جێی ناهێڵێ، بەڵام ناچار بوو، لە بەر ڕێکخراوەکە." ئەو خەباتی ڕزگاریخوازیی و ژیانی هاوسەرییانی بنکۆڵ دەکرد: لەوانە بوو ماندێلا یەکیان تەحەممول بکا بەڵام هەردووکیانی پێ تەحەممول نەدەکرا.

کاتێک کە دەستم بە کار کردن لەگەڵ ماندێلا کرد، ئەو لە وینی جیا ببۆوە. ئەو بابەتێکی دژوار بۆ قسە لەسەر کردن بوو، و بۆم دەرکەوت کە ماندێلا زۆرتر پێی خۆش بوو باسی وینی لە ڕابردوو دا بکا، و پێی ناخۆش بوو باسی ئێستای بکا. ڕۆژێک لە مانگی ژانویە، کاتێک کە باسی سەردەمی زیندانی دەکرد، ئەو بە هەموو توانایەوە لەبارەی ئەودا قسەی دەکرد. باسی کرد کە وینی وەزعی لەوی خراپتر بوو. ئەو لە لایەن کاربەدەستانەوە ئازار و ئەزیەت و زیندانی کرابوو، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئەو ناچار بوو ئاگای لە منداڵەکان بێ، شتێک کە ماندێلا نەیکردبوو. ئەو گوتی سترێسی دەرەوەی زیندان مەزنتر بوو لە سترێسی ناوەوە. جارێکیان وینی پتر لە ساڵێک لە ژووری تاکەکەسییدا زیندانی کرابوو، لە کاتێکدا کە ئەو تەنیا چەند شەوێک وەک تاکە کەس ڕاگیرابوو.

یەک شەممەیەک ئێمە لە ژووره بەرتاوەکەی لە ماڵەکەی لە هۆوتن، گەڕەکێکی دەرەوەی ژوهانسبورگ، قسەمان دەکرد. ئەو گۆرەوی لەپێ، لاقی لەسەر چوارپایەی پێش کورسیەکە هەڵپەساردبوون و خەریک بوو دەست پێ بکەین. لەو ساتەوەختەدا، قەرەواشەکەی، میریام، هاتە ژوور و ڕۆژنامەی یەکشەممەی هێنا و چاوەکانی دەبروسکانەوە. ماندێلا ئاشقی ڕۆژنامە بوو. ساڵانێکی دوور و درێژ لە دوورگەی ڕۆبێن مافی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی لێ زەوت کرابوو، کەوابوو تەنانەت ئەوڕۆ بۆ ئەو ڕۆژنامەیەک وەک دیارییەکی نایاب و بەنرخ بوو. ئەو پرسیاری

لێکردم ئاخۆ بۆی هەیە پێش دەست پێکردن چاوێک بە ڕۆژنامەکەدا بخشێنێ. چەند خولەکێک دواتر، لەبەر خۆیەوە قاقایەکی لێدا. مانشێتێکی نیشان دام کە نووسرابوو "وینی وەک سەرۆک کۆمار" و وتارێک لە بارەی چەند وتەیەک کە وینی لە ڕێوڕەسمی ناشتنی چالاکی دژی ئاپارتاید هێلێن جۆزێف کردبوونی، کە لەواندا ڕەخنەی لە ئەی ئێن سی گرتبوو، کە ماندێلاشی دەگرتەوە و تۆمەتباری کردبوون کە لەگەڵ دەوڵەت زۆر نەرم و نیانن.

لێم پرسی ئاخۆ لەو وتەیەی وینی سەری سوڕ ماوە.

بە لەحنێکی تێکەڵاو لە خۆشەویستیی و تووڕەییەوە وەڵامی دامەوە، " من لە ١٩٥٨وە لەگەڵ هەڤاڵ وینی بووم. من سەرم لە هیچ شتێکی ئەو سوڕ نامێنێ. ئەو زۆر نەهامەتیی لەدەست ڕێژیم چێشتووە." پشوویەکی داو ئەوەی لێ زیاد کرد، " بەڵام لێدوانێک کە وێدەچی ببێتە هۆی لێکترازان لە کاتێکی هەستیاری وەک ئێستا شتێکە کە مرۆڤ چاوەڕوانی ناکا، بێ لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە چەندە دڵگران بێ."

وەک ئەو دوو لێدوانانە ڕوونی دەکەنەوە، هەستی ماندێلا بەرامبەر بە وینی ئێستاش تێکەڵن، و نائومێدییان پێوە دیارە. ئەو نۆستالژی ڕابردووی هەیە و لەبارەی دۆخی هەنووکەیی واقیعگەرایە. ماوەیەکی دوورودرێژ، شێوەیەک لە ئاگربەس لەناویاندا بوونی هەبوو کە لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکی فەرمیی وشکیان بەیەکەوە هەبوو. بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا، دۆستایەتییەکی گەرم لەناویاندا لەئارا دایە.

*****

دوای چەند مانگ، ماندێلا لەگەڵ دۆستی من ماری ئاشنا بوو. دەرکەوت کە ئەوان پێشتر یەکتریان دیتووە، ڕۆژێک پێش ئازاد کرانی. ئەو کاری بۆ ئاژانسی فۆتۆگرافی فرانس پرێس دەکرد و ماندێلا وەبیری دێ چاوی بە خانمێکی موو سووری، شیکی وێنەگر کەوتووە کە لە کاتی هاتنە دەر لە بەندیخانە وێنەی لێ گرتووە. لە سەرەتاکان، کاتێک کە دوای گەڕانەوە لە سەفەر لەگەڵ ماندێلا، ماری دەهات بە دوامدا، ئەو گاڵتەی لەگەڵ دەکرد و پێی دەگوت، : تۆ نابێ ریچاردمان لێ بستێنی. بەڵام دوای چەند مانگ، پێی گوتم، "دەزانی، تۆ دەبێ مارەی بکەی." دواتر ماری پێی گوتم کە لە دەرفەتێکی دیکەدا ماندێلا جیای کردۆتەوە، دەستی گرتووە و پێی گوتووە، " تۆ دەبێ مێرد بە ریچارد بکەی. من دوعای بەخێرتان بۆ دەکەم." ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە ئەوە ئەمر پێکردن نەبوو، بەڵام ئەو وەک باوکێکی کلیسایی لێهاتبوو بۆ پەیوەندیی ئێمە. ئەوە بە هۆی ماندێلا بوو کە ئێمە چاومان بە یەکتر

کەوت و هەردووکمان هەستمان پێدەکرد کە ئەو چاودێرییەکی تایبەتی بە سەر پەیوەندیی ئێمەوە هەبوو. هەندێک جار هەستم پێدەکرد کە شتێکی تایبەتی پێیە بۆ گوتن بەڵام ئێستا باسی نەکردووە. دواتر، بە خۆشییەوە بۆم دەرکەوت کە ماری هەمان هەستی هەبوو. بەڵام ئەو بە ئەندازەی ئێمە خۆدوورگر و بە پارێز نەبوو. ڕەنگبێ هۆیەکەی ئەوە بێ کە ئەو هێندە کات و بەختەوەریی لە کیس چوبوو کە نەیدەهەویست ئێمە لەکیسی بدەین.

ئەوە شتێکی ئاشکرابوو کە ماندێلا هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنانی پێخۆشە. ئەو لەگەڵ ژنان لەسەرخۆتر و خۆنەپارێزتر بوو تا لەگەڵ پیاوان، دڵخۆشتر و بێخەمتر. من ئەوەم لەگەڵ ماری چاو پێکەوت، کاتێک کە لەگەڵ ئێمە بوو زۆر ڕووڕاست و ئامادەتر بوو بۆ نیشاندانی لایەنە هەستیارەکانی خۆی. ئەو هەروەها چاوبڕکێنکەرە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکوپێک، سەردەمی کۆن و باپیرانە.



لە ١٩٩٣ و ١٩٩٤ زۆر جار خانمێکی ژاپۆنی شارەزا لە بواری نۆژداریی سوژنی (ئاکوپونکتور) بە ناوی چیکاکۆی لەگەڵدا بوو. ئەو لە سەفەرێک بۆ ژاپۆن چاوی پێی کەوتبوو، ماندێلا موشکیلەی ژانی قاچی هەبوو. یاریدەدەرە نزیکەکەی، باربارا ماسێکێلا، پێشنیاری کەڵکوەرگرتن لە نۆژداریی سوژنی لەبەر هەڵامسانی قاچەکانی پێکردبوو. ئەو دەڵێ، " دەزانی، من پێشدا زۆر لە کەڵک وەرگرتن لەو شێوە چارەسەرییە بە گومان بووم، باربارا زۆر پێداگر بوو. بۆیان باس کردم کە ئەوە شێوەیەکی نەریتیی چارەسەرییە کە بە شێوەیەکی زانستیی لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە. پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەوە ژنێکە، ژنێکی لاو. من بە پزیشکان ڕاهاتووم، دوکتوری پیاوی بەساڵدا چوو. دەزانی، من پێم خۆش نەبوو ژنێکی لاو بێتە ژووری هوتێلەکەم. کاتێک باربارا گوتی لە ژوورەکە دەمێنێتەوە من ڕەزامەندیم دەربڕی."

کاتێک کە چاوی بە چیکاکۆ کەوت خۆپارێزییەکەی نەما. ئەو ژنێکی باریکی فریشتە ئاسا بوو کە بزەیەکی بەحەیا و ئاکاری بێگوناهانەی هەبوون. ئەو پزیشکێکی ئاکوپونکتوری لێهاتوو بوو و بۆ ماوەی چەند مانگ لە ئەفریقای باشوور چارەسەری ئەوی کرد. ئەو پێی دەگوت "تاتا" (بە زمانی چۆسا دەبێتە باوک)، خۆی بۆ بەخت کرد و لەگەڵیدا چوو بۆ ترانسکەی و دەرەوەی وڵات. ئەو وەک نەوەیەکی خۆی ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرد.

ماندێلا بە تووڕە کردنەکەی کەیف خۆش دەبوو. جارێکیان هەرسێکمان لە ترانسکەی پیاسەمان دەکرد کاتێک چیکاکۆ لێی پرسی ئاخۆ ئەژنۆکانی ژانیان هەیە. ئەو گوتی، " من هەست بە هیچ ئازارێک ناکەم. تەنیا کاتێک کە تۆ لەلام نی هەست بە ئازار دەکەم." ئەو بە بزەیەکەوە سەری دانەواند.

وێدەچوو ماندێلا هەمیشە هەستی شەشەمی لە بارەی تەنیایی خەڵکیتردا هەبێ. ئەو بۆی دەرکەوت کە چیکاکۆ زۆرتر ئەو کاتانەی چارەسەیی ئەو ناکا بە تەنیایە و وێدەچی وەڕەزیی ماڵەوەی کردبێ. جارێکیان لە هوتێلێک لە دوربان، لە ڕۆژی پێش سەری ساڵی ١٩٩٣ هەرسێکمان بەیەکەوە بووین. ئێمە لە دیسکۆیەکی ئاسایی بووین کە تیپی موسیقاکە موسیقای پۆپی حەفتا و هەشتاکانی دەژەنی، گۆرانی وەها کە ئێمە بە سەدان جار بیستبوومانن بەڵام وێدەچوو کە ماندێلا یەکەم جاری بێ گوێی لە دەبوون. ئەو دیتی کە چیکاکۆ سەری لەگەڵ موسیقاکە دەلەرێنێ، وریای کردمەوە و ئیشارەیەکی پێکردم، وەک هی ئەوکاتەی کە باوکێک بە کوڕەکەی دەڵێ داوا لە خوشکەکەت بکە سەمات لەگەڵدا بکا. من بە قسەیم کرد و کاتێک کە گەڕاینەوە بۆلای، پێی گوتم، "دەستخۆش."

بەیانییەکی دیکە، من و ماندێلا لە ژووری خواردن نانی بەیانییمان دەخوارد و چیکاکۆ هاتە ژوورەکە. ئەو بانگی کرد، "وەرە، لێرە دانیشە، پیاو" (ئەو بۆ ژن و پیاو لە وشەی "پیاو" کەڵکی وەردەگرت). ئەو دەستی لەسەر کورسییەکەی پەنای خۆی دانا و گوتی، " بەڵێ، چیکاکو منی لە نزیکەوە خۆش دەوێ بەڵام خەڵک منیان لەدوورەوە خۆش دەوێ." ئەو لەگەڵیدا پێکەنی، بەڵام ئەوە لێکدانەویەکی ئاشکراکەر بوو. ماندێلا بە شێوەیەکی ئاریشەیی هەستی بە خۆشەویستبوون دەکرد، بەڵام تەنیا لەگەڵ چەند کەسیک هەستی بە نزیکیی دەکرد. ئەوانەی کە هەموو کەس لێی نزیکتر بوون، وینی، بەشیک لە منداڵەکانی، لیی دوور یا بێگانە بوون. ئەو تەنیا بوو هەستی دەکرد کە جارێکی دیکە بۆتە چەشنێک زیندانیی، ئەمجارە بە هۆی ناوبانگ و دەسەڵات تەریک ماوەتەوە.

ئەوە لەو سەردەمی دابوو کە ماندێلا دەورەی ژنێکی دەدا کە یارمەتیی کرد تۆڵەی ساڵە لەکیس چووەکانی بۆ بکاتەوە. گراسە ماشێل بێوەژنی سامۆرا ماشێل، ڕێبەری شۆڕشگێڕی موزامبیک بوو کە لە ڕووداوێکی کەوتنە خواری فڕۆکە لە ١٩٨٦ کوژرابوو. گراسە کەسایەتییەکی سیاسی بەڕێز لە موزامبیک بوو، داکۆکییکەری هەژار و لێقەوماوان. ئەو کات تەمەنی ٤٨ ساڵ بوو، کەسێکی گەرم و سەقامگیر. ماندێلا یەکەم جار لە ١٩٩٠ چاوی پێی کەوتبوو، چەند مانگ دوای هاتنە دەر لە بەندیخانە، کاتی سەردانی بۆ موزامبیک، و ئەوان پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ یەکتر هەبوو. دوای جیابوونەوەی فەرمی لە وینی لە ١٩٩٦، دەستی کرد بە دەورە دانی گراسە. ئەگەرچی ئەوان ئاشقی یەکتر بوون، گراسە لە دووبارە مێردکردنەوە دوودڵ بوو. لەجیاتان، ئەو لە کاتی سەفەر دا دەبوو هاوسەفەری و ماندێلاش لە موزامبیک سەردانی دەکرد. لە ١٩٩٣ و ١٩٩٤، هێشتا پەیوەندیی ئەوان نهێنی بوو، بەڵام ئەو بۆی باسی خوشەیستیی خۆی بەرامبەر گراسەی بۆ کردم. من زۆر جار لە لای بووم کاتێک تەلەفۆنی بۆ دەکرد، و ئەگەر سارد با پێی دەگوت کراسێک لەگەڵ خۆی بێنێ و ئەگەر هەوای بارانیی با دەیگوت چەترێک بێنێ.

ماندێلا لە ١٩٩٦ لە وینی جیابۆوە و لە ١٩٩٨ خۆشەیستیی خۆی بۆ گراسە ئاشکرا کرد. ئەو لە سەر تەلەفزیۆن گوتی: " من ئاشقی ئافرەتێکی سەرنجڕاکێشم، من لە شکست و نەهامەتییەکانم دڵگران نیم، چونکە لە کۆتاییەکانی ژیانمدا وەک گوڵێک دەپشکووم، بە هۆی ئەو خۆشەویستیی و پشتگیرییەی کە ئەو پێم دەبەخشێ."

هەروەک گراسە لە ڕێوڕەسمی مارەکران لە هەشتاهەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی ماندێلا لە ١٩٩٨ گوتی، " ئەو دەتوانێ خۆشەیستیی قووڵ نیشان بدا، بەڵام هەوڵ دەدا بە باشی لە دەرکەوتنە فەرمییەکاندا کۆنترۆڵی بکا. کاتێک بە تەنیاین، ئیزن بەخۆی دەدا وەک مرۆڤێک بێ. ئەو پێی خۆشە خەڵک بزانێ کە بەختەوەرە."

بە درێژایی ژیانی، لە لێکدانەوە لە نێوان خۆشەویستیی و ئەرکدا، ئەرک تەقریبەن هەمیشە براوە بوو. ئەوین لە ژیانی شۆڕشگێڕ و زیندانییەکدا جێگای زۆر کەمی هەیە. بەڵام ماندێلا قەت دەستی لە ئەوین هەڵنەگرت، تەنانەت کاتێک کە دوا کەوتبوو و دەستی پێی ڕا نەدەگەیشت. لانی کەم، باوەڕی ئەو بە هێزی خۆشەویستیی لە بەندیخانە دا بەهێزتر بوو. جارێکیان پێی گوتم، " کاتێک کە تۆ ژنێکت خۆش دەوێ، کەمایەسییەکانی نابینی. ئەوین هەموو شتێکە. تۆ سەرنج نادەیە ئەو هەڵانەی خەڵکی دیکە تێیدا بەدی دەکەن. تۆ تەنیا خۆشت دەوێ."

ئەو بەو شێوەیە بوو. لە کۆتاییدا، لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا، ئەو ئەوین و بەختەوەریی لەگەڵ گراسە ماشێل دۆزییەوە. ئەوە ئەو کۆتاییە بەختەوەرانە بوو کە نیو سەدە بوو بە دوایدا دەگەڕا.

## وازهێنانیش ڕێبەریی کردنە



لە زۆر ڕوانگەوە، مەزنترین هەنگاوی ڕێبەریی ماندێلا دەستلەکارکێشانەوەکەی بوو. کاتێک کە بوو بە یەکەم سەرۆک کۆماری بە دیموکراتێک هەڵبژێراوی ئەفریقای باشوور، ئەگەر بیویستبا لەوانە بوو بتوانێ تا کۆتایی ژیانی وەک سەرۆک کۆمار بمێنێ. بێگومان ئەو بە زۆرینەیەکی بەرچاو بۆ دەوری دووهەمی سەرۆک کۆماریی هەڵدەبژێردراوە. بەڵام هەر وەک سیریل رامافۆسا گوتی، کاری ڕاستەقینەی ئەو، "دیاریکردنی ڕێگا بوو نەوەک لێخوڕینی پاپۆڕەکە." کەوابوو، لە ئاپریلی ١٩٩٥، تەنیا ساڵێک دوای یەکەم دەورەی سەرۆک کۆماریی، ڕایگەیاند کە لە ١٩٩٩ دەبێتە هەشتا ساڵ و " کەسێک کە لەدەیەی هەشتەمی ژیانی دابێ، نابێ دەست لە سیاسەت وەردا. کاتێک پرسیاری لێکرا ئاخۆ ئەو بۆ دەوری دووهەم دەمێنێتەوە، وەڵامی داوە، "بە هیچ شێوەیەک." و قسەکەشی بردە سەر. ئەوە هەنگاوی دیاریکەری ڕێبەرایەتیی بوو.

ماندێلا یەکەم زیندانیی سیاسی نەبوو کە لە ئەفریقا بووە سەرۆک کۆمار. لە ڕاستییدا، ئەو بەشێک لە نەریتی سەدەی بیستەم بوو. کێنیاتا لە کێنیا، نکروما لە غەنا، موگابێ لە زیمبابوێ. شتێک کە ئەفریقا بەدەگمەن

دیتبووی سەرۆک کۆمارێک بوو کە پۆستەکە جێهێڵێ، چ بە گوێرەی یاسای بنەڕەتی بێ یا بە ویستی خەڵک. زۆربەیان یا بە ئاسۆیی (مردوو) ڕۆیشتبوون یا بە زەبری لولەی کلاشینکۆف. هاوچەرخی ماندێلا، سەرۆک کۆمار ڕۆبێرت موگابێی زیمبابوێ، ئێستاش دوای وێران کردنی وڵاتەکەی خۆی بە دەسەڵاتەوە هەڵواسیوە.

ماندێلا بڕیاری دابوو کە نیشان بدا کە نە تەنیا ئەفرقاییەکان دەتوانن خۆ بەڕیوە بەرن، بەڵکو ئەفریقا دەتوانێ ویشکارۆیەک بێ خاوەن دیموکراسی یاسایی. ئەو لە زۆر بوارەوە ئاوێنەی باڵا نوێنی جۆرج واشینگتۆنی ئەفریقایی بوو، کە بڕیاری دابوو تەنیا دوو دەورە وەک سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان خزمەت بکا و دوایە بە ویستی خۆی بووە شارۆمەندێکی ئاسایی. بڕیاری واشینگتون کە دەست لە ئیمکانی سەرکۆماریی تاهەتایی هەڵگرێ (کە هەندیک کەس پشتگیرییان دەکرد) بووە ڕێنیشاندەری سەرۆک کۆماریی ئامریکا. وەک واشینگتۆن، ماندێلا تێگەیشتبوو کە هەنگاوەکانی وەک یەکەم جێپێ بوون لە سەر لم و ئەوانی دیکە بە جێ پێی ئەو دا دەڕۆن. ماندێلا دەیزانی کە نموونەی خۆی بەردەوامتر و بەهێزتر لە گشت سیاسەتێک دەبێ کە ئەو بتوانێ پەسەندی بکا.

کاتێک کە ئەو لە کۆتاییدا بارەگاکەی جێهێشت، پێی وابوو کە بە ڕاستی دەتوانی خۆی خانە نشین بکا، وەک حاکمی ڕۆم سینسیناتی، کە گەڕاوە مەزراکەی و ژیانێکی ئارامی درێژە پێدا. ماندێلا خوازیاری ژیانێکی ئارام نییە، ئەو هێشتا ئاشقی لەسەر شانۆ بوون بوو، بەڵام ئەو تێدەگەیشت کە ناتوانێ بە ویستی خۆی دەسەڵات جێهێڵێ و خەڵک پێیان وابێ کە ئێستاش بە نهێنی حەز لە بوون بە سەرۆک کۆمار دەکا. کاتێک کە تۆ شانۆ جێدەهێڵی، ناتوانی هەر سەر لە پەردەکە ڕاکێشی. یەکەم ساڵەکان، ئەو لەسەر بڕیاری خۆی سوور بوو کە باسی سیاسەتەکانی جێگرەوەکەی نەکا. ئەو تێگەیشتبوو کە ڕێبازەکەی دیاریی کردووە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە خەڵکی دیکە پاپۆڕەکە کۆنترۆڵ بکەن.

*****

ماندێلا دەزانێ کە شەڕ لە سەر لە سەر هەموو بابەتێک بێسوودە، و هەندێک جار وا باشترە لە کورتی ببیرپەوە. هەندێک دۆخ هەن کە لەوێدا باشتر وایە دەستمایەی خۆمان بپارێزین. لە دوورگەی ڕۆبێن، زیندانییەکان بێ پسانەوە مشتومڕیان بوو. ئەوان لە ژێر هەتاو گفتوگۆیان لەسەر هەموو شتێک دەکرد، بەڵام چەند بابەت هەبوون کە لەسەری ساغ نەدەبوونەوە: ئاخۆ حیزبی کومۆنیست و ئەی ئێن سی یەکن، ئاخۆ لە دەوڵەتی دیموکڕاتیکی داهاتوو

له ئەفریقای باشوور جێی حیزبی ئافریکانی نەیشنال پارتی دەبێتەوە، و ڕەنگبێ بابەتێک کە لە هەموویان زۆرتر جێگای مشتومڕ بوو (و بێگومان لە هەموویان خۆشتر بوو)، ئەوە بوو کە ئاخۆ پلینگ بوونەوەرێکی ڕەسەنی ویشکارۆی ئەفریقایە. لە ڕاستییدا هیچ پڵینگێک لە ئەفریقا بوونیان نییە، پڵینگ بوونەوەرێکی هیندی و ئاسیاییە. بەڵام بۆ ماوەی چەند ساڵان، گەلیک لە زیندانییەکان دڵنیا بوون کە ئەفریقا ماڵی ڕەسەنی پلینگانە، و بە حەزێکی زۆرەوە داکۆکیان لە بۆچوونەکەیان دەکرد. زیندانییەکی تایبەتی هەبوو کە لەسەر ئەو بابەتە لەهەمووان بە هەراوهوریاتر بوو و ڕۆژێکیان ماندێلا پیی گوت کە ئەوە ڕاستییەکی ساکارە کە هیچ پلێنگێک لە ئەفریقا بوونیان نییە. زیندانییەکە بەو قسەیە هەڵچوو و وەڵامی ماندێلا شەڕ کردن نەبوو بەڵکو تەسلیمی بوو و گوتی "زۆر باشە" و سەبر بکە. ئەو سەبری کرد، تا چەند ساڵ دواتر، زیندانییەکی تازە هات کە دەرسی ئاژەڵناسیی خوێندبوو و دەوری دونیا گەڕابوو. ئەو کابرا تازەیە گوتی، بێگومان، پڵینگ ئاژەڵێکی ڕەسەنی ئەفریقا نییە. ئەو وەڵامە هەموویانی ڕازی کرد، تەنانەت زیندانییە بە هەراوهوریاکەش. ماندێلا تەنانەت چاویشی لێ موڕ نەکردەوە.

*****

ماندێلا کەسێکی لاسار بوو. هەموو کەس شاهیدیی ئەوە دەدەن، لە نزیکترین هاوکارەکانییەوە تا دوورگەکە و تا هاوسەرەکەی گراسە ماشێل. کاتێک لەسەر شتێک ساغ دەبێتەوە، بۆ گشت کەس دژوارە کە بۆچوونەکەی پێ بگۆڕێ. بەڵام ئەو بۆچوونی خۆی دەگۆڕێ، بە تایبەت ئەگەر بەڵگەی پێشکەش بکەی کە ئەگەر بۆچوونی نەگۆڕێ ئاسەواری نەرێنی دەبێ. ئەو دەجەنگێ، دەلیل دەهێنێتەوە و هەوڵ دەدا بۆلای خۆی ڕاتکێشێ، بەڵام هەر کە تێگەیشت کە بڕیارەکەی کردەنی یا ئاقڵانە نییە، زۆر بە سادەیی نەرم دەبێ و ئەوە کۆتایی باسەکەیە.

ڕۆژێک پرسیاری لێکردم کە ئاخۆ هیچ وڵاتێک هەیە کە لەوێ دەنگدان بۆ خەڵکی ژێر ١٨ ساڵ ئازادە. دەمزانی بۆ پرسیار دەکا. لە هەڵبژاردن نزیک دەبووینەوە و نیوەی دانیشتووانی ئەفریقای باشوور لە ژێر ١٨ ساڵ بوون، پشکی شێری ئەو گروپە وەبەر لاوانی ڕەش پێستی ئەفریقای باشوور دەکەوت کە ئەگەر هەلیان بۆ ڕەخسابا دەنگیان بە حیزبەکەی ئەو، کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا، دەدا.

من هەندێک لێکۆڵینەوەم لەو بارەوە کرد و لیستێکم پێدا کە زۆر جێگای شانازیی نەبوو: کوبا، نیکاراگوا، کۆرەی

باکوور، ئەندۆنیزی و ئێران. سەرەڕای ئەوە، ئەو خۆشحاڵ بوو و گوتی، :زۆر باشە، زۆر باش" بەرزترین ئاستی پێهەڵگوتن. دوو حەوتوو دواتر، ئەو چوو بۆ تەلەفزیۆنی ئەفریقای باشوور و پێشنیاری کرد کە تەمەنی دەنگدان بکرێتە ١٤ ساڵ. دەسبەجێ ئەوە بووە هۆی نارەزایەتی میدیاکان و لە ناو حیزبەکەی خۆیدا. خەڵک پێیان وابوو کە پێشنیارەکە گەمژانەیە و هەندێک کەس وشەی لەوەش کەمتر سەخاوەتمەندانەیان بەکار هێنا.


چەند حەوتوو واتر، من بەو وتەیە تاقیم کردەوە و گوتم فکرەکەی ئەو ڕەزامەندیی گشتیی لەسەر نەبوو. ئەو ناوچاوانی تێکنا و سەری کشاندەوە و گوتی ئەوڕۆژی ویستوویەتی بگری. لە کۆتاییدا، بەرهەڵستکارییەکان فرە بەهێز بوون. رامافۆسا کە ئەندامی کۆمیتەی بەڕیوەبەریی نەتەوەیی بوو وەبیری دێ، "ئەو هەوڵی دا بیرۆکەیەکمان پێ بفرۆشێ، بەڵام ئەو تەنیا [لایەنگر] بوو. و ناچار بوو ڕوبەڕووی ئەو ڕاستییە ببێتەوە کە ئەو کارە نەدەبووە هۆی سەرکەوتن. ئەو بە شەرمەزارییەکی مەزنەوە قبوڵی کرد. ئەو زویر نابێ."

کاتێک کە ماندێلا بۆچوونی خۆی دەگۆڕێ، تۆ هەست پێناکەی کە ئەو هەستێکی دیکەی هەبووە. ئەو دەچێتە لایەنیتر و وەک تازە ئیمانداریک شتەکە بە حەزەوە لە باوەش دەگرێ. ئەو تەنانەت بەوە پێدەکەنێ کە چۆن پێشدا لە بەرەی بەرامبەردا جەنگاوە. چەند ساڵ دواتر، هەر کاتێک باسی مەسەلەی دەنگدانی ١٤ ساڵان دەکرا ئەو چاوی لێم دادەگرت. ئەو دەزانێ کە گوێڕایەڵ بوونیش شێوەیەک لە سەرکەوتنە، کە تەسلیم بوون بە مانای چوون بۆ بەرەی براوەیە. ئەوسا، تۆش دەتوانی بانگەشەی سەرکەوتن بکەی.



سەرچاوە
Serchawe

## ئەوە هەمیشە هەردووکیانە



نێلسۆن ماندێلا بە گوتەی دژی یەک دڵخۆش دەبێ، تەنانەت هی خۆشی. کاتێک لەگەڵیدا بووم، هەندێک جار بیرم لە دێڕەکانی شێعری والت ویتمەن " هەڵبەست لەبارەی خۆمدا" دەکردەوە:

قسەی دژ بەیەک دەکەم؟
زۆر باشە، کەوابوو قسەی دژ بەیەک دەکەم،
(من مەزنم، من خاوەنی فرە لایەنم)

ئەو مەزنە. ئەو خاوەنی فرە لایەنە. و زۆر جار قسەی دژی یەک دەکا. ئەو دەزانێ یەکهەڵوێست بوون تایبەتمەندییەکی ساختەیە، و یەکهەڵوێست نەبوون بە شێوەی ئۆتوماتیک کەمایەسی نییە. ئەو دەزانێ کە مرۆڤەکان بوونەوەری ئاڵۆزن و خەڵک ئەنگیزەی گەلێک زۆریان هەن.

لە کاتی وتووێژێکدا، جارێکیان لێم پرسی: تۆ خەباتی چەکدارییت لەبەر ئەوە هەڵبژارد چونکە پێت وابوو خەباتی بێ توندوتیژی قەت ناتوانێ ئاپارتاید تێکبشکێنی یا بۆ ئەوە بوو کە پێش بە لێک جیابوونەوە لەناو ئەی ئێن سی بگری؟ ئێمە نزیکەی مانگێک بوو بەیەکەوە کارمان دەکرد، و خەریک بووین لەگەڵ یەکتر ئاشنا بین.

لە سەرەتاکانی وتووێژەکانمان دا، ماندێلا زۆر فەرمیی بوو و وەڵامی هەندێک لە پرسیارە دژوارەکانمی بەشێوەیەک دەداوە وەک لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی بێ، وەڵامی وشک و پێشبینی کراوی دەدامەوە. کاتێک کە زۆرتر شەرممان لە یەکتر شکا، ئەو لە پرسیارەکانی من وەک خاڵی دەستپێک بۆ گێڕانەوەی بەسەرهات بۆ شی کردنەوەی مەبەستی مەزنتر کەڵکی وەردەگرت. بەڵام لەپەیوەندیی ئەوکاتماندا کەوتبووینە شوێنێکی بەیناوبەینی. بە شێوەی ئاسایی، ئەو بۆ ماوەیەکی کورت بیر لە پرسیارێک دەکاتەوە، و پاشان چاو لە شوێنێکی دوور دەکا وەک ئەوەی کە بیهەوێ وەڵامەکە وەک شریتی تۆمارکراو بگێڕێتەوە سەرەتا. بەڵام ئەمجارەیان، چاوی لە چاوانمەوە بڕێ و لە نیگای دا تێکەڵاوێک لە سەرسوڕمان و بێزاریی دیار بوو.

و پاشان گوتی، "ریچارد، بۆ هەردووکیان نا؟"
بۆ هەردووکیان نا؟

من زۆر جار پرسیارم بەو شێوەی دووانە لێدەپرسی: ئاخۆ شتێک بەو شێوە بوو یا بە شێوەیەکی دیکە؟ هۆیەکەی A بوو یا B؟ بەڵێ - نەخێر؟ لە سەرەتاکان، من دەمدیت کە ئەوە تووڕەی دەکرد، چونکە بۆ ماندێلا وەڵامەکە هەمیشە هەردووکیان بوو. هیچکات بەڵی یا نەخێرێکی ساکار نەبوو. ئەو دەزانێ هۆی گەلێک شت زۆر بە دەگمەن ئاشکرایە. هیچ وەڵامێکی ساکار بۆ پرسیاری دژوار بوونیان نییە. هەموو شی کردنەوەیەک ڕەنگبێ ڕاست بێ. هەر موشکیلەیەک هۆی زۆری هەن، نەوەک تەنیا هۆیەک. نێلسۆن ماندێلا جیهان بەو شێوەیە دەبینێ.

جارێکیان ئەو بەسەرهاتی کوڕێکی لاوی چۆسای بۆ گێڕامەوە کە لە هاوسەر دەگەڕا. ئەو لە ماوەی چەند ساڵان دەوری دونیا گەڕا تا هاوسەری بێخەوش ببینێتەوە، بەڵام نەیدۆزیەوە. لە کۆتاییدا بە بێ هاوسەر گەڕاوە گوندی خۆی، لە سەر ڕێگا چاوی بە ژنێک کەوت و گوتی، "ئاه، هاوسەری خۆمم دیتەوە." ماندێلا لە درێژە دا گوتی، دەرکەوت کە ئەو ژنە هەموو ژیانی خۆی لە کەپرێکی جیرانی ئەودا ژیاوە. پرسیارم لێکرد: "مەبەستت لەو بەسەرهاتە ئەوەیە کە تۆ پێویست ناکا لە هەندەران بگەڕێی چونکە ئەوەی دەتهەوێ لە پێش چاوی خۆت دەست دەکەوێ؟ یا ئەویە کە تۆ هەندێک جار پێویستە ئەزمون و زانیاریی بەربڵاوت هەبێ تا قەدری ئەو شتانە بزانی کە لێت نزیکن و بۆت ئاشنان؟

ئەو ماویەکی کورت بیری لێکردەوە و سەری لەقاند و پاشان گوتی، "تەنیا یەک لێکدانەوەی بۆ ناکرێ. ڕەنگبێ هەردووکیان درووست بن."

کاتێک کە ماندێلا لە بەندیخانە هاتە دەر، خەڵک پێیان وابوو کە ئەو دونیا وەک ڕەش یا سپی دەبینێ. هیچ نەبێ ئەو زۆربەی ژیانی گەورەساڵیی بۆ ئامانجێکی ساکار و ئاشکرا قوربانیی کردبوو. ئەو هەم خاوەن ڕەوایی بوو و هەمیش بیروڕای جیهانی لە پشت بوو. ئاپارتاید ئەگەر لایەنگریشی هەبان گەلێک کەم بوون. بەڵام ئەو پیاوە حەفتاویەک ساڵەیە کە لە بەندیخانە ئازاد بوو، دەرکەوت کە زۆر لەوە نایابتر بێ کە خەڵک چاوەڕوانییان دەکرد. ئەو لە ترسی سپی پێستەکان و توڕیی ڕەش پێستەکان گەیشتبوو، ئەو ڕێزی بۆ جازبەی خێڵ و هێزی مودەرنیزم هەبوو، ئەو حەزی بەدەوڵەتیی کردن و دڵڕفێنیی بازاڕی ئازادی دەدیت، ئەو لە خۆشەویستیی ئافریکانەکان بۆ ڕاگبی و بێزاریی خەباتگێڕانی ئازادی لەو یارییە تێگەیشتبوو. ئەو تەقریبەن هەمیشە دوولایەنی هەموو مەسەلەیەکی دەدیت، و هەڵوێستی ئەو ئەمە بوو کە ڕێگایەکی بەیناوبەینی ببینێتەوە، ڕێگایەک بۆ ئاشتکردنەوەی هەردوو لا. بەشێکی دەگەڕاوە بۆ پێویستیی دەروونیی ئەو بۆ ڕازی کردن و ڕاکێشانی خەڵک بۆ لای خۆی، بەڵام زۆربەی دەگەڕاوە بۆ ڕوانگەی نا ئیدیۆلۆژیکی ئەو بەرامبەر بە جیهان و پێزانینی بەرامبەر بە تۆڕی جاڵجاڵۆوکەیی ئاڵۆزی ئەنگیزەکانی مرۆڤ.

من ناسکیی تێگەیشتنەکەیم لە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ هاوکارەکانیدا بینی، ئەو هەمیشە تێکەڵاوێک لە ئەنگیزەکانی دەدیت، باش و خراپ، بێخەوش و ساختە. من لە شێوەی تێڕوانینی لە مەسەلەکاندا بینیم، دەیزانی کە هیچکام لە لایەنەکان مافی تاقانەی بە سەر چاکە و ڕاستییەوە نییە. وەبیرم دێ باسی کێشە لەسەر خواردەمەنی لە دوورگەکەی بۆ کردم. هیندی و دووڕەگەکان خۆڕاگرییەکی باشتریان بەرامبەر بە گۆشت هەبوو. زیندانییە ئەفریقاییەکان نارەزایەتییان پیشان دەدا و داوایان دەکرد کە خواردنەکان دەبێ وەک یەک بن، و ئەوە شتێکی ساکارە کە لە ڕوانگەی ئەوان تێبگەی. بەڵام ئەو زەحمەتی قسە کردن لەگەڵ هیندی و دووڕەگەکانی تووشی خۆی کرد، کە نیگەرانی خراپتر بوونی چۆنایەتی خواردنەکەیان بۆ بەرژەوەندیی "یەکسانیی ساختە" بوون. لە کۆتاییدا، ئەو قەناعەتی بە کاربەدەستان هێنا کە خواردنی باشتر بۆ گشت لایەک دابین بکەن. ئەو گشت لایەنەکانی دەدیت، و هەوڵی دەدا لایەنەکان لەگەڵ یەکتر ئاشت بکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بێگومان، هەمیشە ناکرێ هەموو لایەک ڕازی بکەی. هەندێک جار دۆخی بە ئازار هەبوون کە ئەو هەر دوو لایەنی دەدیتن بەڵام ناچار بوو لایەنێک هەڵبژێرێ. ئەو لە بێدەنگیی نەریتیی ئەفریقایی بەرامبەر بە ئەیدز و ئێچ ئای ڤی تێدەگەیشت، بەڵام دەیزانی کە ئەوە هەڵەیە کە نەهێڵی دەرمانی پێشگیرانە بدرێتە میلیۆنان کەس کە لە وڵاتەکەیدا ئازاریان دەچێشت. ئەو پێی خۆش بوو سیریل رامافۆسا ببێتە جێگرەوەی، بەڵام تێدەگەیشت بۆچی نزیکترین هاوکارەکانی تابۆ مبێکییان پێ باشتر بوو. و لە کاتی جیابوونەوە لە وینی، ڕەنگبێ ئەوە بە ئازارترین بڕیاری تاکەکەسیی ماوەی ژیانی بووبێ، چونکە هێشتا زۆر شتی باشی لە وینی دا دەدیت بەڵام دەیزانی کە ناچارە لێی جیابێتەوە. ئەوە دەقاودەق بەو هۆیە بوو کە دەیتوانی هاو کات بیر لە چاکە و خراپە بکاتەوە، بیرەوەریی ئەو شتانە کە خۆشی دەویستن و ئەوانی کە ئازاریان دەدا، بۆیە بڕیارەکە هێندە بۆی تاقەت پڕوکێن بوو.

لە وتووێژەکانی بۆ یەکەم دەوڵەتی وڵاتەکەی، ئەو بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتننامەیەک زۆر سازشی کردن. هەرچەند کە زۆر لە هاوکارەکانی دژی بوون، ئەو مافی پاراستنی کارە ئیدارییەکانی بە حیزبی نەیشنال پارتی دا و حکومەتی یەکگرتووی نیشتمانیی پێکهێنا کە لەویدا ئاغای دێکلەرک جێگری سەرۆک کۆمار بوو. بەڵام ئەو لە ڕوانگەی نەتەوەپەرستەکان دەگەیشت و دەیزانی ئەوەی کە گرنگە ئامانجی گشتییە. بەڵێ، هەندێک پرەنسیپ هەبوون کە بۆ دانوستان نەدەبوون، یەک کەس یەک دەنگ، دێموکراسی جیهانیی، بەڵام جگە لەوانە، زۆربەی شتەکان تەیفێک لە ڕەنگی بۆر بوون (بۆ وتووێژ دەبوون).

نیشان دانی تەیفێک لە ڕەنگی بۆر بوون بە ڕوونی ئاسان نییە. ڕەش یا سپی سەرنجراکێشن چونکە ساکار و موتڵەقن. ئەوان ئاشکرا و یەکلاکەرەوەن. لەبەر ئەو هۆیە، ئێمە زۆر جار بەرەو بەڵێ و نەخێر ڕادەکێشرێین لە کاتێکدا کە "هەر دوو" یا "ڕەنگبێ" لە ڕاستی نزیکترە. هەندێک کەس بەڵێ یا نەخێری بێ مەرج هەڵدەبژێرن تەنیا لەبەر ئەوە کە پێیان وایە بەهێز دێتە بەرچاو. بەڵام ئەگەر ئێمە خۆمان ڕابێنین کە بیر لە هەردوو لا بکەینەوە، یا تەنانەت چەند لایەنی پرسێک، وەک ماندێلا، بیر هەم لە باش و هەمیش لە خراپ بکەینەوە، ئێمە ڕێگاچارەی وەها دبینین کە لەوانەبوو بە مێشکمان دا نەیەن. ئەو شێوە بیر کردنەوە دژوارە. ئەگەر چی ئێمە لەسەر بۆچوونی خۆمان سوورین، ئەوە دەخوازێ کە خۆمان لە جێی ئەو کەسە دانیین کە لەگەڵی هاوڕا نین. ئەوە ویستێکی بەهێزی پێویستە، و هاوهەستی و توانایی خەیاڵ کردن دەخوازێ. بەڵام دەستخۆشانەکەی، هەر وەک لە پەیوەندی لەگەڵ ماندێلا دا دەیبینین شتێکە کە دەکرێ ناوی بنێین ژیریی.

## بێستانی خۆت بدۆزەوە


بێستانی ماندێلا لە بەندیخانەی دوورگەی ڕۆبێن

تەنانەت لە دوورگەیەکی دوور بەڵام جوان، ماندێلا شوێنی جیای دەویست. شوێنێک کە بتوانێ تێیدا ون بێ و خۆی تێدا ببینێتەوە.

ساڵانی سەرەتایی لە دوورگەی ڕۆبێن ساڵانێکی ڕەش بوون. پاسەوانەکان بێ ئەدەب و بێڕەحم بوون. کارەکە تاقەت پڕوکێن بوو و زیندانییەکان مافی شەش مانگ جارێک نامەیەک یا سەردانێکیان هەبوو. بۆ ماندێلا، دەرەوەی بەندیخانەش بەهەمان شێوە دژوار بوو. کوڕە گەورەکەی لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا گیانی لەدەست دابوو. وینی لە ژێر هەڕەشەی بەردەوام دابوو. ئەی ئێن سی لە تاراوگە بوو و دەوڵەتی ئاپارتاید خاوەن دەسەڵات بوو. کەوابوو، لە سەرەتای حەفتاکان، لەناو ئەو هەموو چەرمەسەرییەدا، نێلسۆن ماندێلا بڕیاری دا بێستانێک بەرهەم بێنێ.

ئەوە بە قسە ئاسان بوو. لە پێشدا، ئەو دەبوو داوا لە بەڕێوەبەریی بەندیخانە بکا ئیزنی پێ بدەن، کە بەرامبەر بە بێگوناهانەترین پرسیار بەگومان بوون. تەنانەت داواکارییەکی ساکار چەند مانگی دەخایاند. ئەو بۆی باس کردن کە دەیهەوێ ڕێژیمی خواردنی خۆی و هەڤاڵەکانی تەکمیل بکا و هەڵمەتێکی ڕازییکردنی کاربەدەستانی دەست پێکرد. نامە لە بوروکراسی بەندیخانە دا هاتن و چوون. یادداشتنامە نووسران و ڕاوێژ لەگەڵ پارێزەران کرا. لە

کۆتاییدا، لە خاکی حەوشەکەی لەبەر دەم ڕیزی خانەی زیندانییەکان، ئیزن بە ماندێلا درا تا بێستانێکی بچووک و باریک بەرهەم بێنێ.

عەرزەکە وشک و پڕ لە بەرد و بێ حاسڵ بوو. بێستانەکە نزیکەی دە و نیو میتر درێژ و میترێک پان بوو و هاوتەریبی خانەکان بوو. پاسەوان دیاریکرابوون کە چاودێریی هەڵکۆڵین و چاندنەکەی بکەن.

لە سەرەتادا ئەو کەڵکی لە دەستانی وەردەگرت، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە بوو بە خاوەنی کەرەستە: پێمەڕەیەک و درمغێک. ئەو داوای لە بنەماڵە و هەڤاڵەکانی کرد تۆوی چاندنی بۆ بنێرن. لە کاتێکدا پیاوەکانی دیکە دامەیان دەکرد، شتیان دەخوێندەوە یا لە حەوشەکە بەیەکەوە قسەیان دەکرد، ماندێلا خەریکی بێستانەکەی بوو. زیندانییەکانی دیکە بە پیرە پیاو و بێستانەکەی پێدەکەنین. ئەو شانازیی پێوە دەکرد.

بۆی گێڕامەوە، "خاکەکەی زۆر باش نەبوو، بەڵام، دەزانی، من توانیم هەندێک بەری چاکی لێ بچنم."

ئەو تەماتە، پیواز، بیبەر و ئەسپەناغی بەرهەم هێنا. ئیزنی پێدرا کە سەوزەکە بداتە چێشتخانە تا لەگەڵ خواردنی زیندانییەکان کە زۆرتر لە گەنمە شامی و هەندێک جار کوتێک گۆشت پێکدەهات تێکەڵ بکەن. یەکەم ساڵەکان، کاربەدەستانی زیندان لە ماندێلا و بێستانەکەی بە گومان بوون. ئەوان پێیان وابوو کە ماندێلا هەندێک ئەنگیزەی خراپی هەن کە ئەوان لێی تێنەدەگەیشتن. ماندێلا بە کاردانەوەی ئەوان کەیفخۆش دەبوو.


بەیانێکیان پێی گوتم، "دەزانی، سەرانسەری دوورگەی ڕۆبێن پڕە لە قەبر. کاتێک کە لە حەوشەکە بێستانەکەمم هەڵدەکەند، ئێسکم دەدیتنەوە. من ئەو ئێسکانەم هەڵدەگرتەوە، لەت لەتم دەکردن و لەبەر هەتاو دامدەنان تا وشک ببنەوە، بۆ ئەوەی کە پاشان بیانهاڕم و وەک کوود لە بێستانەکەمدا کەڵکی لێوەرگرم. ڕۆژێک فەرماندەی بەندیخانە، کە کابرایەکی زۆر ترسنۆک بوو، چاوی بە ئێسکەکان کەوت و بە یەکیک لە هەڤاڵەکانمی گوت، 'ئەو ئێسکانە چن؟ ماندێلا چییان لێدەکا؟' دەزانی، زۆر بە ترسەوە. هەڤاڵەکەم شانی هەڵاویشتن و گوتی نازانێ. دوایە هات بۆ لام و گوتی، 'ماندێلا، چ لەو ئێسکانە دەکەی؟' پیم گوت، ' من ئەوانە وەک کوود بەکار دێنم، وردیان دەکەم بۆ کوود.' فەرماندەکە بە گومان بوو. ' من گوتم، دەزانی، ئێسک زۆر دەمێکە وەک کوود ناسراوە و



سەرچاوە
Serchawe

کەڵکی لێوەردەگیرێت'. بەڵام فەرماندەکە ویدەچوو هەر باوەڕی نەکردبێ و گوتی، ' ماندێلا، لێرە بەدواوە بۆخۆمان لە شاری کوودت بۆ دەکڕین. تۆ تەنیا پێمان بڵێ چیت پێویستە و چەندەت پێویستە ئێمە بۆتی دابین دەکەین. بەڵام چیتر بەدوای ئێسکان دا عەرزی هەڵمەکۆڵە.' دواتر بۆم دەرکەوت ئەو لەوە دەترسا کە بە دەرهێنانی ئێسکی کۆن و ئیددیعای ئەوەی کە ئەمە هی ئەو زیندانییانەیە کە بە نهێنی لە دوورگەی ڕۆبێن نێژراون، خزمەتگوزاریی زیندان و دەوڵەت شەرمەزار بکەم."

ماندێلا لە نامەکانی دا بۆ وینی و ئەوانی دیکە دەستی کرد بە نووسین لە بارەی بێستانەکەی. ئەو وەها ئاماژەی بە دۆخی بەرهەمی بێستانەکەی دەکرد وەک ئەوەی کە منداڵەکانی بن. ئەو باسی وەرزەکان و گڵ و بەرهەمەکەی دەکرد. هەندێک کەس پێیان وا بوو کە ئەو بە ئێشارە قسە دەکا و مەبەستی شتی دیکەیە، بەڵام ئەو تەنیا باسی ئەو شتانەی دەکرد کە دڵیان خۆش دەکرد. لە کۆتایی حەفتاکان، کاتێک کە سەرکوت لە دوورگەکە کەمتر ببۆوە، ماندێلا لە بەرەهەمی بێستانەکەی بەشی پاسەوانەکانیشی دەدا تا بۆ بنەماڵەکانیانی ببەنەوە و ئیزنی پێدرا کە لەدەرەوەی حەوشەکە بێستانێکی تریش بەرهەم بهێنێ. زۆری پێ نەچوو کە پاسەوانەکان تۆوی چاندنیان بۆ دەهێنا و ئەویش بەرهەمی بێستانەکەی پێ دەدان.





سەرچاوە
Serchawe

لەو ماوەیەدا کە بەیەکەوە کارمان دەکرد، من بەسەفەر چووم بۆ کەیپ تاون بۆ ئەوەی کە چاوم بە دوورگەی ڕۆبێن بکەوێ. لە چاوپێکەوتنی دوای سەردانەکەم، بە ماندێلام گوت کە چووم بۆ دوورگەکە. یەکەم پرسیاری ئەوە نەبوو کە ئاخۆ من ژوورەکەی، یا بەردە قسڵەکان یا خۆڵ ڕیزی ژوورە تاکەکەسییەکانم بینیوە. پرسیارەکە ئەوە بوو، "بێستانەکەمیان پێ نیشان دای؟"

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پێیان نیشان نەدام. ئەو پاسەوانانەی کە گەشتیان لەگەڵدا کردم لە سەردەمی زیندانی بوونی ماندێلا لەوێ نەبوون. تەنانەت نەیاندەزانی کە بێستانی لێیە. من هەموو شتەکەی دیکەم سەیر کرد بەڵام بێستانەکە لەوێ نەمابوو. ماندێلا پێی ناخۆش بوو.

لە دوورگەی ڕۆبێن، شوێنێک کە دڵخۆشیی کەمی لێبوون، بێستانی ماندێلا ببووە دوورگەی تایبەتیی ماندێلا. ئەو دەبووە هۆی ئارامیی مێشکی ماندێلا. ئەو ماندێلای لە نیگەرانییە بەردەوامەکانی لە بارەی دوونیای دەرەوە، بنەماڵەکەی، و خەباتی ئازادیخوازانە دوور دەکردەوە. لە کاتێکدا کە ئەو هەموو شتە لەدەرەوە سیس دەبوون، بێستانەکەی گەشەی دەکرد. ماندێلا هەمیشە توانایی زۆری لە چڕکردنەوەی سەرنج دا هەبوو، و زیندانییەکانی دیکە دەیان دیت کە چۆن باغەوانیی هەموو سەرنجی ئەوی ڕاکێشاوە. ئەو تێیدا ون ببو. ئەحمەد کەترادا پیی گوتم، " ئەو ئاشقی بێستانەکەی بوو."

*****

لە ١٩٨٢، کاتێک کە ماندێلا بۆ پۆلسمور لە وشکانیی گوازرایەوە، ئەو لە بێستانوانیی دا جیددیتر بوو. ئەو و سێ کەس لە هەڤاڵەکانی هۆدەیەکی مەزنیان لە پلەی سێهەمی بەندیخانەکەدا پێدرابوو. لەوێ بوو کە ماندێلا بێستانێکی سەرنجڕاکێشی لە ٣٢ بۆشکە نەوت کە لە ناوقەدەوە بڕیبوویاننەوە و گڵیان تێکرابوو درووست کرد. ئەو تەماتە، پیواز، باینجان، تووی فەڕەنگی، ئەسپەناخ، کەلەم، بڕۆکۆلی، چەوەندەر، کاهو و گوڵەکەلەمی بەرهەم دەهێنا. ئەو هەموو ڕۆژێک دوای وەرزشی بەیانییان دوو کاتژمێر و دوای نیوەڕۆش بەهەمان شێوە لەسەر بێستانەکە کاری دەکرد. ئەوە چیتر سەرگەرمیی نەبوو. ئەوە کاتی حەسانەوەی مێشک بوو، کە لەوێ دەیتوانی شتێک بۆ سەلماندنی ژیان و داهێنان بکا.

ئەو ڕۆژێک بۆی گێڕامەوە، "ئەوکات گڵی زۆر باشم هەبوو. کە لەدەرووەی بەندیخانە ڕا بۆم دەهات و پەینی باشیشیان بۆ دەهێنام، ئای کە چەندە باش گەشەی دەکرد!" کاتێک ماندێلا باسی ئەو بێستانەی دەکرد گشت ڕوخساری دەدرەوشاوە.

ئەو وانەی بێستانکاریی خوێندن. ئەو داوای کتێب لە بارەی وەرزێریی و باغەوانیی کرد کە بۆخۆی پارەکەی دەدا. جارێکیان نیو کاتژمێر لەبارەی کوودە جیاوازەکانی کە کەڵکی لێوەردەگرتن قسەی بۆم کرد، بۆ وێنە باسی جیقنە کۆتری بۆ کردم، " زۆر ترسناک و بەهێزە. دەبێ زۆر وریا بی. بیهاڕە، لەپاڵ ئاوی بکە بۆ ئەوەی کە دڵنیا بی گەلێک ڕوونە." ئەو بە هەمان شێوە کە فەرمانی سیاسی دەدان بەهەمان شێوەش باسی کوودەکانی دەکرد.

ئەو لەوە دڵگران بوو کە نەیدەتوانی بادام زەمینی بەرهەم بێنێ. " دەبێ ئیعتراف بکەم کە زانیاریی من لەبارەی بەرهەمهێنانی بادام زەمینی زۆر باش نەبوو. ئەوان قەت گەشەیان نەکرد." بەڵام بە شانازییەوە وەبیری دێ کە چۆن فەرماندەی بەندیخانە جارێکیان لە پاسەوانەکان دوای ئەسپەناخی ماندێلای کردبوو، چونکە ئەوان هێندە بەرز بوون. " من زۆر شانازییم بەو بێستانەوە دەکرد. یەکشەممان سەوزی گشت چێشتخانەکەم دابین دەکرد، بەڵێ، گشت یەکشەممەیەک."

لە ١٩٨٥ بۆ نەشتەرگەریی پرۆستات بردیان بۆ کەیپ تاون، کاتێک کە گەڕاوە بردیانە پلەی یەکەم، لە هاوکارەکانیان جیا کردەوە. ئەوە کۆتایی بێستانەکە بوو، و ئەو چەند مانگ دواتریش بۆ ئەو مەسەلە تازیەبار بوو.

لە دونیایەکدا کە ئەو هیچ ژیانێکی تاکەکەسیی نەبوو و کەلوپەلێکی کەمی هەبوون، هەستی دەکرد کە بێستانەکە پارچەیەک زەوییە کە بەتەنیا هی خۆیەتی. لە جیهانێک دا کە نەیدەتوانی کۆنترۆڵی بکا، کە دژی بوو و سزای دەدا، کە دوژمنی بایخەکان و خەونەکانی بوو، ئەوێ شوێنێک بوو بۆ جوانیی، بەردەوامیی و نوێبوونەوە. ماندوو بوون پاداشی بەدواوە بوو. وەرزەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دەگۆڕدران، تۆوەکان دەبوونە ڕووەک، لاسکەکان بەرز دەبوون و پەلکەکان پان دەبوون.



سەرچاوە
Serchawe

لە بەرهەمهێنـانی بێسـتانەکەی، مانـدێلا بیرەوەرییەکـی خۆشەویسـتی سـەردەمی منـداڵیی زینـدوو دەکـردەوە. لە یادداشتەکانی بەندیخانە دا باسی چوون بـۆ ماکیزیوێنی، شوێنی مەزن، دوای مردنـی بـاوکی و دیتنـی بـاغی پاشا دەکا "لە داوێنی دوو داربنێشتان... داری خۆخ و گەنمە شامی لە پێش بێستانەکە ڕوابوون، و بـاغێکی گەورەتـر لە پشت دارسێوەکان، گەنمە شامی، بێستانێکی سەوزە و گوڵزارێک، و چەپەرێک." ئەو بە دیتنی باغەکە سەرسام بوو.

هەندێک جار کە بەیەکەوە قسەمان دەکرد ئەو کەڵکی لە دەستەواژەی بـاغەوانیی وەر دەگرت. ئەو دەیگوت، پیـاو وەک ڕووەک زیاد دەکەن. جارێکیان پێی گوتم هەر یەک لە ئێمە دەبوو بێستانی خۆمان بەرهەم بێنین، بەڵام ئەو ڕوونیشی دەکردەوە کە، بە پێچەوانەی ڕۆمانی ڤۆڵتەر 'کەندید'، مەبەستی ئەوە نییە کە ئێمە بـۆ ئەو کـارە دەبـێ خۆمان لە ژیان جیا بکەینەوە. بۆ ماندێلا، ژیان بۆ خزمەت کردن بە خەڵکی دیکە بوو، و بێستان تەنیا پشوویەک بوو لە ئاژاوە و گەردەلولەکانی جیهـان. بەو شێوەیە، ئەوە یـارمەتیی دەکرد تـا کـارە سەرەکییەکەی ئەنجـام بـدا. ئەوە شوێنێک بۆ پاشەکشە نەبوو بەڵکو شوێنێک بۆ نوێ بوونەوە بوو.

جارێکیان ساموئێل جانسۆن گوتی هیچ شتێک بە ئەنـدازەی جەختکردن لە سەر شتێکی خـۆش کە مێشکی مـرۆڤ بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکا بەڵام زەحتی زۆری ناخاتە سەر، مرۆڤ ناحەسێنێتەوە. بـۆ جانسـۆن ئەوە بەسـتەی ئەزمونی شیمی بوو، بۆ ماندێلا، بێستان. بۆ بـاقی ئێمە، لەوانەیە شتێکی بەتەواوی جیاواز بێ. مەسەلەی سـەرەکیی ئەوەیە کە هەمووومان شتێکمان پێویستە کە دوور لە جیهان، خۆشی و ڕەزامەندییمان پێ ببەخشێ، شوێنێکی جیاواز.

هەر وەک ماندێلا جارێک پێمی گوت، " تۆ دەبێ بێستانی خۆت ببینییەوە."



سەرچاوە
Serchawe

## دیاریی ماندێلا




بەڵێ، من بە قسەی ماندێلام کرد و لە ١٩٩٤ ژیانی هاوبەشم لەگەڵ ماری پێکهێنا. سێ ساڵ دواتر، لە ڕۆژی پێش کریسمەس، زەنگمان بۆ لێدا تا پێی بڵێین کە ماری دووگیانە. ئەو گەلێکی پێ خۆش بوو. بە هیوای پێکەنینی بووم بۆیە پێم گوت ئەگەر مناڵەکەمان کوڕ بێ، ناوی دەنێین ڕۆلیهلاهلا (خۆلیسلاسلا). ڕێژەیەکی کەم لە خەڵک دەزانن کە خۆلیسلاسلا ناوی بچوکی ڕاستەقینەی ماندێلایە. بە زمانی چۆسا بە مانای دارهەژێنە. یەکەم پیت وەک خ و دوو 'هلا' یەکان وک س بەڵام بەشێوەی کەسێکی پسک دەوترێن، وتنەکە لە نووسینەکەی دژوارترە. من قەت نەمبیستووە کەسێک بە ناوی بچووکی بانگی بکا و بۆخۆی قەت بەکاری ناهێنێ، و منیش مەبەستم تەنیا بۆ گاڵتە کردن بوو. بەڵام ئەو پێنەکەنی. بێدەنگییەک کەوتە نێوانمان. دەربڕینەکەم هەڵە بوو؟ پێی وابوو ئەوە بۆ ئامریکاییەکی سپی پێست شتێکی لوتبەرزانەیە کە بیهەوێ گاڵتە بە ناوێک بکا؟ دوای پشوویەکی کورت، ئەو گوتی پێیخۆشە لەگەڵ ماری قسە بکا. من تەلەفۆنەکەم پێدا و چرکەیەک دوای ئەوە گوتی هەلۆ، گوێم لێی بوو کە گوتی، " بێسەبرانە چاوڕوانی دیتنی ئێوە و خۆلیسلاسلا بچکۆلانەکە دەکەم!"

چەند مانگ دواتر، کاتێک کە ئێمە دوای لە دایکبوونی یەکەم کوڕمان لە نەخۆشخانە بووین، پەرستارێکی


مرچومۆن دەفتەری یادداشتەکانی بۆ هێناین و داوای لێکردین ناوی کوڕەکەمانی بۆ بنووسین. ئێمە چاومان لە یەکتر کرد و گفتوگۆی کریسمەسمان بیر هاتەوە، نا، ئێمە نەمان دەتوانی وەک یەکەم ناو بۆی دیاریی بکەین ... پاشان بە پیتی گەورە بە بڕوای پتەوەوە، نووسیم گابریەل ڕۆلیسلاسلا ستێنگڵ.

کوڕەکانم هێشتا لاون، بەڵام هەردووکیان چەند جارێک چاویان بە هاوناوی خۆیان کەوتووە. کوڕە لاوترەکەمان، ئانتۆن، خۆی داوای ناوی نێونجی ماندێلای کردووە، و ئێمە پێمان گوتووە کە مادیبایە، کە ناوی خێڵەکیی ماندێلایە و زۆر کەس لە هەڤاڵەکانی بەو ناوە بانگی دەکەن. ئەوان بەتەواوی دەزانن ماندێلا کێیە، چ بیروباوەڕێکی هەیە و چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی ئەوان هەبووە؟ ئەوان ئەو شتانە نازانن، بۆ ئەوان، پیاوێکی بە بزەی، سەر سپی پیرە کە لە باوشیان دەگرێ، دەستیان دەگرێ و لێیان دەپرسێ کام وەرزشیان پێ خۆشە و وەک ژەمی بەیانیی چیان خواردووە. بەڵام ڕۆژێک بۆیان دەر دەکەوێ. ئەوان دەزانن کێیە، چ دەستکەوتێکی هەبووە و کە ئەو بەشێکە لەو شتەی کە ئێمە وەک بنەماڵە کۆ دەکاتەوە. ئەوان پێدەزانن کە داوێکی زێڕینی تایبەتیی هەیە کە ئەوان بە ئەو قارەمانە، کەسایەتییە مێژووییە و ئەو بایخانەی کە ئەو خەباتی بۆ کردن، پەیوەست دەکا. من بە دڵ هیوادارم کە ئەمە ئەوان بکاتە مرۆڤی باشتر و ئەوە دیارییەکە کە بە شێوەیەک دەبێ بیدەنەوە.

کاتێک کە بیر لە میراتی ماندێلا بۆ کوڕەکانم دەکەمەوە، بیر لەو باسەی نێوان ماندێلا و یەکەم کوڕی دەکەمەوە کە جارێکیان لە باوکی پرسی بۆچی قەت شەوێک لەگەڵ بنەماڵەکەی نابات سەر. ماندێلا وەڵامی دایەوە کە لەبەر ئەوەی کە بە میلیۆنان منداڵی دیکە پێویستیان پێیەتی. ئەگەرچی ئەو جوابە دژوار و ڕەق دەهاتە گوێ، بەڵام ئەوە لێکدانەوەی ساکار و دڵتەزێنی ماندێلا بوو. شتێکی کە ماندێلا لە قوربانیی کردنی خۆیدا دەیدیت، ئەوە بوو کە ڕۆژێک دایک و باوکەکان پێویست نەکا هەمان شت بە کوڕ و کچەکانی خۆیان بڵێن، بۆ ئەوەی کە کوڕەکەی نەتەوەیەکی ئازادی بۆ بە میرات بەجێ بمێنێ کە پێویست نەکا بۆ ئازادییەک خەبات بکا کە مافی ڕەوای خۆیەتی. بە شێوەیەکی گشتیتر، ماندێلا دەیهەوێ پەیوەندییەک هەبێ لە نێوان ژیانی ئەو، بایخەکانی، دەستکەوتەکانی و گشت ئەو کەسانەی کە لەدوای ئەو لە دایک دەبن. ئەگەرچی ئەو نایابە بەڵام ئەو پێت دەڵێ کە بەشێکە لە زنجیەرەیەک ڕێبەر، لە نێوان ئەوانی کە پێش ئێمە هاتوون و ئەوانی کە دوای ئێمە دێن، زنجیرەیەکی مەزن و بەهێز لەو کەسانە کە بۆ بەرفراوان کردنی ئازادی مرۆڤ خەبات دەکەن.

لە پەیوەندیی لەگەڵ ماندێلا، ئەو لە سەردەمی لاوەتییەوە خۆی لە شێوەی جیاجیای ڕێبەرییدا پێگەیاند. لەو

پاشایەی کە بەخێوی کرد، فێری گرنگیی گوێگرتن و ڕێنوێنی کردن لەجیات ئەمر کردن بوو. ئەو لەپەنای پاشا دانیشت و گوێی لە بەسەرهاتی سەرۆکە مێژووییەکانی چۆسا گرت کە بۆ گەلی خۆیان جەنگان، و خۆی وەک میراتگری نەریتی قارەمانانی ئەفریقایی سەیر دەکرد. لە مامۆستاکانی ئینگلیزی لە قوتابخانە، ئەو فێری گرنگیی خوێندن، شانازیی و دیسیپلین بوو. کاتێک کە لە فۆرت هێر بوو، گوێی لە وتارە ورووژێنەرەکانی چرچیل لەسەردەمی شەڕ ڕاگرت و دیتی کە چۆن ڕێبەرێک دەتوانێ ئیلهامدەری نەتەوەیەک بێ. لە والتێر سیسولو، یەکەم ڕێنوێنیکەری لە ژوهانسبورگ، فێر بوو چۆن لە خەبات و ئامانجەکانیدا پراگماتیست و واقیعبین بێ. لە شەریکی دەفتەری پارێزەریی و هەڤاڵەکەی، ئۆلیڤەر تامبۆ، فێر بوو بەسەر هەستەکانی خۆیدا زاڵ بێ، بەسەبر بێ و کاردانەوەکانی خێرا نەبن. لە سەفەرێکی دا بۆ دەرەوەی ئەفریقای باشوور، پێش ئەوەی کە بۆ دەیان ساڵ بکەوێتە بەندیخانەوە، وتەی سەرۆک کۆماری زەئیر، جولیۆس نەیرەرە لەسەری کاریگەر بوو کاتێک کە خۆی وەک پیاوی گەل، بە خانوویەکی ساکار و ئوتۆمبیلێکی بچووکەوە، ناساند. لە ئادیس ئابابا، شکۆمەندیی پاشایەتیی هایلە سلاسی بە یونیفۆرمە سەرنجڕاکێشەکانییەوە بۆی سەرسوڕ هێنەر بوو. لە دوورگەی ڕۆبێن، ئەو لە زۆر بوارەوە بووە مامۆستای خۆی، بەڵام لە دۆستی هەمیشەیی خۆی سیسولو ( زیندانییەکانی تر سیسولویان وەک ئەڵڵا بانگ دەکرد، چونکە ئەو زۆر ئاقڵ بوو)، فێر بوو چۆن بۆچوونی ئەوانی دیکە لەبەر چاو بگرێ، لەگەڵ دژبەرەکانی ئاشت ببێتەوە و هاودەنگیی درووست بکا.



تەنانەت دوای هاتنە دەر لە بەندیخانە و بوون بە یەکەم سەرۆک کۆماری بە دێموکراتیک هەڵبژێراوی ئەفریقای باشوور، درێژەی بە فێر بوون لە ڕێبەرانی دیکە دا. ئەو بۆی گێڕامەوە کە چەندە شانازیی بەوەوە کردووە کە جۆرج بوشی باوک لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی دا ئەوی وەک یەکێک لە ڕێبەرانی جیهان حیساب کردووە و بە

پێزانینەوە سەیری سەخاوەتمەندییەکەی دەکرد. گەرمیی و وزە و لاوەتیی بیل کلینتۆن کاریگەرییەکی زۆری تیکردبوو و شێوەیەک لە ڕێبەریی نافەرمیی، لەبەراورد لەگەڵ خۆی، لەودا بەدی دەکرد کە زۆر کاریگەر بوو. لە تۆنی بلەیر دا دەیدیت کە چەندە گرینگە کە ڕێبەرێک بتوانێ فکرەکان و سیاسەتەکانی بۆ خەڵک شی بکاتەوە، تەنانەت کاتێک کە دەنگدەرەکان لەگەڵی هاوڕا نەبن.

زنجیرەی ڕێبەریی بۆ ماندێلا گرینگە لەبەر چەمکی ئوبونتو، ئەوەی کە خۆرئاواییەکان پێی دەڵێن برایەتیی. بیرۆکەیەک کە من لە بڕگەی چوارەم دا باسم کرد، بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ماندێلا چۆن بیر دەکاتەوە و خۆی چۆن دەبینێ یەکلاکەرەوەیە. وشەکە لە پەندێکی پێشینیانی زولوو ڕا دێ، ئومونتو نگومونتو نگوبونتو، کە زۆر جار وەرگێڕانەکەی بەو شێوەیە، " کەسێک بەهۆی خەڵکەوە دەبێتە کەس." مەبەست ئەوەیە کە ئێمە هیچ شتێک بەتەواوەتیی بە تەنیا ناگەیەنینە ئاکام، چەمکێک کە زۆر لەگەڵ بیرۆکەی تاکگەرایی کە دوای ڕێنێسانسەوە بۆتە پێناسەی خۆرئاوا جیاوازە. ئوبونتو خەڵک کەمتر وەک تاک دەبینێ و زۆرتر وەک بەشێک لە تۆڕێکی لەڕاددەبەدەر ئاڵۆزی تاکەکان. ئەوە بیرۆکەی پەیوەندیی گشت ئێمەیە بەیەکەوە، کە من هەمیشە دەکەوێتە ژێر ئێمە، کە هیچ مرۆڤێک دوورگە نییە.

هەندێک جار ماندێلا باسی نەوەکانی دەکا و من دەڵێم، " بەڵام فڵان و فڵان، مناڵی مناڵەکانی تۆ نین." ئەو زەردەخەنەیەک دەکا و سەری دەلەقینێ و دەڵێ، " لە کولتوری ئێمەدا، مناڵی خزمەکانمان گشتیان نەوەی ئێمەن." ماندێلا شەجەرەنامەی دەقاودەقی خۆرئاوایی پێ سەیر بوو، لە ڕوانگەی ئەوەوە ئێمە هەموو لقی یەک بنەماڵەین. ئەوە ئوبونتویە.

ئەگەرچی ڕەنگبێ گشت ئێمە پەیوەندییەکمان بە ماندێلاوە هەبێ، بەڵام ئەو بە تەنیایە و تاقانەیە، دووبارە لە دایکبووی شتێک کە لە ئێمە مەزنترە، نوێنگەی باشترینەکانی مرۆڤ. ئەزموونەکانی هەم تاکیین و هەم گەردوونیی. ئەو دەمانهەژێنێ چونکە نموونەی تۆخی قارەمانە، پیاوێک لە شوێنێکی نەناسیاوەوە سەری هەڵدا، خەباتێکی گەلێک مەزنی دەست پێکرد، گەلێک تاقیکاری و تراژێدیای دیتن و نزیک بوو بدۆڕێ، بەڵام پاشان سەری هەڵدایەوە و گەیشتە هارمۆنی. ئەوە هەمان نموونەیە کە ئێمە لە بودا، موسا، موحەممەد و عیسادا دەیان بینین. ژیانی ماندێلا هەمان بەرزایی و دەنگدانەوەی ئەوتۆی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

هەر وەک کەسایەتیی مەزنی دیکە، ماندێلا جۆرێک هەستی متمانە پێکردن بە مرۆڤ دەبەخشێ. متمانە بنەمای ڕێبەریی کردنە. ئێمە متمانە بەوە دەکەین کە ڕێبەرێک ڕاستگۆیە، بە توانایە، و دەزانێ بەرەو کوێ دەچێ. بەڵام متمانە کاردانەوەی قووڵتریشی هەیە. ئێمە متمانە بە ڕێبەر دەکەین کە هەمان کەس بێ کە خۆی بانگەشەی بۆ دەکا، کەسایەتیی فەرمیی و تاکەکەسیی ئەو یەکن. لە پەیوەندیی لەگەڵ نێلسۆن ماندێلا، ئەو هەمان مرۆڤە کە گریمانەی بۆ دەکرێ. ئەو بایخانەی کە بە فەرمیی بانگەشەیان بۆ دەکا، وەک تاکیش بە گوێرەی هەمان بایخ هەڵسوکەوت دەکا. لە هەموو ئەو کاتەی کە بەیەکەوە بووین، ئەو قەت نەهاتە پێش کە بڵێ، " باشە، قسەی خۆمان بێ، فڵان و فڵان کەس مرۆڤێکی قێزەونن." ئەو زۆر شتی دژ بە یەک لەخۆ دەگرێ، بەڵام زۆر بە دەگمەن دووڕوویە.

بێگومان ئەوە بەو مانایە نییە کە نائومێدت نەکا، یا تەنانەت هەندێک جار بەرچاوتەنگ نەبێ. ئەو هەندێک جار بەرەوڕووی شت نابێتەوە و بەڵێنییەکانی ناباتە سەر. ئەو دەزانێ کە جیددیەت و دڵفراوانی بایخی گشتیین، بەڵام ناچارەن تاکەکەسیی نین. ئەو ئیشتیای مرۆیی هەن و ناشیان شارێتەوە، ئەگەرچی ئەو هەموو شتێک دەکا تا سەرکوتیان بکا. ئەو مەزنە چونکە بەسەر کەمایەسییەکانی خۆی دا زاڵ بووە، نەوەک لەبەر ئەوەی کە کەمایەسی نەبن.

جارێکیان لێم پرسی ئاخۆ لەو هەموو پێهەڵدا گوتنەی پاش هاتنە دەر لە بەندیخانە سەری سوڕ نەما، وێنەکەی بەسەر میلیۆنان پۆستێر و تی شێرتەوەیە. بە گاڵتە پێم گوت کە بە زیندوویی بۆتە کەسێکی ئەفسانەیی.

ئەو هەڵبەزییەوە و گوتی،" نـــــا، من پێم وایە ئەوە باش نییە کە خەڵک وا بیر بکەنەوە کە تۆ وەک مەسیح وای. ئەگەر وا بیر بکەنەوە، تەنیا بێهیوا دەبن. دەبێ بزانن کە ڕێبەرەکانیان لە گۆشت و خوێن پێکهاتوون، کە ئەوانیش مرۆڤن. من داوا دەکەم کە بەو شێوەیە بیر لەمن بکەنەوە. ئەگەر ئەوان پێیان وابێ تۆ ڕزگاریدەریانی، چاوەڕوانییەکانیان گەلێک زۆر دەبن. با ئەوان بیر بکەنەوە کە تۆ کەسێکی قارەمانی، باشە، بەڵام با وەک کەسێکی ئەفسانەیی سەیرت نەکەن."

جیهان تەنیا ماندێلای لە ڕاددەبەدەر ستایش نەکردووە. ئەوی خاوەن هەستتر کردووە، وەک بابا نۆئێلێکی ڕەشی



سەرچاوە
Serchawe

لێکردووە، خاس پیرەپیاوێک کە قوربانیی لە بڕوا بەدەری بۆ مەسەلەیەکی ڕەوشتیی داوە، سەمبولی بە بزەی چاکەی بێخەوش. بەڵام قارەمان بێ یا نا، ئەو فریشتەیە. ئەو بڕیاری زۆر زۆر دژواری لە ماوەی ژیانی خۆیدا داون، بڕیاری وەها کە ڕەنگبێ هەڵە یا نادادپەروەرانە بووبن، بڕیاری وەها کە دڵی خەڵکی هێشاندووە و بریندار کردوون، تەنانەت بە نرخی گیانی ئەوان تەواو بووە. ئەو دەزانێ کە ڕێبەریی کردن زۆر جار بە مانای هەڵبژاردن لەنێوان دوو بژاردەی خراپ دایە و کە پیاوی باش ناچارن بڕیاری وەها بدەن کە کاردانەوە خراپی دەبێ.

لە هەمان کاتدا، بڕیاری دژوار پێویست ناکا بە مانای پێشێل کردنی یەکەم پرەنسیپەکان بن. وەک بۆخۆی دەڵێ، تۆ دەبێ ئامانجەکە بەو شێوەیە وێنا بکەی کە هەوڵی بۆ دەدەی. ئەو هەندێک جار وتەی گاندی دەگێڕێتەوە،" ببە بەو گۆڕانکارییە کە هەوڵی بۆ دەدەی." ماندێلا تەحەمولی هەموو شتێکی دەکرد جگە لە کەمتەحەمولی. ئەو قەت بۆ کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن، هەڵناوێرێ. ئامانجێکی جوانمێرانە بە ئامرازی بێشەرمانە وەدەست نایە. هی کرداریی، بەڵێ، هی ئەخلاقیی، نەخێر.



ئەوە هەر ئەو هۆ کردارییە، جگە لە خاکەڕایی، بوو کە ماندێلا نەیویست وەک ڕزگاریدەر سەیر بکرێ. ئەو شێوە ئاخافتنە مەحەکەکە زۆر بەرز ڕادەگرێ. لە کۆتاییدا، ئەو نەیدەویست بەڵێنی لە ڕاددەبەدەر بدا و نەتوانێ جێبەجێیان بکا، ئەوە بۆ سیاسەتوانێک وەک مردن وایە، جا چ بگا بە مەسیحایەک.

کەوابوو، لێم پرسی، جیاوازیی نێوان ئەفسانە و قارەمان چییە؟ " ئاە، دەزانی، ڕێژەی ئەفسانەکان زۆر کەمە.

مرۆڤی ئەفسانەیی زۆر دەگمەنن، شتێک کە نەدیتراون. بەڵام بەهەزاران قارەمان لە ئەفریقای باشوور هەن. قارەمان کەسێکە کە بڕوای بە شتێکە، کە نەترسە، کە ژیانی خۆی لەمەترسیی داوێ بۆ چاکەی کۆمەڵگاکەی." ماندێلا دەزانێ کە قارەمان بووە، تەنانەت قارەمانیش لە سەر شانی ئەوانی دیکە دەوێستێ. هەزاران ژن و پیاوی دیکە گیانی خۆیان لەمەترسی هاویشت تا ئەویش هی خۆی لە مەترسی باوێ، هەزاران پیاو و ژن کە بوێرییەکەیان نەناسراو و لەبیر کراوە ڕێگایان بە ئەو دا تا هی خۆی نیشان بدا.

بوێریی ڕیشەی لێرە و لە ئێستادایە. ماندێلا لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە ماتریالیستە. ئەو بەرامبەر بە هەر شتێک کە نەکرێ دەستی لێبدەی بێ متمانەیە و لەبەر ئەو هۆیە ئەو لەمێژساڵە کە لە ئاماژە کردن یا بەستراوەیی بە هێزێکی غەیبی خۆی بواردووە. ئەو متمانەی بە هەڤاڵەکانی دەکرد، نەوەک بە خواوەندێکی دوورەدەست. ئەو نزای نەدەکرد، ئەو بیری دەکردەوە و ئاکاری دەنواند. بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن هەموو شتێک هۆیەکی هەیە، ئەو پێیان دەڵێ ئێمە هۆیەکەین و ئێمە ئەو کەسانەین کە دەبینە هۆی بە ئاکام گەیشتنی شتەکان. هیچ چارەنووسێکی لە پێشدا دیاریکراو کۆتایی ئێمە دیاریی ناکا، ئێمە بۆخۆمان درووستی دەکەین.

*****

ئەوە بۆ ڕێبەران بۆتە شتێکی کلێشەیی کە بڵێن لە هیچ شتێک پەشیمان نین. ئەوە دانپێدانانێکی دژوارە چونکە پەشیمانی نیشانەی لاوازییە. ماندێلا لە زۆر شتان پەشیمانە. لە پەیوەندیی لەگەڵ شتی مەزن، ئەو پێی وایە کە ڕێبازێکی دروستی هەڵبژارد، بەڵام ئەو دەزانێ کە لە درێژایی ڕێگا دا زۆر قۆرتی هەڵەی کردوونەوە. ئەو لەوە دڵگرانە کە بۆ هەندێک ڕێگای تاقی نەکردنەوە، ئەوەی کە ئاخۆ فیدا کردنی ژیانی تاکەکەسیی، ئەوەی دەهێنا. لە کۆتایی دا دەڵێ بەڵێ، بەڵام یارمەتی سارێژ بوونەوەی برینەکەی ناکا.

دوای کوژرانی کریس هانی، لەگەڵ ماندێلا چووم بۆ ماڵی هانی، لەوێ چاوی بە بێوەژنی هانی کەوت. دوای ئەوەی کە بە جوێ قسەی لەگەڵ کرد، وتارێکی پێشکەشی نزیکەی بیست کەس کرد کە لەوێ بوون. هاوەردییەکەی لەگەڵ خانمی هانی زۆر ئاشکرا بوو. ماندێلا گوتی، " ئەو ژنێکی زۆر بەهێزە، بەڵام برینەکانی لەبەر چاوان ونن. برینی نادیار زۆر بەژانن، تەنانەت لەو برینانەی کە بەچاو دەبینرێن گەلێک بەژانترن." بۆ من ئاشکرا بوو کە ئەو باسی برینەکانی خۆیشی دەکرد.



سەرچاوە
Serchawe

ئێمە دوایین وتووێژی فەرمیی خۆمان لە کۆتایی حەوتوویەک لە ماڵی خۆی لە هۆوتن کرد. من هەمیشە هەوڵم دەدا وای لێبکەم کە زۆرتر شاعیرانە و فیلسوفانە بدوێ، و ئەو هەمیشە خۆی لێ دەبوارد. لەو دوایین ڕۆژە دا، هەوڵم دا وای لێبکەم کە کەمێک زۆرتر لە دەروونی خۆی بدوێ، و وەک هەمیشە، ئەو وەڵامێکی کرداریی، سیاسی بە پرسیارەکانم داوە. بەڵام بەرەو کۆتایی، دوای ئەو هەموو هەوڵانەی من، پشوویەکی کورتی دا، لە پەنجەرە ڕا ڕوانییە دەرەوە و گوتی، "مرۆڤ دێن و دەڕۆن، من هاتم و کاتێک کە نۆرەم هات دەڕۆم." تەنانەت جوانبێژییەکەشی خاکەڕاییانەیە.

کاتێک وەختمان تەواو بوو، ئەو هەستا و هات بۆلام تا تۆقەم لەگەڵ بکا. دەمزانی بۆ ماوەیەکی نادیار نایبینمەوە، و گەیشتبووینە کۆتایی سەفەرێکی گەلێک دۆستانە بەیەکەوە، کەوابوو من ئامێزم لێدا. ماندێلا کەسێک نییە کە لە بواری فیزیکییەوە هەستی خۆی نیشان بدا، بەڵام دوای ماوەیەکی گەلێک کورت، ئەو ئامێزی لێدام و بەخۆیەوە گوشیم. لەو چرکەساتە دا، خۆم بۆ ڕانەگیرا و بە توندی باوەشم پێدا کرد. من هەستم کرد پشتەسەرمان وێک کەوت باسکی ئەوم لە سەر پشتی خۆم هەست پێکرد. دەمزانی هەست بە هەستی دەروونم دەکا و بە دژواریی خۆم ڕاگرت کە فرمێسکم نەیەنە خوار. تەنانەت لە حەفتاو و پێنج ساڵییدا ئەو باوەڕبەخۆ و بەهێز وێستابوو. لەو ساتەوەختەدا، تەنیا توانیم بیر لە وتەی ئێدی دانیەلس، زیندانییە دوو میترییەکەی دوورگەی ڕۆبێن، بکەمەوە کە گوتی کاتێک کە بەتەواوی بێهیوا دەبووم، ئەگەر تەنیا چاوم لە ماندێلا کردبا، دەستم لێدابا، لە ئامێزم گرتبا، بۆ دڵدانەوەم، بۆ زیندوو بوونەوەم بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بە ژیان دڵخۆش بم بەس بوو. من بیرم لە سەدان و تەنانەت هەزاران پیاو کردەوە کە بە دەیان ساڵ، پیاو کە لە ژێر هەلومەرجێکی گەلێک دژوار دابوون، پیاوی خاوەن ترس و بێهیوا، پیاو کە بەرەوڕووی ژان و تەنانەت مەرگ دەبوونەوە کە بۆ دڵنەوایی و توانا چنگیان لێدابوو. ئەو لەوە تێدەگەیشت بۆیە لێم گەڕا تا بەخۆمییەوە بگوشم.

دوای تاوێکی باش ئەو گوتی بەسە، کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی پێبێنین، و من کشامەوە و سەیرم کرد کە بە ئارامی لە پلیکانەکان سەرکەوت.

من لەو ساڵانەی دوای کار کردنمان بەیەکەوە زۆر جار چاوم بە ماندێلا کەوتووە، بەڵام درۆ دەکەم ئەگەر بڵێم هەمان نزیکییم دووبارە لەگەڵ بەش کردووە یا ئەوەی کە حەزم بۆی نەخواستووە. ئەوەی ڕاستی بێ، منیش وەک یەکێک لەو سەدان مرۆڤانە بووم کە لە دژوارترین هەلومەرجەکاندا لەگەڵی ژیابوون، بەڵام دوای هاتنە دەر لە



سەرچاوە
Serchawe

زیندان، ئەو پەیوەندییە نزیکەیان لە کیس چووبو. لەگەڵ دەرزەنێک لە زیندانییەکان قسەم کرد و تەنیا شتێک کە بۆم دەرکەوت ئەوە بوو، تەنیا شتێکی بەندیخانە کە ئاواتیان بۆی دەخواست ئەو نزیکییە بوو، پەیوەندیی ڕۆژانە و بەهێز لە گەڵ زیندانی ژمارە ٤٦٦٦٤. منیش وەرەزیم دەکرد. بەڵام دەمزانی، هەر وەک ئەو پیاوانە، کە دووبارە نابێتەوە، کە بەرهەمی کات و شوێنێکی تایبەتیی بوو. و سەرەڕای ئەوە، هێزی ئەو پەیوەندییە کەم نەدەبۆوە. هەر کام لە ئێمە بەشیکی بچووکی ماندێلا لە دەروونمان دا ڕادەگرین.

بەشێوەیەکی سەیر، لە کار کردن لەگەڵ ژیاننامەی ماندێلا، من ئەو و فکرەکانیم لەگەڵ دەروونم تێکەڵ کردبوون. زۆر جار لە خۆمم دەپرسی، "ئەگەر نێلسۆن ماندێلا با چی دەکرد؟" ئەوە ڕاهێنانێکی زۆر بەهێز بوو. لانی کەم لەو کاتانەدا، هەمیشە منی دکردە کەسێکی باشتر، لەسەرخۆتر، ئاقڵتر، بەخشندەتر. پێم خۆشە بتوانم بڵێم کە ئەو ئاڵوگۆڕانە لەگەڵمدا مانەوە، زۆرجاران وا نەبوو. بەڵام نموونەی ماندێلا لەگەڵمدا مایەوە، بەهەمان شێوە هیوادارم لەگەڵ ئێوەشدا بمێنێتەوە. ئەگەر چی هەلومەرجی ئەو بۆ ئێمە گەلێک نامۆیە، نموونەکەی شتێک بە ئێمە دەبەخشێ کە پێیان وەفادار بین، هەندێک پرەنسیپ و بایخ کە ڕێنوێنمان دەبن لە کاتی دژوار دا.

ڕۆژێک، پێش ئەوەی من و ماری ژیانی هاوبەش پێکبێنین، ماندێلا بە ماری گوت،"من دوعای بەخێرت بۆ دەکەم چونکە ریچارد کوڕی منە."من زۆرم پێ خۆش بوو کە گوتی من وەک یەکێک لە کوڕەکانی ئەوم، و من زۆرم خۆش دەوێ، بەڵام ئەوەش دەزانم کە من بە میلیۆنان برا و خوشکم هەن.


سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر


---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەڕی ٢٧١٩ی کوردی - جوولای ٢٠١٩ی زایینی**

---


Mandela's
Way
Lessons on Life
RICHARD STENGEL






سەرچاوە
Serchawe